# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود - باوان عومەر - زریان محەمەد



2015

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر

وەرگێڕانی:
کۆمەڵێك نوسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

ئامادەکردنی: کۆمەڵێك نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال
دیزاین: هەرێم عوسمان - ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 47 )

# ڤۆڵتێر
# فەیلەسوفی شۆڕشی فەڕەنسی

**لە ئینگلیزییەوە: شاسوار کەمال**

سەرەتا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە رۆشنگەری رۆڵێکی گەورەی لەسەر شۆڕشی فەڕەنسی هەبووە. رۆشنگەری یاخود چاخی عەقڵانیەت لەسەدەی هەژدەدا رووویداوە، کە بریتی بووە لە قۆناغێکی نوێی بیرکردنەوە. کرۆکی سەرەکی چاخی عەقڵانیەت (رۆشنگەری) بریتی بوو لەوەی کە خەڵکی بیر لەخۆیان بکەنەوە، هەربۆیە دەستەواژەی هۆو ئەنجام (Cause and Effect) وابەستەی ئەو سەردەمەیە.

لەناو ژمارەیەکی زۆر لە فەیلەسوفەکانی ئەوسەردەمە، ڤۆلتێر( 1694-1778)، بە یەکێك لە بیریارە مەزنەکانی سەردەمی رۆشنگەری دادەنرێت. کاتێك ناوی ئەو فەیلەسوفە دێت، راستەوخۆ ناوێکی تر دیتە بیرمان ئەویش (Candide= رۆمانێکی تەنزئامێزە) کە بەیەکێك لە سەرکەوتوترین کتێبەکانی جیهان دادەنرێت و ئەوە نیشان دەدات، کە ڤۆلتێر نوسەرێکی رۆشنگەر بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ڤۆلتێر پۆلێن دەکرێت وەك: مێژوونوس، وتارنوس، شانۆنوس، چیرۆکخوان، شاعیر.

هەموو نوسینەکانی ڤۆلتێر کارکردنە لەسەر رەتکردنەوەی: دەسەڵاتی رەها، دڵرەقی مرۆڤ، جیاکاری، جەنگ...و چەندان بابەتی دیکە.سەرەڕای ناوەڕۆکی نوسینەکانی بەکارهێنانی (زمانی هەجوو=ساتیر) لەلایەن ڤۆلتێرەوە بەیەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئەو فەیلەسوفە دادەنرێت، کە بەهۆیەوە توانی سەرنجی خەڵکی بۆلای خۆی رابکێشێت.

نوسینەکانی ڤۆلتێر مایەی سەرئێشە بوون بۆی، هەربۆیە چەندین جار

زیندانی کراوەو توشی ئازارو چەرمەسەری بووە. ئەو لە ڕەخنەی لە پادشا و کڵێسا دەگرت هاوکات دڵنیاش بوو کە دەرئەنجامی کارەکانی چی دەبێت. ئێمە وای دەبینین کە دەبوو ئەو کارانەی نەکردایە، بەڵام ئێستا دەزانین کارو ئازایەتیەکانی ئەو چ عەقڵانییەتێکیان بەخشیوەتە شۆڕی فەڕەنسی، هەروەها چۆن ئازایەتی ئەو کاریگەری و هێزی بەخشی بە شۆڕشەکە.

لایەنێکی دیکە کە لەرێگایەوە ڤۆلتێر هاوکارو یارمەتیدەر بووە، بۆ شۆڕشی فەڕەنسی بریتیە لە زاڵکردنی کولتوری فەڕەنسی، ئەمەش ڕێگای خۆشکرد بۆ زاڵبوونی کولتوری فەڕەنسی بەسەر ئەورووپادا.

ڤۆلتێر پێی وابوو: لۆجیك، بیرکردنەوەی ستاندارد و ڕێکخراو دەکرێت جێ بەجێ بکرێن بەسەر تەواوی بوارەکان و چالاکییەکانی مرۆڤدا لە ناویشیاندا کاروباری حکومی. ئەم تێگەیشتنە هانی بەرپرسانی زۆربەی بوارەکانی داوە هزر و بیرۆکەکانیان بەکاربهێنن بەئامانجی پێشکەوتنی بوارەکانیان، تەنانەت دوای ئەزمونێکی درێژ لە نارەحەتی.

وەك هەریەك لە فەیلەسوفانی پێش خۆی ڤۆلتێر کاریگەربووە، بە ژمارەیەك فەیلەسوفی پێشتر. ئەو کاریگەر بووە بە نیوتن و لۆك. ڤۆلتێر حەزی لەو تیۆرانە نەبووە کە پشتڕاستنەکراونەتەوە بە ئەزمون و تێبینی کردن، هەربۆیە بۆخۆی تیۆری دادەنا. هاوشێوەی مۆنتیسکۆ، ڤۆلتێر سەرسام بووە بە دامەزراوەکانی بەریتانیا، هەروەها سەرسام بووە بە یاسای لێبوردنی بەریتانی ( The Act of Tolerance) ساڵی 1689 و نەبوونی چاودێریکردن لە بەریتانیا.

ڤۆلتێر ئاماژەی بەوە داوە کە بەریتانیا سودی لە فرەیی وەرگرتووە، بەبۆچوونی ئەو ئەگەر بەریتانیا خاوەنی یەك ئاین بوایە ئەوا هەر بە ستەمکاری دەمایەوە، هەروەها ئەگەر بەریتانیا خاوەنی دوو ئاین بوایە ئەوا ئەو دوو ئاینە دەستیان دەخستە بینە قاقای یەکتری، بەڵام بەهۆی بوونی زیاتر لە 30 ئاین بەریتانیا بۆتە وڵاتی خۆشی و لەخۆشیدا دەژیت هەروەك چۆن روحی یۆنان بەخۆشی ژیاوە.

هەروەها ڤۆلتێر دژی هەموو شێوەکانی کۆیلایەتی بووەو هیواخواز بووە دەسەڵاتداران حوکمی خەڵك بکەن بەشێوەیەکی تۆلێرانس و بەرژەوەندی خەڵك بخەنە سەروو بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیانەوە. ئەو قەناعەتی وابووە کە زەحمەتە مرۆڤایەتی بگاتە یۆتۆپیا (Utopia)، هەربۆیە مرۆڤایەتی دەتوانێت جیهان بکاتە شوێنێکی باشتر لەرێگای: خوێندن، گۆڕینی نەزانی و خورافە بە زانیاری، عەقڵ، هاوسۆزی، تۆلێرانس.

ڤۆلتێر بەشێکی زۆر ژیانی لە ئینگلتەرا بەسەربردووە و لەوێ گەورە بووە، بۆیە بۆچوونی جیاوازی هەبوو دەربارەی شۆڕشی فەڕەنسی، لەگەڵ ئەوەی ڤۆلتێر تامەزرۆی رووداوی شۆڕشی فەڕەنسی بوو، بەڵام حەزی لە سیستەمی پادشایەتی بوو بۆ حوکمکردن کەلەلای زۆربەی خەڵکی فەڕەنسا قابیلی قبوڵکردن نەبوو. ئەو پێی وابوو بەبێ بوونی پادشا وڵات لەبەریەك هەڵدەوەشێتەوە. ئەم تێگەیشتنەی ڤۆلتێر دەگەڕێتەوە، بۆ کاریگەری ئەو ماوەیەی کەلە ئینگلتەرا ژیاوە، لەگەڵ ئەمەشدا ڤۆلتێر حەزی بە لەناوچوونی دەسەڵاتی کڵێسا کردووە و لەوبارەیەوە زۆر پشتیوانی لە شۆڕشی فەڕەنسی کردووە و پێی وابووە بەسەرهەڵدانی شۆڕش، کڵێسا دەسەڵات لە دەست دەدات و خەڵکیش باجی کەمتر دەدەن بە دەوڵەت و خەڵك بەشێوەیەکی یەکسان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. ئامانجی سەرەکی ڤۆلتێر لە پشتیوانیکردنی شۆڕش بریتی بوو لەوەی خەڵکی بەشێوەیەکی یەکسان و دادپەروەر مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

ڤۆلتێری فەیلەسوف لە خێزانێکی دەوڵەمەند لە دایکبووە. دەوڵەمەندبوون هەر لەسەرەتای ژیانەوە ئەو هەلەی نەدا بە ڤۆلتێر بەوەی بزانێت هەژاری چیە. ئەو چونکە دەوڵەمەند بوو کێشەی باجدان بەلایەوە کێشەیەکی سەرەکی نەبوو، بۆیە تێڕوانینی هەژاران و ڤۆلتێر دەربارەی شۆڕش جیاوازی بوو: ڤۆلتێر عەوداڵی یەکسانی و دادگەری بوو، هەژارانیش تامەزرۆی باجدانی کەمتربوون.

هەروەها لەبەر ئەوەی ڤۆلتێر وەك نوسەر و فەیلەسوف ناسراو بوو و سەر

بەچینی پیاوانی ئاینی و نۆبڵەکان نەبوو (ئەوانەی سەروەتێکی زۆریان هەبوو و باجێکی کەمیان دەدا)، خەڵك ڤۆلتێریان خۆش دەویست و پشتیوانیان لە نوسین و کارو هەڵوێستەکانی دەکرد. تەنها هەڵوێستی ڤۆلتێر کەبەلای خەڵکەوە قابیلی قبوڵکردن نەبوو بەباشزانینی سیستەمی پادشایەتی بوو لەلایەن ئەوەوە.

ڤۆلتێر داوای سەربەخۆی مرۆڤ و تاکایەتی مرۆڤی دەکرد. ئەو پێی وابوو مرۆڤەکان بەیەکسانی لەدایك دەبن و پێویستە بەیەکسانی و ئازادانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. سەبارەت بە سیستەمی حوکمکردنیش ئەو سیستەمی پادشایەتی بەلاوە پەسەند بوو هەروەك لە پێشتردا ئاماژەمان پێداوە، فەڕەنسیەکان ئەمەیان قبوڵ نەبوو، چونکە بۆ لەناوچوونی ئەو سیستەمە شۆڕشیان دەست پێکرد بوو.

نەیاری سەرەکی ڤۆلتێر (شا لویسی چواردە) بوو، چونکە پەرلەمان و پیاوەکانی دادپەروەر و یەکسانیخواز نەبوون. شا لویس و پیاوەکانی خۆپەرست بوون و پارە دەبەنگی کردبوون، هەروەها باجێکی زۆریان لەخەڵکی وەردەگرت.

شا لویس خەریکی تێرکردنی حەزە شەخسیەکانی خۆی بوو، لەو پێناوەشدا پارەیەکی زۆری خەرج دەکرد و لەڕێگای باجەوە ئەو پارەو خەرجیانەی بۆ دەگەڕایەوە، لەبەر ئەوە ڤۆلتێر زۆر دژی شا لویس بوو. شۆڕشی فەڕەنسی کۆتایی بە دەسەڵاتی شا هێناو بەتۆمەتی خیانەتکردن کوژرا.

نەیارێکی دیکەی ڤۆلتێرە کڵێسا بوو، ئەو زۆر رقی لەدەسەڵاتی کڵێسا دەبۆوە، لەگەڵ زۆر فەیلەسوفی دیکە گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی، کە دەبێت کڵێسا بڕوات، چونکە پیاوانی ئاینی بەناوی ئاینەوە دەسەڵاتێکی زۆریان هەبوو، سەروەت و سامانێکی زۆریشیان پێکەوە نابوو. لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە ڤۆلتێر کەسێکی بێ باوەڕ نەبووە و چەندین جار باوەڕداری خۆی راگەیاندبوو.

لەسەر ئاستی شەخسیش ڤۆلتێر نەیاری فەیلەسوف رۆسۆ بووە. رۆسۆ پێی وابوو کۆمەڵگا پێویستی بە (گرێبەست)ێك هەیە کە هەمووان پەیڕەوی بکەن، هەوەها رۆسۆ بڕوای بە یاسای سروشتی هەبوو بەو مانایەی کە خەڵك بە سروشتی خۆیان بوونەوەرێکی باشن و لەلایەن کۆمەڵگای مۆدێرنەوە وێرانکراون. ئەم تێگەیشتنە بەلای ڤۆلتێرەوە قبوڵکراو نەبوو، بۆیە بەشێوەکی گاڵتەجاڕو تەنزئامێز هێرشی دەکردە سەر رۆسۆ.

**هەندێك لە بۆچوونەکانی ڤۆلتێر:**

- مرۆڤ ئازادە لەوکاتەوەی کە بیەوێت ئازاد بێت.
- قەڵەم هەڵگرتن بەواتای ئەوەی تۆ لەجەنگدایت.
- خودایە دیاری ژیانمان پێ ببەخشە، ئیدی پەیوەندی بەخۆمانەوە دەبێت کە ئێمەش دیاری (باش ژیان) بەخۆمان ببەخشین.

**پەراوێز:**

Candide، رۆمانێکی تەنزئامێزی فەیلەسوف ڤۆلتێرە، کە لە رێگایەوە رەخنە دەگرێت لە: دەسەڵات، سەروەت، خۆشەویستی، فەلسەفە، ئاین، پەروەردە، هەروەها گەشبینی. Candide ناوی کارەکتەری سەرەکی رۆمانەکەیە.

سەرچاوەکان:


1- http://www.fsmitha.com/h3/h29-phil2.htm

2- https://jspivey.wikispaces.com/Voltaire›s+Influence+on+French+Revolution+SP

3- http://www.sd71.bc.ca/sd71/school/Lazo/lazo/Student%20Work/revolu/Voltaire.htm

4- http://www.brainyquote.com/quotes/authors/v/voltaire.html

5- http://en.wikipedia.org/wiki/Candide

6- http://www.shmoop.com/candide/

# سەبارەت بە چاک و خراپ لە جیهانی مۆڕالی و فیزیکیدا

لە ئەڵمانییەوە: پێشەوا فەتاح

لێرەدا لە بـەردەم یەکێک لە سەختترین و گرنگترین پرسیاردا وەستاوین. ئەم پرسیارە سەرتاپای ژیانی مرۆڤایەتی لە خۆی دەگرێت. زۆر گرنگتر ئەوەیە دەرمانێک لەدژی خراپەمان بدۆزینەوە، بەڵام دەرمانێک بوونی نییە، ناچارین لە رەچەڵەکەکەی بکۆڵینەوە. سەبارەت بەو رەچەڵەکە لە سەردەمی ((زاراۆسترەوە)) و بە روخسار بێت بەر لەویش دەمەقاڵی کراوە.

بۆ روونکردنەوەی ئەو تێکەڵ و پێکەڵیەی چاک و خراپ، دوو جەوهەری بنەڕەتیان بە مێشکدا هات، ئۆرۆمازێس، داهێنەری تیشک، و ئاریمانێس، داهێنەری زوڵمەت؛ هەروەها قوتوەکانی پاندۆرا، هەردوو بەرمیلەکەی زۆیس، قەپەسێوە قەدەغەکەی حەواو، هەروەها چەند سیستەمێکی دی لەو جۆرە. (بایلێ) ی بەناوبانگ، یەکەم زانای ژیربێژیمان، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا یەکێک نەبووە، لە فەیلەسوفە هەرە مەزنەکانمان بەشی خۆی خستۆتە بەر تیشک، کە دەبێت بۆ مەسیحیەکان، کە تەنها یەک خواو لەڕاستیدا یەک خوای چاک و یەکسان دەپەرستن، چەند سەخت بێت، تاکو بتوانن دژهوتەکانی مانیچیەکان رەتبکەنەوە، کە دوو خوداوەندیان قبوڵکردووە، یەکێ باش و یەکێ خراپ.

سیستەمی مانیچیەکان، ئەگەرچی چەندە کۆنیش بێت، بە پێی جەوهەرەکەی لە هیچ شتێکدا ژیرانەتر نییە. دەبێت بیردۆزی ماتماتیکیان داهێنابێت، تاکو زاتی ئەم رستەیە بکەن: ((دوو بونەوەری هەرەباڵای پێویست هەن، هەردووک ناکۆتاو لە دەسەڵاتدا ئەمیان وەک ئەوەی تریان، کە لەگەڵ یەکدا جەنگیون و دواجار لەوەدا پێک هاتوون، کە بەسەر ئەم ئەستێرە بچکۆلانەیەدا یەکیان گەنجینەی چاکەو ئەوی تریان قوڵایی خراپە دابڕێژنە خوار))

لەڕێی ئەو هیپۆتێزەوە بێهودە لەدوای شیکردنەوەی هۆکاری چاک و خراپ دەگەڕێن. ئەو ئامانجە پتر ئەفسانەی پرۆمۆتۆیس پێی دەگات، هەر هیپۆتێزێک کە لەوەدا کۆمەکمان دەکات، سەبارەت بە شتێک بدوێین، کە ناچێتەوە سەر چەند پرینسیپێکی بنەڕەتی دیاریکراو، شایستەی سەرزەنشتە.

خۆ ئاشکراکردنی خودا ((دوابەشی ئینجیل)) ی لێدەرچێت، کە بەدوایدا مرۆڤ دەبێت باوەڕ بە هەموو شتێک بێنێت، مامۆستا مەسیحیەکان بنچینەی چاک و خراپ باشتر روون ناکەنەوە، وەک لە شوێنکەوتوانی زاراۆستەر.

کە لەگەڵ دەڵێن، خودا باوکێکی ناسکە، فەرمانڕەوایەکی یەکسانە، کە لەگەڵ دەیانەوێت ئەو خۆشەویستی و چاکییە لەگەڵ ئەو عەدالەتە بە خۆیان ئاشنایەی کە بەپێی پێوەری ئینسانە، لەگەڵ گوزارەی ((ناکۆتایی)) پەیوەست بکەن، دەکەونە قێزەونترین ناکۆکییەوە. ئەو فەرمانڕەوایە بەو هەموو پڕیەی لە یەکسانی، بە پێوەری تێگەیشتنەکانی ئێمە، ئەو باوکە پڕ لە ناسکییە ناکۆتایە بۆ منداڵەکانی، ئەو بونەوەرە بەدەسەڵاتە ناکۆتاییە چۆن دەیتوانی مەخلوقگەلێک لەسەر وێنەی خۆی بانگ بکاتە ناو ((بوون)) هوە، بۆئەوەی لەحزەیەک دواتر لەڕێی بوونەوەرێکی خراپەکارەوە بخرێنە ناو داوی فریودانەوە، بۆئەوەی ملکەچی ئەو مەیلەیان بکات، بۆ ئەوەی ئەگەرچی خۆی بە نەمری دروستی کردوون، بیان مرێنێت، بۆ ئەوەی دواجار نەوەکانیان لە دەردەسەری و تاواندا نقوم بکەن؟

ئێمە لێرەدا باس لە ناکۆکییەکی دی ناکەین، کە بۆ مێشکە لاوازەکانمان نیگەرانکەرترە. خوایەک، کە دواتر رەگەزی مرۆڤ لەڕێی مەرگی تاقە رۆڵەکەیەوە پاک دەکاتەوە، یاخود پتر لەوە، خۆی دەبێتە مرۆڤ و لەپێناوی مرۆڤەکاندا دەمرێت، چۆن دەتوانێت، من دەڵێم، چۆن دەتوانێت، رێک ئەو ڕەگەزی مرۆڤە، کە خۆی لەپێناویدا مردووە، وەختە بڵێم بەبێ جیاوازی هەریەکەیان بخاتە بەر سامناکی ئەو ئازارە ئەبەدیانەوە؟ بێشک ئێمە تەنها لە گۆشەی نیگایەکی فەلسەفیەوە لەو سیستەمە دەڕوانین (بەبێ کۆمەکی باوەڕ)، بەو جۆرە ناتوانیت شتێکی قێزەونتر و دزێوتر وێنا بکەیت. ئەوە یاخود خوا دەکات بە خودی خراپەو لەڕاستیدا بە

خراپەیەکی ناکۆتا، کە بونەوەری خاوەن فکری دروست کردووە، تاکو بۆ هەتا هەتایە نابەختەوەریان بکات، یان بە خودی بێهۆشی و گەوجی، کە نە توانیویەتی پێشبینی بەدبەختی بونەوەرەکانی خۆی بکات، نە توانیویشیەتی لەو بەدبەختییە بیانپارێزێت، بەڵام ئێمە لێرەدا سەروکارمان لەگەڵ بەدبەختیەکی ناکۆتادا نییە، بەڵکو تەنها لەگەڵ چاک و خراپدا. یەک مامۆستای ئەو هەموو کەنیسانە، کە سەرجەمیان لەسەر ئەو خاڵە لەگەڵ یەکدا لە شەڕدان، نەیانتوانیوە هەتا ئێستا دین بەیەک تاقە کەسی ژیر بسەلمێنێت.

مرۆڤ تێناگات، (بایلێ)، کە زانیویەتی چەکەکانی دیالێکتیک و ژیربێژی هێند لێهاتوانە بەکاربهێنێت، چۆن تەنها بەوە رازی بوو، لێگەڕێت مانیچییەک، کالڤینیستێک، مۆلینیستێک و سۆسینیانیەک ئەرگومێنت بخەنەروو (لە بایلدا تێبینی بابەتەکانی مانیچیەکان، مارسیۆنیستەکان و پاولیسیانەرەکان بکە) بۆچی لێناگەڕێت کەسێکی ژیر بدوێت؟ بۆچی بایل خودی خۆی قسە ناکات؟ ئەگەر خۆی قسەی بکردایە، قسەکانی لەسەر ئەوەی کە ئێمە ئێستە هەوڵ دەدەین مشتومڕی بکەین، زۆر تەواوتر دەبوون.

باوکێک کە منداڵەکانی خۆی دەکوژێت، دێوەرەیە. پادشایەک کە ژێر دەستەکانی خۆی دەخاتە داوەوە، تاکو بەهانەیەکی هەبێت، سزایان بدات، ستەمکارێکە جێی نەفرەتە، ئەگەر ئێوە لە خوادا مەرجی هەمان چاکیتان هەبێت، کەلە باوکەکانتان دەوێت، ئەگەر لە خوادا مەرجی هەمان عەدالەتدان هەیە، کە لە پادشاکانتان دەوێت، ئەوا هەر رێگایەک بۆ سەلماندنی چاکی خواکەتان بونبەستە، هەروەها ئەگەر ژیری و چاکی ناکۆتای دەدەنێ، ئاوا ئێوە تەنها دەیکەنە بوغزاویەکی ناکۆتا. ئێوە ئەو مرۆڤە وا لێ دەکەن بڵێت خۆزگە خودا نەبایە. ئێوە چەک دەخەنە دەستی ئەو کەسانەوە کە حاشا لە بوونی خودا دەکەن، ئەو حاشاکەرانەش هەردەم لەسەر حەق دەبن، کە پێتان بڵێن: ((باشترە هیچ خودایەک قبوڵ نەکەیت، وەک لەوەی هەڵسوکەوتێکی لەو شێوەیەی بەسەردا بێنیت هەڵسوکەوتێک، کە ئەگەر لە مرۆڤەکاندا بوایە، ئەوا ئێوە سزاتان دەدان.))

کەوا بێ با بەر لە هەرشت کۆی بکەینەوە: بەجێ نییە، ئاوەڵناوی مرۆڤی بە خوداوە بلکێنین، بەجێ نییە، خودا لەسەر وێنەی خۆمان دروست بکەین. عەدالەتی مرۆیی، چاکەی مرۆیی، ژیری مرۆیی، گواستنەوەی ئەو هەمووە بۆ سەر ئەو ئەستەمە. ئەگەرچی مرۆڤ بتوانێت پانتاییەکی ناکۆتا بەو کوالێتی و سیفاتانە ببەخشێت، هەمیشە هەر سیفاتی مرۆیی دەمێننەوە، کە ئێمە تەشەنەیان پێدەدەین. ئەوە لەوە جوداتر نییە، کە وەک ئەوەی ئێمە بمانەوێت چڕییەکی ناکۆتا، بزێویەکی ناکۆتا، خڕییەکی ناکۆتا، کەرتبوویەکی ناکۆتا بە خوداوە بلکێنین. ئەو ئاوەڵناوانە تەنانەت بۆ ئەویش نەشیاون.

فەلسەفە فێرمان دەکات، کە ئەم دنیایە دەبێت ئەساسەکەی لە بوونەوەرێکی ئەبەدییەوە پێگەیشتبێت، کە دروستبووی سروشتی خۆیەتی و جێی حاڵی بوون نییە، بەڵام وەک وتم، سروشت زانیاریمان سەبارەت بە ئاوەڵناوەکانی ئەو سروشتە ناداتێ. دەزانین کە چی نییە، بەڵام نازانین چییە.

بۆ خودا چاک و خراپ بوونی نییە، نە فیزیکی نە مۆراڵی.

خراپەی فیزیکی چییە؟ سەرگەورەی هەرە خراپەکان بە شێوازێکی حاشاهەڵنەگرانە مەرگە. ئێمە ئێستە دەمانەوێت بزانین، ئاخۆ دەشێت مرۆڤ نەمر بوایە.

ئەگەر جەستەیەک، وەک ئەوەی ئێمە، ناکۆتا و ناڕاگوزەر بێت، ئەوا بۆی نەدەبوو لە بەش بەش پێک هاتبێت. بۆی نەدەبوو لە دایکبووبێت، بۆی نەدەبوو بخوات، بۆی نەدەبوو توانای گەورەبوون و گۆڕانکاری هەبێت. لەو هەموو پرسیارانە بپشکنن، کە هەر خوێنەرێک دەتوانێت سەربەخۆ فراوانیان بکات و ئیدی مرۆڤ ئێستێک دەکات، کە ئەو رستەیە، گوایە مرۆڤ دەتوانێت نەمر بێت، ناکۆکییەکی تێدایە .

ئەگەر جەستە ئۆرگانییەکەی ئێمە نەمر بایە، ئەوا ئەوەی ئاژەڵەکانیش نەمر دەبوو، بەڵام ئێستە ئەوە لەبەر تیشکدایە، کە ئیدی تۆپی زەوی بەو زووانە هێندەی بوونەوەر دەبوو، کە چیتر نەیدەتوانی خواردنیان بداتێ. ئەو بوونەوەرە نەمرانە، کە

لەڕێی نوێبوونەوە بەهۆی خۆراکەوە بەردەوامییان بەژیان دەدا، بەهۆی کەموکوڕی کەرەسەوە لەناو دەچوون. ئەمانە هەمووی شانەیەکن لە ناکۆکی. پتریش سەبارەت بەمە دەوترێت: هەر خوێنەرێک، کە دروست بیردەکاتەوە، دەبینێت، کە مەرگ بۆ هەموو لەدایکبوویەک شتێکی فەرمانییە، کە مەرگ نە دەشێت هەڵەیەکی ئیلاهی، نە خراپە، نە نایەکسانی، نە داوێنپیسی مرۆڤ بێت.

کە لەدایکبووە بۆ ئەوەی بمرێت، مرۆڤ چەند دەتوانێت لە ئازار هەڵبێت، هەر ئەوەندەش دەتوانێت لە مەرگ هەڵبێت، ئەگەر مادەیەکی ئۆرگانی بە بەهرەی هەستەوە هەرگیز هەست بە ئازار نەکات، ئەوا سەرەتا دەبێت هەموو یاساکانی سروشت خۆیان بگۆڕن: ئەوا دەبێت مادەکە چیتر توانای کەرتبوونی نەبێت، دەبێت نە سەنگ نە جوڵە نە هێز چیتر بوونیان نەمێنێت، ئەوا دەبێت گاشەبەردێک بەسەر ئاژەڵێکدا بکەوێت، بێ ئەوەی بیفلیقێنێت، دەبێت نە لەڕێی ئاوەوە بخنکێت، نە لەڕێی ئاگرەوە بسوتێت. مرۆڤێک کە بۆ ئازار هەستی نییە، گوزارەیەکی هێندەی ((مرۆڤێکی نەمر)) ناکۆکە.

هەستی ئازار پێویست بووە، بۆ ئەوەی یاسای خۆهێشتنەوەمان توندتر بکەین و هەستی هێندە ئاسودەبەخش بۆ خۆمان بخوڵقێنین، هێندەی ئەو یاسا گشتیانە ڕێ دەدەن، کە هەموو شتێک ملکەچیانە.

ئەگەر هەستمان بە ئازار نەکردبا، ئەوا هەموو لەحزەیەکمان بەهەدەر دەدا، بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەین. بەبێ سەرەتای ئازار، ڕێکخستنی ژیانمان نەدەکرد، بەکەسی دیمان رانەدەگەیاند، خۆشی و چێژمان نەدەناسی. برسییەتی ئازارێکی دەستپێکەرە، کە وامان لێدەکات، خۆراک بخۆین، بێزاری ئازارێکە، کە زۆرمان لێدەکات خۆمان سەرقاڵ بکەین،خۆشەویستی پێویستییەکە، کە دەبێت بە ئازاربەخش، ئەگەر ئاسودەی نەکەین. بەکورتی، هەموو خواستێک پێویستییەکە، ئازارێکی دەستپێکەرە. کەوابێ ئـازار یەکەم بزوێنەری هەموو ئەتەکییەتە ئاژەڵیەکانە. هەموو ئاژەڵێکی بەهرەداری بە هەست مەرجە ملکەچی ئازار بێت، ئەگەر مادەکەی توانای کەرتبوونی هەبێت. بەوپێیە ئازار هێندەی مەرگ پێویستە.

کەوابێ نە دەکرێت سەهووی پێشبینیەک، نە دەکرێت خراپە، نە دەشکرێت سزایەک بێت، ئەگەر ئێمە تەنها بماندیایە ئاژەڵەکان دەناڵێنن، ئەوا سکاڵامان لە سروشت نەدەکرد، ئەگەر خۆمان بێ هەست و نەست بووینایە، گەواهی مەرگی لەسەرخۆ و ئازاراوی ئەو کۆترانە دەبووین، کە واشە بەسەریاندا دادەبارن، بۆ ئەوەی لەپێناوی ئاسودەیی خۆیاندا هەناویان داپچڕێنن، جگە لەوەی کە خۆمان دەیکەین، هیچی دی نەکەین، ئالەویادا بە مێشکماندا نایەت، لەسەر ئەوە مرقەو بۆڵەمان لێوە بێت، بەڵام بە چ هەقێک دەبێت جەستەی ئێمە شتێکی لە پێش ئاژەڵەکانەوە هەبێت و نەکرێت وەک ئەوان بپچڕێنرێن؟ تەنها لەبەرئەوەی لەزەیندا بەسەر ئەواندا زاڵین؟ بەڵام ئایا لێرەدا زەین چی پەیوەندی بە مادەی کەرتبووەوە هەیە؟ ئایا دەکرێت یان مەرجە کەم تا زۆر چەند گوزارەیەکی ناو مێشک رێ لەوە بگرن، کە ئاگر بمانسوتێنێت، یاخود گاشەبەردێك بمانفلیقێنێت؟

خراپەی مۆراڵی، کە هێندەی لەسەر نوسراوە، لە بنەڕەتدا لەگەڵ خراپەی فیزیکیدا هەرەس دێنێت. خراپەی مۆراڵی هیچی تر نییە، جگە لە هەستێکی ئـازاراوی، کە بوونەوەرێکی ئۆرگانی بە بوونەوەرێکی ئۆرگانی تری دەدات. روتکردنەوە، جنێو و هتد. تەنها کاتێک وەک خراپە حیسابە، ئەگەر بێتە هۆکاری دەرئەنجامی خراپەیەکی لەوجۆرە، بەڵام بەوەدا کە ئێمە بێشک نامانەوێت شتی خراپ بخەینە پاڵ خوا، ئەوا عەقڵ روون وەک رۆژی روناک نیشانمان دەدات (باوەڕی لێدەرچێت، باوەڕ شتێکی تەواو جیاوازە)، کە پەیوەستە بە بوونەوەری باڵاوە ناشێت خراپەی مۆراڵی بوونی هەبێت.

بەوەدا کە سەرگەورەی خراپەی فیزیکی مەرگە، ئەوا سەرگەورەی خراپەی مۆراڵی جەنگە. جەنگ هەموو تاوانەکان بەدوای خۆیدا کێش دەکات، بێ حورمەتی و بوختان لە راگەیاندنی جەنگەکاندا، شکاندنی پەیمان لە رێکەوتنەکاندا، تاڵانی و وێرانکاری، ئازار و مەرگ لە هەموو شکڵەکانیدا.

ئەوە هەمووی خراپەی فیزیکین بۆ مرۆڤەکان، بەڵام پەیوەست بە خوداوە هێندەی ئەوە خراپەی مۆراڵین، وەک توڕەیی ئەو سەگانەی، کە لەناو خۆیاندا

یەکدی بەر قەپ دەدەن. ئەوە چەندە هەڵەیە، هێندەش ناچیزییەکی لاوازە، کە بڵێیت، تەنها مرۆڤ دەستیان ناوەتە بینی یەکەوە. گورگ، سەگ، پشیلە، کەڵەشێر، سوێسکە هتد. لە ناو خۆیاندان، لەناو توخمی خۆیاندا لە جەنگدان جاڵجۆڵەکە هەن یەکدی دەخـۆن، وەختە لەناو هەموو ئاژەڵەکاندا نێرینەکان لەسەر خاوەندارێتی مێینەیەک لەیەک بدەن. ئەم جەنگە دەرئەنجامی یاساکانی سروشتە، دەرئەنجامی ئەو رێکخستنانەن، کە لە خوێندان، هەموو شتێک لەگەڵ یەکدا لە پەیوەندیدایە، هەموو شتێک پێویستە.

سروشت، ئەگەر ئەمە لەوەی دیدا حیساب بکەیتەوە، نزیکەی 22 ساڵی تەمەن بە مرۆڤ بەخشیوە، ئەمە واتای: لە 1000 منداڵدا، کە لە یەک مانگدا لەدایک دەبن، هەندێک لە ناو بێشکەدا دەمرن، هەندێکی دی هەتا 30 ساڵی دەژین، هەندێکی هەتا 50 ساڵی، هەندێکی دی 80 ساڵ، بە شێوازێک ئەگەر مرۆڤ معەدەلەکی حیساب بکات، ئەوا بۆ هەر یەکێک نزیکەی 22 ساڵ ئەنجامەکەیەتی.

ئیدی خوا چی بەسەر ئەوەوەیە، ئاخۆ مرۆڤ لە جەنگدا یاخود بە تا یەک دەمرێت؟ جەنگ خەڵکی کەمتر رادەدات وەک لە لووەکان. دەردی جەنگ راگـوزەرە، بەڵام دەردی لووەکان سەروەرێکی لەبننەچووی سەرتاپای زەوییە دەردەکانیش بە شێوەیەک یەکیان گرتووە، کە ژمارەی معەدەلی 22 ساڵی ژیان دەشێ بە گشتی بۆ هەمیشە بخوات.

ئێوە دەڵێن، مرۆڤ خودا ناشرین دەکات، بەوەدا کە کەسێ داهاتووی خۆی دەکوژێت. ئەگەر وابێت، ئەوا فەرمانڕەوای نەتەوەکان قێزەونترین تاوانکارن، چونکە ئەوان بۆ بەرژەوەندی ناچیز، بۆ ویست و خواستی پڕو پوچ، کە هەق بوو کۆڵی لێبدەن، چەندین هاوتوخمی خۆیان رەوانەی سەربڕین دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ناوی خوا دەهێنن. چۆن تەنها لەڕێی ئەوەوە (ئەگەر فەیلەسوفانە قسە بکەین) خودا ناشرین دەکرێت؟ هەروەک پڵنگ و تیمساحەکان ناشیرینی دەکەن؟ هەڵبەت ئەوە خوا نییە، کە ئەوان ئازاری دەدەن، بەڵکو کەسی داهاتوو، کەسی هەرە نزیکیانە. تەنها بەرامبەر بە مرۆڤ، مرۆڤ دەتوانێت تاوانبار بێت.

جەردەیەکی سەر جادە ناتوانێت دزی لە خوا بکات. بوونەوەری ئەبەدی چی لەوەدا دەبینێتەوە، ئاخۆ مشتێک کانزای زەرد لە دەستی ((هیێرۆنیموس)) یاخود ((بۆناڤێنتورا)) یە. ئێمە خاوەنی خواستی پێویست، بەجۆشی پێویست، یاسای پێویستین، تاکو دەمکوتیان بکەین و لەکاتێکدا لە شارەمێرولەکەماندا لەسەر دەنکە گەنمێک دان لەیەک تیژ دەکەینەوە، کەون رەوتی خۆی دەڕوات، لەسەر یاسای ئەبەدی و نەگۆڕ، کە ئەو ئەتۆمەش ملکەچییەتی، کە ئێمە بە زەوی ناوی دەبەین.

سەرچاوە:

http://de.wikisource.org

# ڤۆڵتێر نوسەر و فەیلەسوفی فەڕەنسی (1694-1778)

له فارسییەوە: ئارام مەحمود

(فرانسوا ماری ئاروئه) دواتر ناوی خۆی بۆ (ڤۆلتێر Votaire) گۆڕی. ساڵی ١٦٩٤ له پاریس لەدایکبووه. خوێندنی له خوێندنگەی (لوی گەوره) تەواو کردووه و ماوەیەک لای داوەرێک کاری کردوه.

ساڵی ١٧١٥ کۆمەڵه هۆنراوەیەکی دژی (فیلیپی دووەم) له بنەماڵەی (ئورلئان) نوسی و بەو هۆیەوه لەفەرەنسا دورخرایەوه. دوای ماوەیەک لێبوردنی بۆ دەرچووw، بەڵام دوباره تۆمەتبار کرایەوەو ناردیان بۆ گرتوخانەی باستیل.

فرانسوا له منداڵیدا گیانێکی سەرکێش له ناخیدا دیار بوو، به پێچەوانەی ویستی باوکی، بوو به نوسەرو ناوی «ڤۆلتێر»ی بۆخۆی هەڵبژاردو ساڵی ١٧١٨ یەکەم تراژیدیای خۆی بڵاوکردەوەو دوای ماوەیەک خەڵاتی ئاکادیمیای فەرەنسای پێبەخشرا.

ساڵی ١٧٢٦ڤۆلتێر به ناچاری فەرەنسای بەرەو بەریتانیا جێهێشت، لەوێ چەند شاعرێکی ئینگلیزی ناسی و چەند وتارێکی به ئینگلیزی بڵاوکردەوه.

ساڵی ١٧٢٩ دوای وەرگرتنی رەزامەندی گەڕایەوه، بۆ فەرەنساو لەو ساڵەدا تراژیدیای «بروتوس»ی نوسی.

ساڵی ١٧٣٠ڤۆلتێر کۆمەڵه نوسینێکی بەناوی «کۆمەڵێک نوسین لەبارەی نەتەوەی ئینگلیز» بڵاوکردەوه، کاریگەری بەرچاوی لەسەر هاوڵاتیانی فەرەنسا دروستکرد.

ساڵی ١٧٤٨شانۆیی «سەمیرامیس»ی بەمەبەستی ڕکابەری «کره بیون» نوسی.

ساڵی ١٧٦٢ کۆمەڵیک روداو رویان دا که ڤۆلتێریان وروژاند و دژی کڵێساو

حکومەتی ئەو کاتە وەستایەوە. ڤۆلتێر بە بەرگری کردنی لەو بێتاوانانەی لەلایەن کڵێساو حکومەتەوە ئەشکەنجە دەدران یان دەکوژران، کارێکی کرد ویژدانی ئەوروپاییەکانی وەخەبەرهێنا.

ئـەو بە بـڵاوکـردنـەوەی نامە فەلسەفیەکانی، رەخـنـەی لەسەرجەم دامەزراوەکانی حکومەت و کڵێسا گرت و تاوانەکانی ئەوانی ئاشکرا کرد. هێرشی کردە سەر مەسیحیەتی دەمارگیرو کارە قێزەونەکانی ئاشکرا کردن و دژی ستەمکاران وەستایەوە.

ساڵی ١٧٧٦رەخنەی لەبەرهەمەکانی شکسپیر گرت.

لە کۆتاییدا ڤۆلتێر ڕێکەوتی ١٧٧٨/٥/١٠ لەتەمەنی ٨٥ ساڵیدا چاوەکانی بۆ هەمیشە داخست.

**تیۆرەکانی ڤۆلتێر**

- سیاسی: ئەو نە لەگەڵ حکومەتی پادشایەتی، نەلەگەڵ حکومەتی کۆماریە، بەڵکو خوازیاری رژێمێکی دەستوریە.

-مەزهەبی: دژی مەزهەبە دروستکراوەکان و لایەنگری مەزهەبە سروشتیەکانە، واتە باوەڕی سادە بەخوای تاک و ئافرێنەر.

-رەوشتی: بەبۆچونی ڤۆلتێر، خوا و سروشت بنەمای ژیانن و ژیانی بێ خوا هیچ سودێکی نییە، لەمبارەیەوە ڤۆلتێر دەڵێت: «ئەگەر خوا بونی نەبێت، پێویستە دروستی بکەین.»

ڤۆلتێر پێیوایە نەمری و پەیوەندی جەستەو روح لە تێگەیشتنی مرۆڤەکان بەدەرە.

**نامەکانی ڤۆلتێر**

دوای بومەلەرزەکانی «لیسبۆن» ڤۆلتێر توشی رەشبینی بوو، لەسەر بابەتی ویستی خوا کەوتە گفتوگۆ و روبەڕوو بونەوە، لەگەڵ «رۆسۆ». نامەی «هۆنراوەکان لەبارەی روداوی لیسبۆن»ەوە پەیوەندی بە ئەو بومەلەرزەیەوە هەیە.

«رەوشت و ورەی نەتەوەکان» یەکێکیترە لە نامەکانی ئەو، کە تاوان و شەڕو دەمارگیری و ئەو ستەمانەی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا هەبوون، وێنا دەکات. ئەو لە بەرهەمەکەیدا بەناوی «نامەیەک لەبارەی دەمارگیریەوە» دژی دەمارگیری بەرگری لە مرۆڤایەتی دەکات، باوەڕە ئازادیخوازانەکان پەرەپێدەدات.

**شێوازی ڤۆلتێر**

ڤۆلتێر شێوازی کلاسیکی پەسەند دەکرد و «راسین»ی وەک مۆدێلی خۆی هەڵبژاردبوو. شێوازی نوسینی ئەو بەشێوەیەکە هیچ واژەیەک زیادە نییە، بەهۆی ئەم تایبەتمەندیەیەوەیە کە ئەو بە نوسەرێکی کلاسیک دادەنرێت.

**•ئەدەبیات**

ڤۆلتێر لەساڵانی سەرەتای تەمەنیەوە لە هۆنینەوەی هۆنراوەدا دەرکەوت، بەشێوەیەک کە دیوانی هۆنراوەکانی بە یەکەم بڵاوکراوەکان هەژمار دەکرێت.

زۆربەی بەرهەمەکانی ئاویتەیەکن لەو نامانەی کە بەشێوەیەکی مشتومڕاوی نوسراون. «کاندید» هێرش دەکاتە سەر خۆشبینی مەزهەبی و فەلسەفی. «مرۆڤ بە چل سکەوە» ڕێگە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی سەردەمی خۆی نمایش دەکەن، لە ژمارەیەکی تر لە نوسینەکانیدا گاڵتە بە کتێبی پیرۆز دەکات.

بەرهەمەکانی ڤۆلتێر بە تایبەتی نامە تایبەتیەکانی بەبەردەوامی واژەی «رسوایی»ان لە خۆ گرتووە «رسوایی بخەنە ژیرپێتان»، هەرچەندە ئەمە بەشێوەیەکی هەڵە لێکدراوەتەوە.

گەورەترین بەرهەمی فەلسەفی ڤۆلتێر «واژەنامە فەلسەفیەکان»ە، کە پێکدێت لە وتار و بابەتی کورت و فراوان. لەو نوسینانەدا رەخنەی توند لە دامەزراوە سیاسیەکانی فەرەنساو دوژمنە تایبەتیەکانی ڤۆلتێر و کتێبی پیرۆز و کڵێسای کاسۆلیکی رۆم گیراوە.

**دائیزم**

ڤۆلتێر وەک زۆرێک لە کەسایەتیە گرنگەکانی بزوتنەوەی رۆشنبیری ئەوروپا بە دائیزمێک هەژمار دەکرێت. ئەو پێیوابوو بڕوای تەواو بۆ باوەڕبوون بە خوا پێویستە. ڤۆلتێر دەنوسێت:» باوەڕ چییە؟ باوەڕ ئەوەیە کە کامیان رون و ئاشکرایە؟ نەخێر، لە هزری مندا تەواو رونە کە بوونی پێویست، زاتی، هەمیشەیی و هۆشمەندی هەیە. ئەم بابەتە باوەڕ نییە، بەڵکو بابەتەکە هزرە.

لێرەدا ڤۆلتێر پێدەنێتە گفتوگۆی هزری بۆسەلماندنی بوونی خوڵقێنەرو بەڵگەیەک دێنێتەوە بۆ بونی ئەو. بەڵگەکەش لەسەر ئەو بنەمایەیە کە جیهان وەک کاتژمێرێک وایە و پیویستی بە خوایەکە وەک وەستای کاتژمێر. هۆکارێکی تر کە دواتر لەلایەن ڤۆلتێرەوە خرایە پەراوێزەوە، پەنا بردنە بەر بەڵگە بۆ سەلماندنی بونی خوا وەک زاتێک پێویستە هەبێت. بەو واتایەی کە شتەکان گریمانەی بونیان هەیە، بۆئەوەی پێ نەخەنە بونەوە، پێویستیان بە دەرخەرێکە بۆ ئەوەی هەژاری بونی ئەوان داپۆشێت، لە جیهانی نەبونەوە بیانهێنێتە جیهانی بونەوەو بەم شێوەیەیە کە بوونی زنجیرەیەک لە ئەگەری بونی شتەکان، سەردەمێک دەبێت کە دەرخەرێک ئەوان بگەیەنێتە پلەی بوون و ئەو دەرخەرەش خوایە.

لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ پاراستنی پەیوەندی خۆی لەگەڵ دائیزم، ویستی خوا لە ژمارەیەک لە بەرهەمەکانیدا وەک کارێکی گاڵتەئامێز زانیوە و دەپرسێت:»بۆچی خراپەی زۆر بونی هەیە، ئایا هەمووی لەلایەن خواوە دروستکراوە، کە سەرجەمی خواپەرستەکان بۆ بەخێر ناونانی لەگەڵ یەکتر ڕێک کەوتون؟»

لەوەڵامدا ڤۆلتێر پێیوایە واژەکانی خراپ و خۆشبەختی، واژەی شاراوەن و لەوانەیە ئەوەی بۆ کەسێک خراپ بێت، بۆ سەرجەم سیستمی جیهانی باش بێت.

**مەسیحیەت و شارستانێتی هیندی**

لەگەڵ ئەوەی ڤۆلتێر بە ئاتێئیزم زانراوە، بەڵام پێویستە بوترێت کە لە چالاکیە ئاینیەکانیشدا بەشداربووە، لەناو موڵکی خۆیدا کڵێسای هەبووە. یەکەم بەڵگەش بۆ ئاتێئیزم نەبونی ڤۆلتێر، دێڕە هۆنراوەیەکیەتی:

«ئەگەر خوا بوونی نییە، پێویستە دروست بکرێت»

ڤۆلتێر لەبارەی دەقە مەزهابیەکانەوە پێیوایە کتێبی پیرۆز، سەرەتا لەرووی یاسایی، یان رەوشتیەوە سەرچاوەیەکی رەتکراوەیە.

دووەم، هێشتا هەندێک وانەی بەسودی تێدایە.

سێهەم، خوا پێشکەشی نەکردووە، بەڵکو مرۆڤایەتی بەرهەمی هێناوە.

ڤۆلتێر پێیوایە شارستانێتی هیندی، سەرچاوەی شارستانێتی رۆژئاوایە (ماسیحی و یەهودی)، برهماییەکان و هیندوەکان بە یەکەم فەیلەسوفەکان هەژمار دەکات. ئەو لە (واژەنامەی فەلسەفی) بەناوی برهمانان نوسیویەتی:»ئایا ناکرێت برهمانان یەکەم یاسا دانەرانی سەرزەوی و یەکەم فەیلەسوف و یەکەم شارەزایانی ئاین بن؟» پاشان ئاینی هیندو ئەندێشەکانی برهماییەکان بە خاوەن سروشتێکی نەرم و سەرسوڕهێنەر داناوە، رەخنە لە مەسیحیەکانیش دەگرێت، کە سوکایەتیان بە ئەو ئاینە کردووە.

**ئازادی یان ویستی مرۆڤ**

ڤۆلتێر مرۆڤ دەکات بە دوو بەشەوە.

یەکەم، ویستی مرۆڤ لەو کاروبارانەدایە کە مرۆڤ پاڵنەری تایبەتی بۆ ڕێنوێنی ئەو بەرەو کارێکی تایبەتی بێت، لەمڕوەوە دەتوانرێت بوترێت کە

مرۆڤ خاوەنی ئازادی رەها یان ئازادیەکی بێجیاوازیە، ئەگەر مرۆڤ بەرەو شوێنێک بڕوات و لەنێوان وەستان و جوڵاندا جیاوازیەک نەکات و پاڵنەری نەبێت، یان رقی لێی نەبێتەوە، ئازادی بێجیاوازی روو دەدات.

جۆرەکەی تری ویستی مرۆڤ ئـازادی خۆویستە، بە واتایەکیتر مرۆڤ خاوەنی کۆمەڵێک پاڵنەرە، کە ئەنجامی کۆتایی غەریزەکانی ئەو و دەرخەری ئیرادەی ئەوە.

ڤۆلتێر بەمشێوەیە ئازادی خۆویست شیدەکاتەوە، لەو لایەنەوە کە هەمو شتێک هۆکاری هەیە، ئیرادەی مرۆڤیش خاوەنی هۆکارە. ڤۆلتێر لە واژەنامەی فەلسەفی خۆیدا دەنوسێت، لەگەڵ لەدەستدانی ئازادی ئیرادەدا، کردەوەی مرۆڤەکان ئازادە.

هەروەها ڤۆلتێر لە فەیلەسوفی نەزاندا پێیوایە ئیرادەی ئازاد وتەیەکی پوچە، لەو روەوە کە ئیرادەی ئازاد، ئیرادەی بێ پاڵنەرو لەدەرەوەی سیستمی سروشتە. بەمشێوەیە لە جیهانی راستەقینەدا، کردەیەکی پشت بەستو بە سوتفەو رووداو بوونی نابێت و سەرجەم کردارەکان لەسەر بنەمای یاسای دەسەڵاتداری ئەم جیهانەیە.

روداو (سوتفە) وشەیەکە مرۆڤ بەمەبەستی شاردنەوەی نەزانی خۆی دایهێناوە. لەم روەوەیە کە دەسەڵاتدار بەسەر ئیرادەدا لە مشتومڕی فەلسەفی ڤۆلتێردا روو دەدات، بەو واتایەی کە مرۆڤ تەنها ئەو کارە دەکات، کە توانای جێبەجێکردنی هەیە.

**ئەندێشەی سیاسی**

ڤۆلتێر بە خوێندنەوەی ئەندێشەکانی (جۆن لوک) فەیلەسوفی ئینگلیزی، تیۆرێک دەدۆزێتەوە کە بە جۆرێکی تەواو، لەگەڵ ئایدیاکانی پشت بەستو بە پۆزیتیڤیزم و سودگەرایی، یەکدەگرێتەوە. لوک لەو کاتەدا کەپێیوایە پەیمانی کۆمەڵایەتیپێش مافی سروشتی مرۆڤەکان ناکەوێت، وەک بەرگریکارێکی

لیبرالیزم دیتە بەرچاو. بێجگەلەوە ئەوە ئەزمونی تاکە هەڵدەسەنگێنرێت، بەو واتایەی هەرچیەک تێبپەڕێنن، گریمانەیەکە. بواری هەندێک لەگەڵ بواری بەرژەوەندی و بوارێک کە توانای سەلماندنی هەبێت، یەکدەگرێتەوە.

ڤۆلتێر لەم تیۆرەوە بەرەو بەدەستهێنانی بنەما سەرەکیەکانی رەوشتی خۆی دەڕوات. ئەرکی مرۆڤایەتی ئەوەیە چارەنوسی خۆی دیاری بکات و دۆخی خۆی باشتر بکات، جێگیرو دڵنیا بێت، لەڕێگەی زانست و پیشەسازی و هونەرەوە بە یارمەتی پۆلیسی باشی کۆمەڵگەکان ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە. بەمشێوەیە ڕێگەی هاوبەش بێ پەیمانێک کە هەر یەکێک لە مرۆڤەکان مەبەستی خۆیانی تێدا نەدۆزنەوە، مەیسەر نابێت.

لەلایەکی تـرەوە ڤۆلتێر بەرگریکاری سەرسەختی ئازادیە. ئەو وەک مۆنتسکیۆ بە بەرگری کردن لە ئازادی لە بەریتانیای سەردەمی خۆی، پێیوایە پێویستە حکومەت ڕێز لە مافی مرۆڤەکان بگرێت، هەرچەندە مەبەستی لۆک لە ئازادی سیاسی بەر لەهەر شتێک دابینکردنی ئازادی ئەندیشەو بەیانی مەبەستی ئەو، بەواتای رەخساندنی ئازادی بۆ فەیلەسوفان بوو. گومانی خراپی ڤۆلتێر لە ئارمانخوازان و گاڵتەکردن بە ئەندێشەکانی رۆسۆ لەسەر بنەمای یەکسانی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتری، بەشێوەیەک بوو کە ڤۆلتێری ناچارکرد، لە نوسینەکانی خۆیدا ئەوە روون بکاتەوە کە چینە پەستەکان بە پەستی دەمێننەوە. ئەو پێیوابوو کە حکومەتی شاهانە دەتوانێت ئازادی زیاترو سیستمێکی باشتر لەبواری دادوەریدا فەراهەم بکات، بەو مەرجەی دەسەڵاتی کڵێسا تێکبشکێنرێت و رۆشنبیری لەجیاتی دەمارگیری بێتە بوون.

نوسیەنکانی ڤۆلتێر پیویستیەکانی شۆڕشی فەرەنسای رەخساند، بەڵام هەڵەیە ئەو بە لایەنگری راپەڕینی توندوتیژ، یان رەخساندنی ئەو هەلومەرجە دابنرێت. ئەو مەیلی بۆ ئەوە نەبوو کە دەستور، لەگەڵ ئەندێشە لیبرالیستیەکان وەک ئەوەی مۆنتسکیۆ باوەڕی پێی هەبوو، بگونجێنرێت.

ئەو بڕوای بە بەهێزکردنی دەسەڵاتی پادشایەتی دوور لەکاریگەری ڕۆحانییە مەسیحیەکان هەبوو. بەمشێوەیە بڕوانەبونی ڤۆلتێر بە دیموکراتی و دانانی بە نەزانی چینەکان، یەکێکە لەخاڵە بەرجەستەکانی ئەندێشەی ئەو.

ڤۆلتێر پێیوابوو تەنها پاشایەکی ڕۆشنبیر، یان لایەنگرێکی ڕۆشنبیری دەسەڵات ڕەها، کە خاوەنی فەیلەسوفی ڕاوێژکاری هاوشێوەی خۆی بێت، دەتوانێت بۆ پێشخستنی دەسەڵاتی خۆی و باشەی وڵاتەکەی و شوێنکەوتوانی، گۆڕانکاری ئەنجام بدات. ڤۆلتێر پێیوابوو حکومەتی شایانە کلیلی پێشکەوتن و گۆڕان و وەرچەرخانە. ڤۆلتێر بڕوای وابوو کە شایەکی ڕۆشنبیر باشتر دەتوانێت پێویستیەکانی پێشکەوتن لە زانست و ئەدەب و وەرگرتنی ئەندێشەکان دابین بکات.

ڤۆلتێر جەختی کردۆتەوە کە مەرجی ئازادی ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ چەسپاندنی ئازادی ئەندێشەی نەیارانی خۆشی، گیانی خۆی بکاتە قوربانی، لە زمانی خۆیەوە دەگێڕنەوە:»من دژی وتەکانی تۆم، بەڵام تا سەرەمەرگ بۆ بەیانکردنی وتەکانت بەرگری لە مافت دەکەم.«

********

هەرچەندە زۆرێک لە شیکەرەوان ئەندێشەکانی ڤۆلتێر بەدەر لە داهێنانی تایبەتی لەبواری فەلسەفەدا دەبینن و بە کاریگەری بیرمەندانی وەک لۆک و نیوتۆنی دەزانن، بەڵام بە سەرنجدانە ئەندێشەکانی ڤۆلتێر، بۆچون و باوەڕەکانی ئەو کاریگەریان لەسەر کامڵکردنی شۆڕشی فەرەنسا کە کاریگەری لەسەر هەموو جیهان هەبووە، جێگەی گرنگی پێدانن. دژایەتی دەسەڵاتداری کڵێسا کاریگەری گەورەیان لەسەر خەڵک جێهێشتووە.

ژمارەیەک لە شیکەرەوان یاسا تونەدەکانی دژی مەزهەبی فەرەنسای شۆڕشگێڕ، بۆ ئەندێشەکانی ڤۆلتێرو هاوبیرانی دەگێڕنەوە.

سەرجەم بەرهەمەکەنی ڤۆلتێر

- نامە ئینگلیزیەکان ئان نامە فەلسەفیەکان
  Les Lettresphilosophiques
- فەرهەنگی فەلسەفی
  Dictionnairephilosophique
- مایکرۆمێگاMicromegs
- زەدیگ Zadig
- سادە Candide
- ئایرن Irene
- میرۆپ Merope
- سەمیرامیسSemiramis
- ئینژنو Ingenu
- هەتیوی چین
  Orphlin de la Chine
- کاندیدی میکرومگاس
- مێژوی نوێی شارستانیەت
- جیهان بەو سالە تێپەڕ دەکات
- نامە لەبارەی لێبوردن
- چەند نوسینێک لەبارەی نەتەوەی ئینگلیز

سەرچاوە:


- http://fa.wikipedia.org
- http://forum.iranblog.com
- http://rahpoo.com/?spkPath=Voltair
- http://www.bashgah.net/fa/category/show/71857

# پەیامی دەیەمینی ڤۆڵتێر
# لە بارەی بازرگانییەوە

لە عەرەبییەوە: ئومێد عوسمان

بازرگانی سامانی بۆگەلی بەریتانیا فەراهەمکردووە و پشکداریش بووە لەوەی ئەو گەلە ئازادبن، دیسان ئازادییش بووەتە هۆی گەشەی بازرگانی. لەڕێگەی بازرگانییەوە ئەم نەتەوەیە گەیشتووە بەپلەیەکی بەرز، لەگەڵ ئەوەشدا هێزە دەریاییەکانی هێدی هێدی بەهێزبووەو وایکردووە ئینگلیز ببێتە ئاغای دەریاکان، بەجۆرێك ژمارەی کەشتییەکانی نزیکەی 200کەشتین.

هەڵبەت نەوەکانی ئێستا ناکاوگیردەبن کاتێك دەزانـن کە باووباپیرانیان لەدوورگەیەکدا ژیاون، کە جگە لە قوڕقوشم و قەسدیرو خۆڵی پاککەرەوەو خوری زبر هیچی تریان نەبووە، بەڵام لەگەڵ بازرگانیدا دوورگەکە بەهێزبووە تا لە ساڵی 1723دا، سێ کەشتیگەلی لەیەککاتدا بۆ سێ ناوچە رەوانە کردووە: کەشتیگەلی پاسەوانیکردن لە گەرووی جەبەل تاریق کە دەستی بەسەرداگرت، لەڕێگەی چەکەکانیەوە توانی پارێزگاری لێبکات، گەشتیگەلییەکی تری رەوانەی پۆرتبیلۆ کرد، بۆ رووتاندنەوەی پادشای ئیسپانیا لە خشڵ و زێڕی وڵاتی ئندیزو سێیەم کەشتیگەلیشی نارد بۆ دەریای بەلتیك تا رێگری بکات، نەکەوێتە شەڕ لەگەڵ هێزەکانی باکوردا. کاتێکیش شاڵاوەکانی لویسی چواردەیەم ئیتاڵیای دەهەژاند و سوپاکەشی ئامادەبوون دەست بەسەر تۆریندا بگرن، لەپاش کردنەوەی رێگەی سافۆی و بیدمۆن، دەبوو شازادە یۆجین لەوپەڕی ئەڵمانیاوە بەهانای دۆکی سافۆیەوە بچێت، کە ئەو دەم خاوەنی هیچ دارایيەك نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا مەحاڵبوو بەبێ دارایی هێرش یان بەرگری بکات، هەربۆیە داوای قەرزی لەبازرگانانی ئینگلیز کردو لەماوەی نیو سەعاتدا توانی بڕی پەنجا ملیۆن قەرز وەربگرێت و بەوەش توانی تۆرین رزگاربکات و شکست بەفەرەنسییەکان بهێنێت.

کورته نامەیەکی بۆ ئەوکەسانە نوسی کە قەرزی لێکردبوون» بەڕێزان پارەکەی ئێوەم بەدەست گەیشت، خۆشحاڵم ئەو پارەیەم بەجۆرێك بەگەڕخست کەدەبێتە مایەی رەزامەندیتان».

هەموو ئەوە وادەکات بازرگانی ئینگلیزی شانازی بەخۆیەوە بکات و ئەوەش رێگەی پێبدات بوێرێت خۆی بەهاوڵاتی رۆمانی بەراورد بکات، چونکە کۆمەڵێك هۆکاری شیاوی هەیەو بگرە بەسەر هاوڵاتی رۆمانیشدا زاڵە.

برا بچکۆلەی یەکێك لەکەسێکی دەسەڵاتدار کە بڕیاریداوە بچێتە مەیدانی بازرگانیکردنەوە دوچاری بێزراوبوون نابێتەوە، ئەوەتا لۆرد تاونزند، وەزیری دەرەوە برایەکی هەیەو ئەویش خۆشحاڵە بەوەی ئەم برایەی بازرگانە لەشارەکەدا.

دیسان کاتێکیش لۆردی ئۆکسفۆرد حوکمی بەریتانیای دەکرد، برا بچوکەکەی وەك نێوەندگیرێکی بازرگانی لەحەلەب کاری دەکردو ناچار نەبوو، بۆ وڵاتەکەی بگەڕێتەوە هەربۆیە لەوێش مردو نەگەڕایەوە.

بەداخەوە ئەم تەقلیدە کەخەریکە نامێنێت، بەلای ئەڵمانەکانەوە کە شەیدای جوامێریین شتێکی سەیرو نامۆیە و ناتوانن بیر لەوە بکەنەوە کەچۆن کوڕی یەکێك لەبنەماڵە جوامێرەکانی بەریتانیا دەبێ کەسێکی بۆرژوازو دەوڵەمەند بێت، لەکاتێکدا ئەوان بایەخ بەجوامێری دەدەن تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی کە 30خاوەنشکۆ هەبن هەمان ناویان هەڵگرتووە بێ ئەوەی شتێك هەبێت پشتیوانی لەو پلەو پایەیان بکات، جگە لە شانازی و دروشمی خێزانەکەیان نەبێت.

لەفەرەنساش هەموو کەس مافی ئـەوەی هەیە ببێتە مارکیزا، هەروەها هەموو ئەو کەسانەش کە لەوپەڕی هەرێمەکانی فەرەنساوە دێن و هەندێك پارە لەگیرفانیاندایەو لەکۆتایی ناوەکەشیدا بڕگەی (ئاك) یاخود (ئیڵ) هەیە دەرفەتی ئەوەیان هەیە گوێبیستی لەنموونەی دەستەواژەی(کەسێکی لەجۆری من، کەسێك لەپلەو پایەی مندا) بێت و بەچاوی باڵاوە لەبازرگانی جوملە بڕوانرێت .

هەرچی ئەو بازرگانەشە کە راهاتووە لەسەر ئەوەی گوێبیستی سووکایەتیکردن بێت بەپیشەکەی خۆی و ئەوەش وایلێبکات خۆی بەگێل بزانێت ئەوا لەشەرمدا

سوور ببێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من نازانم کامیان سوودیان بۆ دەوڵەت هەیە: جوامێرێکی بۆندار کەکاتەکانی نوستن و بێداربوونی پادشا دەزانێت و خۆی بەگەورە پیشان دەدات، لەکاتێکدا رۆڵی کۆیلە دەبینێت و بۆ بینینی وەزیرێك داوایەك پێشکەش دەکات، یاخود بارزگانێکی مەزن کە وڵاتەکەی دەوڵەمەند دەکات و بارێك لەکەلوپەل بەرەو هیندستان دەنێرێت و لەوێشەوە بەرەو میسرو لەخۆشگوزەرانی جیهاندا پشکداری دەکات.

سەرچاوە:

سایتی منبر الحریە

# ڤۆڵتێر
# پێشەوا مەزنەکەی
# ڕۆشنگەریی

لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

هەر کەباسی قۆناغی رۆشنگەریی ئەوروپیمان کرد، یەکسەر بیرمان بۆ چەند ناوێک دەچێت. یەکێک لەو ناوانەی کە هەمیشە بە رۆشنگەرییەوە بەستراوەتەوە، ناوی ڤۆلتێرە. هیچ فەیلەسوفێکی فەرەنسی و ئەوروپی، هێندەی ڤۆلتێر، قسەوباس و لێکۆڵینەوەو کتێبی لەبارەوە نەنوسراوە. کەسیان هێندەی ئەو، ناوی بە ڕۆشنگەرییەوە نەبەستراوەتەوە.

ڤۆلتێر تەنها فەیلەسوف نەبوو، بەڵکو شاعیر، رەخنەگر، رۆماننوس، چالاکەوانی بواری مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنیش بوو، لە پاش هەشتاو چوار ساڵی تەمەنی، گەنجینەیەکی ئێجگار دەوڵەمەندی لەبواریی (ئەدەب و فکر و فەلسەفە) بۆ مرۆڤایەتیی بەجێهێشتووە.

زیاتر لە 99 کتێبی لەپاش خۆی بەجێهێشتووە. ئەمەش گەنجینەیەکەی ئێجگار گەورەیە، کتێبخانەی مرۆڤایەتیی لەبواریی فکرو فەلسەفەو ئەدەبدا، دەوڵەمەند کردووە.

ڤۆلتێر بە شیعرو رۆمان و نامەنوسین، هەوڵیداوە کار بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگاو گەشەسەندنی چەمکی ئازادیی و دیموکراسیی و لێبوردەیی بکات، بەڵام ئاخۆ بۆچی هێندە جیهان باس لە گرنگی و مەزنی ئەم پیاوە دەکەن؟ ئەو سیحرە چییە، کە لە نوسینەکانیدا خۆی حەشارداوە؟ بۆچی قەڵەمەکەی هێندە مەزن دەنرخێنرێت؟ لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین، تیشکێکی بچوک بخەینە، سەر ژیان و کارو بەرهەمەکانی، ئەم کەڵە فەیەلسوفەی فەرەنسا و جیهان، لە هەمانکاتیشدا هەوڵ دەدەین بەهەڵدانەوەی لاپەڕە تۆزاوییەکانی مێژوو، خوێنەریی کورد بە هزرو بۆچوونەکانی ڤۆلتێر ئاشان بکەین.

ڤۆلتێر ناوی ئەسڵی خۆی François Marie AROUET لە 21ی نۆڤێمبەریی

ساڵی 1694 لە پاریس لەدایکبووە، لە 30 مای 1778 لەتەمەنی هەشتاو چوار ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.1 ڤۆلتێر برا بچوکی پێنج منداڵ بوو، تەنها ڤۆلتێر لەو پێنج منداڵە ژیا، ئەوانی تر هەر بەمنداڵی بەنەخۆشی مردوون. باوکی ڤۆلتێر ناوی (فرانسۆ ئارویی) کە کارمەندێکی بچوک بووە لە وەزارەتی دارایی لە پاریس. دایکی ناویی (ماری مارجریت دومارت) لە بنەماڵەیەکی نەجیبزادەی ناوچەی بواتو بووە.

ڤۆلتێر خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەیەکی یەسوعی (مەسیحی) تەواوکردووە، کە ناویی (Collège Louis-le-Grand). لەنێوان ساڵانی 1704 تا 1711 لێرە فێریی خوێندن و نوسین بووە، هەروەها شارەزاییەکی باشیشیی لە زمانەکانی (لاتینی، ئیسپانیی، ئینگلیزیی) پەیداکردووە.

**خەون بینین بە نوسەرییەوە**

لەگەڵ کۆتایی قۆناغی خوێندن لە سەرەتای بیست ساڵییەوە، ڤۆلتێر خەونێکی گەورەی هەبوو، ئەویش بوون بە نوسەر. هەر زوو خۆی تێکەڵی دونیای شیعرو وتار نوسین کر، بەڵام باوکی دەیویست بچێت کۆلیژی یاسا بخوێنێت و ببێتە بە پارێزەر، بەڵام ڤۆلتێر حەزی لەپیشەی پارێزەریی نەبوو، بەڵکو زیاتر شەیدای نوسین بوو، بۆئەوەی خۆی لە فشاری باوکی رزگاربکات، بە باوکی وت لە پاریس لای پارێزێک کار دەکات، بەڵام دوایی باوکی پێی زانیی و بە تۆبزیی ناردی بۆ کۆلیژی یاسا و ناردیی بۆ زانکۆیەکی دەرەوەی پاریس، پاشان هەر لەرێگای باوکییەوە، توانی لە سەفارەتی فەرەنسی لە «لاهای» وەکو کارمەند کارێکی بۆ بدۆزێتەوە.

**یەکەمین ئەڤین**

کاتێک لە هۆڵەندا دەبێت، لەوێدا تێکەڵی دونیای ئەرستۆکراتی فەرەنسی و ئەوروپی دەبێت و خەڵکانێکی زۆر دەناسێت. هەر لەوێدا توشی ئەڤینێکی

جوان دەبێت. کچێکی فەرەنسی، کە لە هۆڵەندا وەکو ئاوارە دەژی، ناوی کاترین ئۆلیمب دانویرە. ڤۆلتێر عاشقی ئەم کچە دەبێت و ماوەیەکی خۆش پێکەوە دەبەنە سەر، بەڵام باوکی بەم چیرۆکی خۆشەویستییە دەزانێت و خۆی دەکاتە (دڕکی مەم و زین) لێیان. باوکی بەم خۆشەویستییە رازی نابێت، هەربۆیە بەپەلە ڤۆلتێر دەهێنێتەوە بۆ پاریس، پاشان لە پاریس لە دائیرەی تاپۆ کار دەکات، لێرەش کۆمەڵێک ئەرستۆکراتی و نەجیب زادەی فەرەنسی دەناسێت.

**بەشداریکردن لە یەکەمین کودەتا دژ بە دەسەڵات**

ساڵی 1717 کەلە تەمەنی بیست وسێ ساڵیدا، ڤۆلتێر بەشداری کودەتایەکی دژ بە میر «فلیپی دووەم» کە دەبووە چێ نشین و وەسی مەلیکی فەرەنسا لویسی پانزە، کەهێشتا منداڵ بوو. ئەم کودەتاییە لە مێژوودا ناوی Cellamare conspiracy. ئەم کودەتایە بە سەرۆکایەتی کاردینالٚ جیولیو ئالبرونی بوو، ئامانجی ئەم کودەتایەش، گواستنەوەی عەرشی مەلیکی فەرەنسا لە فلیپی دووەمەوە، بۆ مەلیکی ئیسپانیا» ڤلیپی دووەم «کە دەیکردە مامی لویسی پانزە، بەڵام دواتر ئەم کودەتایە سەری نەگرت و ڤۆلتێریش خرایە زیندانەوە.

**یەکەمین ژووان لەگەڵ زیندان**

لە ساڵی 1717 بە تۆمەتی بەشداریکردن لەم کودەتایەو نوسینی شیعری داشۆرین دژ بە وەسی، ڤۆلتێر بۆ ماوەی یانزە مانگ لە زیندانی بەدناویی باستیل، زیندانی دەکرێت، بەڵام ڤۆلتێر ئەم ماوەیە لە باستیل لە رووی ئەدەبییەوە زۆر سودی دەبێت، لەوێدا یەکەمین بەرهەمی نایابی ئەدەبی خۆی، بەناوی هینراید The Henriade، کە پەخشانە شیعریەکی درێژە، باس لە گەمارۆدانی پاریس لەلایەن «هنری سێیەم « لە ساڵی 1589 دەکات. جێگای وتنە ڤۆلتێر لە زیندان رێگای پێ نەدەدرا قەڵەم و کاغەز و کتێبی پێ بگات، لەبەرئەوە لەپشتی ئەو کتێبانە شتی دەنوسی کە پێشتر لەگەڵ خۆی هێنابوونی بۆ زیندان.

**یەکەمین ناوبانگی ئەدەبی**

هەموو نوسەرێک و فیلەسوفێک، کتێبێکی دەبێتە سەرەتایەکی پرشنگدار بۆی، ڤۆلتێریش شانۆگەری «ئۆدیب» دەبێتە یەکەمین پلیکانە بۆ ناوبانگ دەرکردنی. ئەم شانۆگەرییە سەدایەکی گەورەی بۆ دروست دەکات، نزیکەی چل و پێنج رۆژ لەسەر تەختەی شانۆی پاریس، ئەم شانۆگەرییە نمایش دەکرێت. بەم شێوەیەش ناوی ڤۆلتێر، دەبێتە ئەستێرەیەک و بە ئاسمانی پاریس دا دەدرەوشێتەوە، لە ساڵی 1718 وە نازناوی «ڤۆلتێر» بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت و ئەم ناوە دەبێتە ناونیشانی قەڵەمە نایابەکەی.

**دیسانەوە میوانی باستیل**

لەیەکێک لە شەوەکانی مانگی دیدسەمبەری ساڵی 1725 دا، ڤۆلتێر بەشداریی میوانییەکی ماڵێکی ئەرستۆکراتیەك دەبێت، لەوێدا» شیفالیە دی روهان شابوت» دەبینێت، کە نەجیب زادەیەکی فەرەنسییە. ئەو دەپرسێت ئەم کوڕە گەنجە کێیە، یەکسەر ڤۆلتێریش لەوێدا وەڵامی دەداتەوە: گەورەم ئەمە کوڕێکە رقی لە ناوی درێژ دەبێتەوە، بەڵام بە شەرەفێکی گەورەوە ناوە کورتەکەی هەڵدەگرێت. پاش دوو رۆژ ئەم نەجیب زادەیە، چەند چەقۆکێشێک دەنێرێتە سەر ڤۆلتێر باشی لێدەدەن، بەڵام پێیان دەڵێت: «سەری ئازار مەدەن، چونکە ئەم هەتیوە لەوانەبێت لە دوا رۆژدا شتێکی گەورەی لێ دەربچێت». دڵی « دی روهان» بەمەش ئاو ناخواتەوە، دەچێت شکاتی لێدەکات و جارێکی تریش دەبێتەوە بە میوانی باستیل

2. بەڵام ئەم جارەیان تەنها چەند هەفتەیەک میوان دەبێت، بەو مەرجەی کە فەرەنسا بەجێبهێڵێت و بچێت بۆ ئینگلاند. ئەمەش سەرەتایەکی نوێ لەژیانی ڤۆلتێر دەستپێدەکات، باشترین هەلی پێشکەوتنی بۆ دەڕەخسێنێت، لەبەرئەوە مرۆڤایەتی دوجار قەرزاربارى «دی روهان»ە، یەکەمین لەبەرئەوە نەیکوشت

و دووەمینیان لەبەرئەوەی وای لە ڤۆلتێر کرد، فەرەنسا بەجێبهێڵێت و بچێت بۆ ئینگلاند، چونکە ڤۆلتێر هەروەک فەیلەسوفی ئینگلیزی « بێرنارد راسڵ» دەڵێت: (ئینگلاند توانی کیشوەرێک لە دەرەوەی فەرەنسا پێشکەش بە ڤۆلتێر بکات، لەوێشەوە توانی فەرەنساو هەموو کیشوەری ئەوروپا بەرزبکاتەوە.3)

**ئینگلاند یەکەمین تاراوگە**

ساڵی 1726 ڤۆلتێر بەناچاری بۆ ئینگلاند نەفی دەکرێت، بۆ ماوەی سێ ساڵ لە ئینگلاند دەمێنێتەوە، بەڵام ئەم سێ ساڵەی لە ئینگلاند، لەڕووی فکریی و سیاسیی و ئەدەبییەوە، گەورەترین سود بە ڤۆلتێر دەگەیەنێت. لەوێدا بە تەواویی خۆی بۆ کارەکانی شکسپیر تەرخان دەکات و بە قوڵی شانۆکانی دەخوێنێتەوە. ئەمەش لەڕووی ئەدەبییەوە، کاریگەری ئێجگار باشی بۆ ڤۆلتێر هەبووە. لەڕووی سیاسیی و فکریشەوە زۆر سودی پێگەیاند.

لەوێندەر بە تەواوەتی لە دەستور و ژیانی سیاسی ئینگلاند ئاگاداربوو، کەوتیشە ژێر کاریگەری کولتوری ئینگلیزیەوە. لەوێ بینی کە نوسەرەکان بەوپەڕی ئازادییەوە دەنوسن، ئـازادی بیروڕا بەشێوەیەکی باش چەسپیوە، کەس لەسەر بۆچوونەکانی ناخرێتە زیندانەوە، زیندانی «باستیل» بوونی نییە، هەروەها مەلیکیش دەسەڵاتێکی رەهای نییە، بەڵکو لەژێر کۆنترۆڵی پەرلەماندایە، لەهەمووشی گرنگ تر، ئازادییەکی ئایینی لە ئینگلاند هەیەو کەس لەسەر بۆچوونی ئاینی خۆی زیندانی ناکرێت و ئازار نادرێت.

هەر لەئینگلاند توانی، بەتەواوەتی لە کارەکانی فەیلەسوفی ئینگلیزی» جان لۆک «بخوێنێتەوە، هەروەها زۆر شەیدای کارەکانی زانای مەزنی ئینگلیزی «ئیسحاق نیوتن» بوو، کە تاماوەیەکی زۆر لەژیانیدا هەر خەریکی بۆچوونە زانستییەکانی نیوتن بوو، هەروەها لەبارەیانەوە لێکۆڵینەوەی باشی کردووە.

ڤۆلتێر لەبارەی ئینگلاندەوە دەڵێت: « گەلێکی زیندو ئـازادە، خاوەنی رای خۆیەوەتی و ئازادییەکی تایبەتمەندییان هەیە، مەلیکیان لەسێدارەداوە،

پەرلەمانێکییان دروستکردووە، دەسەڵاتی لە هەموو حاکمەکانی ئەورووپا زیاترە، زیندانی باستیلیان نییە، زیاتر لە 30 ئایین و مەزهەبی جۆراوجۆریی تێدایە4.»

بەگشتی ئەو چەند ساڵەی کە لە ئینگلتەرا ژیا، زۆرباش بوو بۆ ڤۆلتێر، ئەم سزایە بوو بەخێرو بەرەکەت بۆی، چونکە ئەم سێ ساڵە لەتاراوگە، کۆمەڵێک دەرگای فکریی و سیاسیی بۆکردەوەو توانیشی زۆرێک لە بۆچوونەکانی بۆ سیاسەت و ئەدەب و هونەر بگۆڕێت. هەرلەوێش کۆمەڵێک نوسەری ناسی لەوانە: «بولنجبروك» و«سویفت» و«بوب» و«کونجریف».

ئەو چەند ساڵەی لە ئینگلتەرا لە کتێبی (نامەکانی ئینگلتەرا) نوسیوە، بەووردی ئەم کارتێکردنە باس دەکات. هەتا کۆتایی ژیانی، ئینگلتەرا نموونەیەکی بەرزیی سیاسیی بوو لەلای.

## گەڕانەوە بۆ پاریس

پاش سێ ساڵ لە تاراوگە، ڤۆلتێر بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ پاریس، بەڵام کاتێک دەگاتەوە پاریس، سەیردەکات حوکمێکی مەلەکی لەدژی دەرچووە و فەرمانی گرتنیان داوە. ئەویش یەکسەر بەم هەواڵە دەزانێت و دەکەوێتە خۆی، بۆئەوەی جارێکی تر نەکەوێتە ناو زیندانی باستیل، لەگەڵ جرجەکانی ئەوێدا نەژی، یەکسەر لەپاریس هەڵدێت و دەچێتە دەرەوەی پاریس لە کۆشکی هاوینەی سیریی Château de Cirey لەوێ لەگەڵ (ئیمیلی شاتولیە) دەژیی.

## کاریگەریی ئێمیلی شاتلییە بەسەر ڤۆلتێرەوە

ئێمیلی شاتولییە مارکیزە ژنی نەجیبزادەیەکی فەرەنسی بەناوی (مارکیز کلود دو شاتولییە). ئەم ژنە کۆشکێکی گەورەی هەبوو کە دەکەوتە نێوان هەرێمی شامپانیا و لۆرینەوە. لەوێدا ڤۆلتێر ئەم ژنە دەوڵەمەندەی ناسی، پاشان بوونە دڵخوازیی یەکتریی، کە بۆ ماوەی شانزە ساڵی رەبەق پێکەوەبوون. دەتوانم بڵێم ئەو ماوەیەی کە ڤۆلتێر لەگەڵ ئەم ژنەدابوو، بە پڕ بەرهەمترین ساڵانی ڤۆلتێریی

دابنێم. لێرە ڤۆلتێر کۆمەڵێک کتێبی مەزنی نوسی، چەند شانۆگەرییەکی تراژیدی و دوو رۆمان، هەروەها کتێبێکی مێژووییشی لەبارەی سەردەمی لویسی چواردەوە نوسی، کە بە بڕوای ڤۆلتێر ساڵانی حوکمی ئەم پیاوە، بەساڵانی گەشەسەندنی هونەر و ئەدەب و فکریی فەرەنسی دابنێین، چونکە ئەم مەلیکە زۆر عاشقیی بابەتی کولتوریی بووە.

لەلایەکی ترەوە هەر بە هاوکاریی دارایی مارکیزە، توانی نزیەکی 20 هەزار کتێب بکڕێت، لە کتێبخانەکەی خۆی دایبنێت و بیانخوێنێتەوە، لەلایەکی تریشەوە لەم ماوەیەدا پێکەوە، لەگەڵ مارکیزە کەوتنە لێکۆڵینەوە لەمەڕ بۆچوونەکانی نیوتن و لایبنتز. لەمبارەیەوە ڤۆلتێر کتێبێکی بەناوی (کۆڵەکەکانی فەلسەفەی نیوتن philosophie de Newton Eléments de la)

دەتوانم بڵێم ئەم کتێبە بەهاوبەشی لەگەڵ مارکیزە نوسیویەتی، بەڵام ئەستێرەی بەختی ڤۆلتێر بە مردنی ئەم ژنە، جارێکی تر دەکەوێتە خوارەوە، لە ساڵی 1749 لەکاتی منداڵبووندا، مارکیزە دەمرێت و ڤۆلتێریش بەهەتیوویی دەمێنێتەوە.

ئەم ژنە لەڕووی مرۆڤیی و فکریی و ئەدەبییەوە، کاریگەرییەکی زۆریی لەسەر ڤۆلتێر داناوە. بەجۆرێک کەهەندێک ڤۆلتێرناس دەڵێن، گەر مارکیزە نەبوایە ئەوا ڤۆلتێریش هێندە مەزن نەدەبوو. لەپاش مردنی مارکیزە، ساڵی 1751 ڤۆلتێر بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ پاریس. ماوەیەکی کەم لە پاریس دەمێنێتەوە، لەترسی دەسەڵات، ناچار دەبێت پاش ماوەیەکی تر پاریس بەجێبهێڵێت و بەرەو «پۆتسدام» لە ئەڵمانیا بڕوات و ببێتە میوانی مەلیکی بروسیا فریدریکی گەورە. لێرەوەشە قۆناغێکی نوێ لە ژیانی ڤۆلتێر دەست پێدەکات.

**چوون بۆلای مەلیک فریدریکی گەورەی بروسیا**

یەکێک لەو شتە ئاڵۆزانەی ژیانی ڤۆلتێر، پەیوەندی ئەوە بە مەلیکی بروسیا (فریدریکی گەورە) یە. بەشێکی زۆریی رەخنەگرانی ڤۆلتێر، ئەم پەیوەندییەی

ئەو، بەهەڵوێستێکی هەڵپەرستانەی لەقەڵەم دەدەن، چونکە چ مەلیکی بروسیاو چ مەلیکی فەرەنسا، هەردووکیان دوو مەلیکی دیکتاتۆر بوون. هیچ جیاوازییەکی وایان لەنێواندا نەبووە، بەڵام ڤۆلتێر دژی مەلیکی فەرەنسا (وڵاتەکەی خۆی بووە) کەچی دۆستێکی نزیکی مەلیکی بروسیا بووەو شەوان کۆشکی ئەویی گەرم کردووە. هەرچەندە ئەم پەیوەندییەش سەرەتا بە خۆشی دەستپێدەکات، بەڵام پاشان دەبێتە ناخۆشیی.

ساڵی 1751 ڤۆلتێر دەبێتە میوانی مەلیک فریدریکی گەورە، لەهەمانکاتیشدا دەبێتە دۆستێکی نزیکی ئەم مەلیکە. ئەویش کۆشکێکی تایبەتیی دەداتێ و ساڵانەش 20 هەزار فرانکی بۆ دەبڕێتەوە. لەم ماوەیەشدا ڤۆلتێر ژیانێکی پڕ ئاسودەو خۆشگوزەران دەباتە سەر، بەڵام دیسانەوە قەڵەم و زمانە توندەکەی، هەروەها کاری نەگریسی خێڵی بەخیلان، واز لە ڤۆلتێر ناهێنن و پەیوەندیی لەگەڵ مەلیک فریدریکی گەورە تێک دەچێت.

لێرە ساڵی 1752 چیرۆکە مەزنەکەی بەناوی Micromégas دەنوسێت. کەیەکێکە لەکارە نایابەکانی، پاشتر باسی لێوەدەکەم، هەر لەهەمان ساڵدا ڤۆلتێر توشی شەڕێک دەبێت لەگەڵ سەرۆکی ئەکادیمای بەرلین موبورتوی، کە زانایەکی ماتماتیک و بیرمەندێکی گەورەی فەرەنسیی بوو.

ڤۆلتێر وتارێکی لەدژ دەنوسێت. ئەمەش دەبێتە هۆی تورەبوونی مەلیک فریدریکی گـەورەو فەرمانی سوتاندنی کتێبەکانی و لە زیندانیکردنی بۆ دەردەکات.5

**گەڕانەوە بۆ پاریس و جنێف**

پاش ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ فریدریکی گەورە تێکدەچێت و فەرمانی گرتنی بۆ دەردەکرێت، ڤۆلتێر بەرەو پاریس دەگەڕێتەوە، بەڵام لەو کاتەدا لویسی پانزە، بڕیاری گرتنی بۆ دەرکردووە، لەبەرئەوە یەکسەر پاریس جێدەهێڵێت و دەچێت بۆ جنێف. لەوێدا لەسەر دەریای جنێف، کۆشکێک دەکڕێت. سەرەتا پێشوازیی

لێدەکەن، بەڵام پاشان لەبەر بۆچوونەکانی و مەزهەبی ئاینیی، لە جنێفیش دەریدەکەن. لەوێوە دەچێتە ناوچەی فێرنی لەسەر سنوری فەرەنسا و سویسرا.

**دوا ساتەکانی ژیانی**

لە ناوچەی فێرنی کۆشکێکی گەورەو مەزرەعەیەک دەکڕێت، زیاتر لە 4 هەزار رووەکی تێدا دەڕوێنێت و کۆمەڵێک ئاوارەش لەلای خۆی وەکو کارمەند دادەمەزرێنێت و ماڵیشیان بۆ دروست دەکات. لەم کۆشکەدا ڤۆلتێر بەشی زۆری کارە مەزنەکانی دەنوسێت، وەکو رۆمانی «کاندید» شانۆگەری « ئیرنە« و چەند کارێکی فەلسەفەی تر، کە پاشان باسیان لێودەکەین.

ڤۆلتێر ئەو بیست ساڵەی کۆتایی ژیانی لێرە بەسەر دەبات. هەتاوەکو لە فێبراوەریی ساڵی 1778 پاش بیست ساڵ لە دوورە وڵاتی دەگەڕێتەوە بۆ پاریس. کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ پاریس، دەسەڵاتی مەلەکی دەڵێن : «بەخێرهاتنەوەی ناکەین، بۆ پاریس، بەڵام دژی هاتنەوەشی نین»

پاشتر لەو ماوە کورتەی پاریس، شانۆگەرییە (Irene ئیرنە) مەزنەکەی کە لە مانگی ئازاردا نمایشکرا. لەوکاتەدا هەموو خەڵکی پاریس ڤۆلتێریان وەکو سیمبۆلێکی مەزن دەبینی، کەپاش ئەو چەند ساڵەی تاراوگە گەڕاوەتەوە بۆ وڵات.

لە 30 ئازاردا کاتێک لەسەر قەڕەوێلەی مەرگ دەبێت، تەمەنی دەگاتە هەشتاو سێ ساڵی، قەشەکان دێن بۆ لایی و داوای لێدەکەن کە شایەتمان بهێنێت، ئەویش دەڵێت: وازم، لێبێنن دوژمنی نوێم بۆ دروست مەکەن، خودا کەریمە«

ئەمەش دەبێتە هۆی توڕەبوونی کڵێساو لەبەرئەوە ئامادەنابن لە قەبرستانی مەسیحی دفنی بکەن، بەڵام هاوڕێکانی ڤۆلتێر دەیبەن بۆ دەرەوەی پاریس لە سیلیرییە Scellières لە کڵێسایەک دەینێژن.

بەڵام ساڵی 1791 پاش سیانزەساڵ لەمردنی، لە کاتێکدا کە شۆڕشی فەرەنسی لە سەرەتای گڕوتینیدایە، ئەنجومەنی نیشتمانی بڕیاردەدات، کە تەرمی ڤۆلتێر بهێنرێتەوە بۆ پاریس لە قەبرستانی بانسیون لەپەنا جان جاک رۆسۆ و کۆمەڵێک

بیرمەندی تری فەرەنسیدا بنێژرێت. جێگای وتنە لەکاتی هێنانەوەی تەرمی ڤۆلتێر بۆ پاریس، نزیکەی 600 هەزار فەرەنسی ئامادەی ناشتنی بوون.6

ڤۆلتێر لەتەمەنیدا ژنی هێناوە، بەڵام کۆمەڵێک بەرهەمی مەزنی لەپاش خۆی بەجێهێشت، کە هەتاوەکو ئەمڕۆش مرۆڤایەتی قەرزار بارییەتی.7

**بەرهەمەکانی**

دیارە ڤۆلتێر کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی و فکریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتی نوسیوە. لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، ڤۆلتێر قسەی خۆی هەبووە، لە هەمانکاتیشدا لە زۆربەی رووداوە گرینگەکانی فەرەنساو ئەوروپا، خەڵکی داوایان لێکردووە کە قسەی خۆی بکات، لەبەرئەوە ئێمە خۆمان لەبەردەم شاخێکی بەرزی نوسینی هەمە جۆردا دەبینینەوە. لێرەدا بەکورتی باسی گرنگترینیان دەکەین.

**شیعر**

لەوانەبێت خەڵکانێک پێیان سەیر بێت، گەر کاتێک ئێمە بڵێین ڤۆلتێر شاعیر بووە، چونکە زیاتر ئەو، وەکو فەیلەسوفێک ناسراوە. فەلسەفە مامەڵە لەگەڵ رووداوەکان بەشێوەیەکی عەقڵانی دەکات و عەقڵ دەبێتە سەنتەری بیرکردنەوە، بەڵام شیعر لەرووی سۆزدارییەوە مامەڵە لەگەڵ رووداوەکان دەکات و دڵ دەبێتە سەنتەری بیرکردنەوە، بەڵام ڤۆلتێر بەحوکمی ئەوەی کەسێکی فرە بەهرە بووە، لە ژانری شیعریشدا، ئەسپی خۆی تاوداوە، بەتایبەتی لە سەردەمی لاویدا، چەند پارچە شیعرێکی جوان و باشی نوسیوە، لە تەمەنی لاویدا دیوانێکی شیعری چاپکرد، کە تێیدا کۆمەڵێك شیعری جوانی تێدایە، بەڵام قەسیدەی (Henriade)، لە هەموویان گرنگترە، لەم قەسیدەیەدا باس لە کارەکانی (فیرجیل) دەکات، لەم قەسیدەیەدا پشت بەو « (وەزن و قافییەیە) دەبەستێت کە لەو سەردەمەدا بە (Alexandrine) دەناسرا. راستە ڤۆلتێر هەوڵیداوە، هەندێک گۆڕانکاریی لە وەزن و قافییەکە بکات، بۆئەوەی لەگەڵ شیعرەکەیدا بێتەوە، بەڵام ئەم گۆڕانکارییەی

زۆر مومل بووە، بەڵام لەم کۆمەڵە شیعرەدا، قەسیدەیەکی تری تێدایە بەناوی (La Pucelle) نوسی  کە تێیدا بەشێوازێکی گاڵتە ئامێزانە، هێرش دەکاتە سەر مەفهوومە ئایینی و مێژوویەکانی ئەو کاتە، بەڵام بەگشتی کارە سەرەتاییەکانی، لەڕووی فکر و ناوەرۆکەوە، لەچاو کارەکانی پاشتریی، زۆر لاوازبوون بە تایبەتی شیعرەکانی.

**لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و زانستی**

ڤۆلتێر لەبواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی و زانستیشدا دەستێکی باڵای هەبووە، لەم بوارەشدا ئەسپی خۆی باش تاوداوە، بۆ نموونە ڤۆلتێر لێکۆڵینەوەو کتێبێکی ئێجگار نایابی لەبارەی (ژیان و بەرهەمەکانی) شانۆنوسی مەزنی فەرەنسی (مۆلێر) کردووە، کە بە یەکێک لە کتێبە نایابەکان دێتە ژماردن، کە لە بارەی مۆلێرەوە نوسرابێت. ئەم کتێبەی زیاتر دەچێتە قاڵبی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و بیۆگرافیاوە، هەروەها ڤۆلتێر ماوەیەکی زۆر خۆی بە کتێب و نوسینەکانی  هەردوو زانای مەزنی ئینگلیزی (ئیسحاق نیوتن، شارلز داروین)هوە خەریککردووە. لەسەر ئەم دوو کەڵە زانایەش، کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەو کتێبی لەبارەی کتێب و نوسینەکانی زانای مەزنی ئینگلیزی (ئیسحاق نیوتن و داروین) نوسیوە، لەسەر ئەم کەڵە زانایەش، کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەو کتێبی نوسیوە، بۆ نموونە لە کتێبی Essai sur la poésie épique، هەروەها کتێبی Eléments de la philosophie de Newton هەرچەندە ئەمەی دواییان، کارێکی هاوبەشە لەنێوان خۆیی و مارکیزەی هاوڕێیدا، کە زیاتر باس لە فەلسەفەکەی نیوتن دەکات، بەتایبەتی تیۆریی (جاژبیەت).8

**مێژوو**

یەکێک لەو بوارانەی کە ڤۆلتێر داهێنانێکی مەزنی تێداکرد، زانستی (مێژوو) بوو. دەتوانم بڵێم لەپاش ڤۆلتێر، مێژوو بەرگێکی نوێی پۆشی و بوو بە زانستێکی گرنگ، گەر سەیری کتێبە مێژوویەکانی پێش ڤۆلتێر بکەین، دەبینین مێژوو تەنها بریتییە لە گێڕانەوەیەکی بێ تامی حکایەتی و پاڵەوانێتییەکانی مەلیک و سەرۆکە

عەسکەرییەکان، مرۆڤ وەکو کایەیەکی راستەقینانە، هیچ بوونێکی نییە، بەڵام ڤۆلتێر لەمبارەیەوە بۆچوونێکی نوێی هێنایەکایەوەو نوسینەوەی مێژووی بە جۆرێکی تر داڕشت، هەروەها نەخشەیەکی درامی بۆ مێژوو داڕشت، کە تەنها باس لەشەڕ و کوشتارگەکانی مەلیک و سەرۆکەکان نەکات. ڤۆلتێر پێیوابوو کە مێژوو بریتییە لە پرۆسەی گەشەسەندنی مرۆڤایەتی، واتە ئەو تێڕوانینێکی مرۆیانەی بە مێژوو بەخشی، هەرلەبەرئەوەیە کە زۆرکەس پێیان وایە، کە ڤۆلتێر باوک و مامۆستای مێژووی نوێیە9.

ڤۆلتێر لە بواری مێژوودا کۆمەڵێک کتێبی نایابی نوسیوە، گرنگترینیان بریتییە لە:

1. مێژووی شارلزی دوانزە، کەلە ساڵی 1731 دا نوسیویەتی.
2. لویسی چواردە، کە لە ساڵی 1751 دا نوسیویەتی .
3. هنری حەوتەم کەلە ساڵی 1754 دا نوسیویەتی.
4. ئیمپراتۆر پتروسی گەورە، بەشی یەکەمی لە ساڵی 1759 دا نوسی، بەڵام بەشی دووەمی لە ساڵی 1763 دا نوسی.10

دیارە ڤۆلتێر تەنها بە کتێبی مێژوویی باسی مێژووی نەکردووە، بەڵکو لەرێگای شانۆگەرییەکانیشیەوە باسی مێژووی کـردووە، بۆ نموونە وەکو شانۆگەرییەکانی (ئەمیری بابل، یان کتێبیThe Orphan of China) کە لە ساڵی 1754 دا نوسیویەتی.) یەکەمیان باسی مێژووی شارستانی کۆنی بابلی دەکات و ئەویتریشیان باس لەشارستانی چینی دەکات11. دواتر بە گشتی باسی داهێنانی ڤۆلتێر دەکەین لە بواری مێژوودا.

**شانۆگەریی**

دیارە ڤۆلتێر لە بواری شانۆگەریدا، دەستێکی ئێجگار باڵای هەبووە. لەم ژانرە گرنگ و پڕ بایەخەی ئەدەبیشدا، ئەسپی خۆی تاوداوەو کۆمەڵێک شانۆگەریی جوان و نایابی نوسیوە، کە هەتاوەکو ئەمڕۆش لەسەر تەختەی شانۆکانی جیهان نمایش دەکرێت. دیارە ڤۆلتێر هەوڵیداو لەڕێگای شانۆوە، فەلسەفەو بۆچوونە

سیاسیی و فکرییەکانی خۆی نمایش بکات، لەهەمانکاتشدا تیری رەخنەی خۆی ئاڕاستەی بیریی کۆنەپەرستی و توندڕەویی ئاینی و ملهوڕیی سیاسیی بوەشێنێت.

ڤۆلتێر لەبواری شانۆدا کۆمەڵێک شانۆیی نوسیوە کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی (50) شانۆگەریی. دیارە دەبێت ئەوەش بڵێم، کە لەو کاتەدا، شانۆ لە هەموو ژانرەکانی تری ئەدەب، رەواجی زیاتر بووەو لە هەمانکاتیشدا رۆڵی کاریگەریتر بووە بەسەر کۆمەڵگادا. هەرلەبەر ئەمەشە ڤۆلتێر، کۆمەڵێک شانۆگەریی زۆریی نوسیوە، چونکە کاریگەرترین ئامڕازی گەیاندن و بڵاوکردنەوەی هزرەکانی بووە بۆ ناو کۆمەڵگا.

لێرەدا هەوڵ دەدەین، ناوی گرنگرتینیان باس بکەین، هەرچەندە زۆربەی شانۆگەرییەکانیشی، وەکو کتێبەکانی تری گرنگ و پڕ بایەخ بوونە.

1. Oedipe ئۆدیب، هەروەک پێشتریش باسمکرد، ڤۆلتێر لە رێگای ئەم شانۆگەرییەوە ناسراوە، لە ساڵی 1718 لە زیندانی باستیل نوسیویەتی، بۆ ماوەی چل و پێنج رۆژ لەسەر تەختی شانۆی پاریس نمایشکراوە.

2. شانۆگەریی Zaire ئەم شانۆگەرییە لەساڵی 1732 نووسیویەتی.

3. Erphile ئەم شانۆگەریەشی هەر لەهەمان ساڵدا نووسیوە، واتە 1732.

4. Socrates

5. Mahomet

6. Meror

7. Nanine

8. The Orphan of China ئەم شانۆگەرییە ساڵی 1755 لەسەر تەختی شانۆ نمایشکرا.

9. Irene دواییەن شانۆگەریی ڤۆلتێرە، کاتێک لە پاش بیست ساڵ لە دەربەدەریی و ژیانی تاراوگە گەڕایەوە بۆ پاریس، لە مارسی 1778 دا، ئەم شانۆگەرییە لەسەر تەختی شانۆی پاریس نمایشکرا، کە تێیدا ڤۆلتێر لە ترۆپکی شۆرەتدا بوو، بە سەدان کەس ئامادەی بینی ئەم شانۆگەرییەو ڤۆلتێر بوون. 12

ئەمەو کۆمەڵێکی تری کاری شانۆیی، کە لەو کاتەدا ڤۆلتێر نوسیویەتی. جێگای

وتنه ڤۆلتێر لەڕێگای شانۆوە شۆرەتی پەیداکرد و پاسپۆرتی خۆی لەناو جیهانی ئەدیب و روناکبیرانی پاریس دەستکەوت.

**چیرۆک و رۆمان**

ڤۆلتێر لە بواری ئەدەبدا، خاوەنی قەڵەمێکی زێڕین بووە. کەم قەڵەم هێندەی قەڵەمەکەی ئەو، توانیویەتی خزمەتی ئەدەب بکات. ڤۆلتێر لە پاش خۆی کۆمەڵێک رۆمان و نۆڤێل و کورتە چیرۆکی بەجێهێشتووە، کە هەتاوەکو ئەمڕۆش، مرۆڤایەتی دەیانخوێنێتەوەو چێژی لێوەردەگرێت. لێرەدا هەوڵ دەدەین، ئەو کارە گرنگانەی کەلە بواری رۆمان و چیرۆکدا نوسیونی، بە کورتی باسیان لێوە بکەین.

رۆمانی Zadig یەکەمین رۆمانی ڤۆلتێرە کەلە ساڵی 1747 دا نووسیویەتی.

Micromegas نۆڤلێتێکە کە زیاتر دەچێتە قاڵبی ئەدەبی فەنتازیاوە. دەتوانین بڵێین ئەمە یەکەمین رۆمانی فەنتازیای زانستی یان وەکو دەوترێت(خەیاڵ عیلمی) بوو. تێیدا ڤۆلتێر باس لەوە دەکات، کە سەفیرەکانی کەوکەبێکی تر لەسەر ئەرز، چۆن باس لە دەبەنگییەکانی رەگەزی مرۆڤایەتی دەکەن. لێرەدا ڤۆلتێر هانای بۆ فەنتازییا بردووە، بۆ ئەوەی رەخنە توندەکانی خۆی، ئاڕاستەی کۆمەڵگای ئەوکاتی فەرەنسا بکات. جێگای وتنە ڤۆلتێر ئەم نۆڤلێتەی ساڵی 1752 نوسیوە.

رۆمانی کانید Candide ناودارترین و گرینگترین کاری ڤۆلتێر لەبواری ئەدەبدا دێتە ژماردن. ئەم رۆمانە هەتاوەکو ئەمڕۆش بە یەکێک لەکارە گرینگەکانی ئەدەبی فەرەنسی دادەنرێت و چەندین لێکۆڵینەوەو کتێبی لەبارەوە نووسراوە. ڤۆلتێر لەم رۆمانەیدا، جگە لەوەی کە شێوازێکی بەرزی ئەدەبی هاتۆتە گۆ، لەهەمانکاتیشدا ناوەرۆکی رۆمانەکە لە رووی فکریی و فەلسەفییەوە زۆر گرینگە. لەم رۆمانەدا ڤۆلتێر بە توندی رەخنە لە فەلسفەی گەشبینی (التفاۆل) دەگرێت، زیاتر تیری رەخنەی ئاڕاستەی (رۆسۆ و لیبینتز) دەگرێت. ڤۆلتێر دەڵێت:

(ئێمە لە عالەمێکدا دەژین، کە هیچ شتێکی رێکوپێک نییە، چارەسەری کێشەکانیش، تەنها لەڕێگای بەکارهێنانی عەقڵ و زانستەوە دەبێت).

جێگای وتنە ڤۆلتێر ئەم ڕۆمانەی لە ساڵی 1759 دا نووسیوە، کاتێکیش بڵاوبوویەوە، یەکسەر کەوتە بەر هەڵمەتی سانسۆرکردن و قەدەغەکردنەوە. لەوکاتەدا ڤۆلتێر بە شێوازە گاڵتەئامێزەکەیە خۆی وتی:

(ئەم ڕۆمانە من نەمنوسیوە، بەڵکو ئەوەی کە نوسیویەتی ناوی Captain Demad) بە درۆوە وتی ئەمە برامە. ئەم قسەیەشی لە ڕۆژنامەی Journal encyclopedique کرد، هەرچەندە جارێکی تریش جەختی لەسەر تێروانینی عەقڵانی و جەدەلی کردەوە، هەروەک لە کتێبەکەیدا هاتووە.

لەساڵی 1764 دا داستانێکی فەلسەفی بەناوی Ce qui Plait aux Dames بڵاوکردەوە، کە زیاتر لەکاری فەلسەفییەوە نزیکە تاوەکو ئەدەبی. هەروەها لەساڵی 1767 دا داستانی Lingenu بڵاوکردەوە، کەئەویش زیاتر داستانێکی فەلسەفیی بوو.. دیارە ڤۆلتێر دەیویست لەڕێگای زمانی ئەدەبەییەوە، خۆی بخاتە ناو دەریای فەلسەفە، بەمەش کارێکی جوان و پڕ بایەخی تۆمارکرد.

## کاری فەلسەفیی

لەبواری فەلسەفەدا ڤۆلتێر جێگایەکی مەزنی هەیە، بەتایبەتی لە فەلسەفەی ڕۆمانسیەتی فەرەنسی. زیاتریش لە جیهاندا، ڤۆلتێر وەکو فەیلەسوفێک ناسراوە. ئەو لەڕیزی ئەو فەیلەسوفانەیە، کە زۆر جەختیان لەسەر چەمکی (ئازادیی، لێبوردەیی، مافی مرۆڤ) کردۆتەوە. ڤۆلتێر لە بواری فەلسەفیدا چەند کتێبێکی نوسیوە، هەرچەندە زیاتر بیری فەلسەفی ڤۆلتێر، لەنامە تایبەتییەکانیدا دەردەکەوێت.

ڤۆلتێر لەبارەی فەلسەفە وەدەڵێت: (فەلسەفە ئەو مەشخەڵەیە کە ڕێگای مرۆڤایەتی ڕونـاک دەکاتەوە، ئەم مەشخەڵەش هیچ کاتێک بۆ سوتاندنی ڕوناکبیران بەکارنەهاتووە، هەروەک چۆن (دادگاکانی پشکنین، محاکم التفتیش) ئەم کارەیان کرد.13.)

ڤۆلتێر لەبواری فەلسەفیدا هەندێک کتێبی هەیە کە بریتین لە :

Lettres philosophiques sur les Anglais نامەی فەلسەفی لەبارەی ئینگلاند، کە لە ساڵی 1733 دا نوسیویەتی. زیاتر کاریگەری ئینگلاندی پێوە دیارە، باس لە سیستەمی سیاسیی و فکریی ئینگلیزەکان دەکات.

Dictionnaire philosophique قاموسی فەلسەفی، کە لە ساڵی 1764 دا نوسیویەتی.

**نامە**

بیرمەندی گەورەی عەرب (هاشم سالح)، کەیەکێکە لە شارەزاکانی بواری فەلسەفەی فەرەنسی و ڤۆلتێر ناسێکی بەتواناشە، دەڵێت:

(گەر بمانەوێت بەدوای فکرو فەلسەفەی ڤۆلتێردا بگەڕێین، زیاتر لە نامە تایبەتییەکانیدا دەیدۆزینەوە 14.)

ڤۆلتێر لەتەمەنیدا، هەزاران نامەی نوسیوە، کە سیمایەکی بەرزیی ئەدەبیی پێوە دیاربووە، هەروەها ئەم نامانە پڕیەتی لە فکرو فەلسەفەو قسەی مەنگقی، لەبەرئەوە ڤۆلتێر لەم ژانرە گرنگەی ئەدەبیشدا، ئەسپی خۆی تاوداوەو بەیەکێک لەسوار چاکەکانی ئەم بوارە دێتە ژماردن .

**ڤۆلتێر و دەسەڵات**

بەگشتی ڤۆلتێر بە یەکێک لە دوژمنە سەرسەختەکانی دەسەڵاتی پادشایەتی فەرەنسی دادەنرێت. ئەو لە ژیانیدا بە هۆی رەخنە توندو گاڵتەئامێزەکانی توشی «گرتن و ئەشکەنجەدان و راونان و لە وڵات دەرکردن «هاتووە. ئەو هەمیشە دژی دەسەڵاتی رەهای پادشا ملهوڕەکانی فەرەنسا بوو، ئەو زیاتر خەونی بە دەسەڵاتێکی منەوریی، روناکبیری دەبینی. ئەو زیاتر هۆگری دەسەڵاتی مەلەکی دەستوری ئینگلیزیی بوو، بە پێچەوانەوە ڤۆلتێر هیچ وەختێک داوای شۆرش و حکومەتی شۆڕشگێریی نەکردووە، هەروەک هەندێک پێیان وایە .

## ڤۆلتێرو مەلیک فریدیکی گەورەی بروسیا

لە ناوەراستی ساڵانی سەدەی بیستەمدا، کتێبێکی ئەڵمانی دەرچوو، کە تێیدا ئەو نامانەی تێدا بڵاوکرایەوە کەلە سەدەی هەژدەدا لەنێوان ڤۆلتێری فەیلەسوف و فریدریکی گەورەدا گۆڕاونەتەوە. کاتێک چاوم بەو نامانە کەوت سەرم لە دوو شت سوڕما.

یەکەم لە شێوازی ماستاوچێتی ڤۆلتێر بۆ ئەم مەلیکە، تەنانەت فریدریکی گەورە، لە دووەم نامەدا بە ڤۆلتێر دەڵێت: (حەزناکەم هێندە بەو شێوازە نامەم بۆ بنوسیت ، کە تێیدا زیاتر تۆنێکی ماستاوچێتی پێوە دیارەو زیاد لە پێویستیش بە شانوباڵی مندا هەڵبدەیت15).

خاڵی دووەم  لەم نامانەدا کە جێگای سەرنجم بوو، زانایی و بەتوانایی ئەو مەلیکەی ئەڵمانیام بۆ دەرکەوت، لەنامەکانیدا زانیارییەکی زۆریی لەبارەی «شیعر، ئەدەب و فەلسەفەو حیکمەتی ژیان « تێدایە.

یەکێک لەو رەخنانەی کەلە ڤۆلتێر دەگیرێت، ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەیە کەلەنێوان ڤۆلتێر و مەلیکی بروسیا (فردریکی گەورە). لەکاتێکدا ڤۆلتێر وەکو شۆرشگێرێکی مەزن دژ بە دەسەڵاتی بۆربۆنی فەرەنسی ناسراوبوو، کەچی دۆستێکی نزیکی مەلیکی بروسیا بوو، هەمیشە میوانی تایبەتی ئەم کۆشکەکانی مەلیک بووە. هەرچەندە پاش ماوەیەک ڤۆلتێر لەگەڵ ئەم مەلیکەش پەیوەندی تێکدەچێت، هەروەک لەسەرەوە باسمانکرد، بەڵام ئەم پەیوەندییە سەیرەی ڤۆلتێری فەیلەسوف و مەلیکی بروسیا، خاڵێکە جێگای سەرنج و تێڕامانی نوسەرانی و لێکۆڵێرەوانی ڤۆلتێرە.

لەهەمانکاتیشدا بەیەکێک لەو رەخنانەی دادەنرێت، کە لە ڤۆلتێر دەگیرێت، چونکە لەوکاتەدا هیچ جیاوازییەک لەنێوان مەلیکی بروسیا و مەلیکی فەرەنسا نەبووە، هەردوکیان ملهوڕ و دیکتاتۆر بوونە، ئەوەنەبێت کە فریدریکی گەورە، کەسێکی روناکبیرو زانا تربووە، لە هەمانکاتیشدا زۆر حەزی بە تێکەڵی لەگەڵ فەیلەسوف و منەویرانی سەدەکەی خۆی کردووە.

**ڤۆلتێر چەمکی ئازادی**

یەکێک لەو چەمکە فکریانەی کە ڤۆلتێر کاری تێداکردووە، هەروەها پێوەی ناسراوە، چەمکی «ئازادی» یە. ئەو بەیەکێک لە مامۆستا گەورەکانی بیری لیبڕالیزم و ئازادیی سیاسیی و تاکەکەسی دادەنرێت.

دەتوانم بڵێم ڤۆلتێر لە کاتێکدا قسەی خۆی کرد، کە بێ دەنگی و ملکەچی باشترین شێوازی ژیان بوو، بەڵام ئەو بە پێچەوانەی خەڵکی ترەوە دەنگی خۆی هەڵبڕیی دژی دەمارگیری مەزهەبی، دژی چەوساندنەوەی مەزهەبی، دژی دیکتاتۆریەتیی ملهوریی راوەستایەوە، هەروەها بوو بە پارێزەرێکی گەورەی ئازادیی و رادەڕبرین.

ڤۆلتێر زیاد لەپێویست جەختی لەسەر ئازادیی و رادەڕبرینی خەڵکی دەکردەوە. دەتوانین ئەو بەیەکێک لە باوکە مەزنەکانی بیری ئازادیی تاکەکەسی دابنێین، چونکە زۆر گرنگی پێدەدا.

(هەرچەندە لەگەڵتا هاوڕا نیم، بەڵام بەهەموو شێوەیەک پشتگیریت دەکەم، تاوەکو بە ئازادانە بیروڕاکانی خۆت دەربڕیت.)

ئەمە یەکێکە لە وتە بەناوبانگەکانی، کە هەتاوەکو ئەمڕۆش لە جیهاندا دەوترێتەوەو رۆڵێکی گەورەی لە پێشکەوتنی دیموکراسیی و کۆمەڵگای پلورالیزمدا گێڕاوە. خۆی لەپاش ڤۆلتێر ئەم کرایە بەردی بناغەی کۆمەڵگەی پلورالیزمی رۆژئاوایی. لێرەدا بە روونی ڤۆلتێر پەیامەکەی خۆی بەجیهان رادەگەیەنێت، لە هەمانکاتیشدا وەسفێکی گەورەی ئازادیمان بۆ دەکات، لە مانا و مەبەستی ئەم چەمکەمان بۆ روون دەکاتەوە.

ڤۆلتێر یەکێکە لە فەیلەسوفە مەزنەکانی قوتابخانەی هومانیزم، ئەو زۆر شێلگیرانە پشتگیریی لە مافەکانی مرۆڤ و پیرۆز راگرتنی کەرامەت و کەسایەتی مرۆڤ دەکرد. بەتایبەتی زۆر پشتگیریی لەئازادی رادەربرین دەکرد.

ڤۆلتێر دەڵێت:

(هەر تاکێک بە بیانوی ئەوەی باوەڕێکی پێچەوانەی ئەوی تری هەیە، کەسێکی تر ئازار بدات، دڕندەیە .١٦)

لەرووی سیاسیشەوە ڤۆلتێر زۆر جەختی لەسەربوونی سیستەمی کۆماریی دیموکراسی دەکردەوە. ئەو بەپێچەوانەی مۆنتسکیۆ، کە داوای سیستەمێکی پادشایەتی دەستوری هاوشێوەی ئینگلاندی دەکرد، ڤۆلتێر دژی ئەم بۆچوونە بوو.

لەمبارەیەوە ڤۆلتێر دەڵێت:

(لەنێوان سیستەمی حوکمڕانی ستەمکاری کە کار بە هیچ یاسایەک ناکات، لەگەڵ سیستەمی حوکمڕانی پادشایەتی کە یاساکان هەر هەمووی تاکە کەسێک دایدەنێت، جیاوازییەکی هێندە گەورە نابینین، بەڵکو ئێمە لەبەردەم دوو سیستەمی حوکمڕانی هاوشێوەداین کە زۆر بەیەک دەچن .١٧)

ڤۆلتێر پێیوابوو ئەرکی دەوڵەت ئەوەیە، کە ئازادیی و ئاسایش بۆ تاک دابین بکات، لەبەرامبەردا تاکیش پێویستە پشتگیری لە دەوڵەتی خۆی بکات و پێی وەفادار بێت، لەبەرئەوە یاساو رێزگرتن لەیاساش، رۆڵێکی گەورەی لای ڤۆلتێر هەبوو، بەڵام لەهەمووی گرنگتر لای ڤۆلتێر، مرۆڤ بوو. بەبڕوای ئەو، چەمکی رێزو کەرامەتی مرۆیی زۆر بەرزترە لە گشت چەمکەکانی تری وەکو نەتەوە، ئاین، مەزهەب. بە واتایەکی تر هەموو مرۆڤان یەکسانن، چونکە هەموویان بە چەشنێکی یەکسان مرۆڤن، کەواتە یەکسانی مەرجێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە ١٨.

بە دڵنییایەوە ڤۆلتێر لەپێش هەموو شتێکدا ئەو دژی دەمارگیریی ئایینی و مەزهەبی بوو، لە هەمانکاتیشدا تێزەکانی لەبارەی ئازادیی و لێبوردن و سیستەمی دیموکراسییەوە، رۆڵێکی ئێجگار مەزنی لە مێژووی فکرو فەلسەفەی جیهاندا گێڕا.

## ڤۆلتێر و چەمکی لێبوردن

دەتوانین ڤۆلتێر بە باوکی چەمکی لێبوردن دابنێین، هیچ فەیلەسوفێکی فەرەنسی هێندەی ئەو بەتەنگ چەمکی لێبوردەییەوە نەچووە. دیارە خەباتی ڤۆلتێر لە پێناوی لێبوردن و دژایەتیکردنی بیری دەمارگیری، رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، لەبڵاوکردنەوەی ئەم چەمکە و نەهێشتنی توندوتیژی ئاینی و مەزهەبی لە فەرەنسا و ئەورووپادا.

ڤۆلتێر زۆر پشتگیری چەمکی لێبوردن و تۆلێرانسی دەکرد، چونکە پێی وابوو گەر ئێمە لە هەڵەکانی یەکتر نەبوورین و توانای بەرگەگرتنی یەکتریمان نەبێت، ناتوانین باس لە ئازادی بکەین، چونکە ئازادیی مانای گوێگرتن و قبوڵکردنی رای بەرامبەرمانە، با ئەو رایەش دژمان بێت، ئەوا پێویستە رێز لەو بۆچوونە بگرین.

لێرەشدا چەمکی لێبوردن رۆڵی سەرەکی دەگێرێت، چونکە ئێمە رۆحێکی لێبوردەییمان تێدا نەبێت، ناتوانین کۆمەڵگایەکی دیموکراسیش دروست بکەین. ساڵی 1763 پاش چەندین رووداوی دڵتەزێن، کەناخی ڤۆلتێر دەهەژێنێت، کتێبێکی مەزن بەناوی (وتارێک لەبارەی لێبوردنەوە دەنوسێت).

ئەم کتێبە دەبێتە بەرنامەیەکی درێژخایەن بۆ وروژاندنی رای گشتی فەرەنسی، بە قازانجی دژایەتیکردنی دەمارگیری و هاندانی خەڵکی بۆ و قبوڵکردنی مەزهەب و دیدی جیاواز.

ڤۆلتێر لەبارەی لێبوردەیەوە دەڵێت: «لێبووردن چییە؟ لێبوردن دەرئەنجامێکی لکاوە بەبوونی مرۆڤایەتیمانەوە. ئێمە هەموومان بەرهەمی لاوازیین. هەموومان لەرزیوین و هەڵە دەکەین، لەبەرئەوە لێیگەڕێ با لەیەکدی ببوورین و لەشتی یەکدی بەرامبەر بەیەک بە شێوەیەکی دوولایەنە ببورین. ئەمەیە بنەمای یەکەمی یاسای سروشت و بنەمای یەکەمی سەرجەم مافەکانی مرۆڤ «هەروەها لەم کتێبەیدا، بەتوندی هێرش دەکاتە سەر کەنیسەی مەسیحی و کاسۆلیکی بەتایبەتی. ڤۆلتێر دەڵێت:

« مەسیحیەت مێژووی شانزە سەدە بەربەیەتە. سەردەمێکی درێژ بەسەر فەرمانڕەوایی مەزهەبی مەسیحیەتدا بەهۆی قوستەنتینیەوە نەڕۆیشتبوو کە ئاتانازیەکان و ئۆسبیەکان، کەوتنە گیانی یەکدی و لەوکاتەوە تا ئەمڕۆ هەمیشە کەنیسەی مەسیحی لە خوێندا غەرق بووە.»

ڤۆلتێر دەیەوێت سود لەوانە تاڵەکانی مێژوو وەربگرێت، دەڵێت:

(ئەم جیاوازییە ترسناکانە کە چەند سەدەیەکی خایاندووە، وانەیەکی گرنگە سەبارەت بەوەی ئێمە دەبێت هەڵەکانی یەکدی ببەخشین. جیاوازبوون، بەدبەختی گەورەی مرۆڤەو «لێبوردن»یش تەنها رێگا چارەیەتی.)

ڤۆلتێر پەنا بۆ بازرگانی دەبات و دەیەوێت  لەم ڕێگایەوە، بۆچوونەکانی بسەلمێنێت.

(لە بۆرسەی ئەمستەردام، یان لەندەن، یان بەسرەدا، کە زەردەشتی، یەهودی، موسڵمان، کاسۆلیک، پرۆتستانت، ئەرتەدۆکسی، هەر هەموویان مامەڵە پێکەوە دەکەن، خەنجەر بە رووی یەکدا هەڵناکێشن، بۆ ئەوەی یەکێکیان ئەویدی بهێنێتە سەر دینەکەی خۆی. کەوابوو بۆچی ئێمە «مەسیحیەکان» پاش ئەنجومەنی نیقیە * بەردەوام کوشتار لەگەڵ یەکیدا دەکەین ؟.١٩)

دیارە ڤۆلتێر لەو باوەڕەدا بوو، کە بازرگانی دەتوانێت ڕێگا لە توندوتیژی و دەمارگیری ئایینی بگرێت. کارو خەباتی ڤۆلتێر لە پێناوی لێبوردندا، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو، لە گەشەسەندنی بیری لێبوردن و دامەزراندنی کۆمەڵگای مەدەنی و فەراهەمکردنی ئازادی بیروڕا.

## ڤۆلتێر و مێژوو

زۆربەی فەیلەسوف و مێژوونوسان لەسەرئەوە کۆکن، کە ڤۆلتێر یەکێکە لە مامۆستا گەورەکانی زانستی مێژووی مۆدێرن. ئەو سەرلەنوێ  لێکۆڵینەوەی لەمێژووی ئەوروپاو جیهان کرد، پاش ماوەیەکی زۆر قسەی خۆی لەبارەی زانستی مێژووەوە کرد.

ڤۆلتر دەڵێت: (مێژوو لە وێنەیەکی تاوان و کارەساتەکان زیاتر شتێکی تر نییە٢٠.)

ئەو دژی تێڕوانین و میتۆدی تەقلیدی مێژوو بوو، دەیویست جارێکی تر مێژووی فەرەنسا و ئەوروپاو جیهان بنوسێتەوە، چونکە ئەو ڕەخنەی زۆری لە جۆری نوسینی مێژووی کۆن بوو.

ڤۆلتێر دەڵێت: (شەڕ و شۆڕەکان، سوپاو سەرکەوتن، شکست و داگیرکاری شارو دیسان گرتنەوەیان. ئەمانە کارێکن  گشت کتێبە مێژوویەکان تێیدا هاوبەشن،،، مێژوو لە پێشکەوتنی عەقڵ  و هونەرەکان داماڵە هیچی تێدا نامێنێتەوە.ل٢١)

هەربۆیە ئەو دەیەیوێت بە شێوەیەکی نوێ مێژوو بنوسێتەوە کە تەواو جیاوازبێت لەوەی پێشوو. (نامەوێ مێژووی شەڕو شۆڕ و جەنگەکان بنوسمەوە، بەڵکو لەبارەی کۆمەڵگەکانەوە، جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە خەڵک چۆن لەناو خێزان و خانەوادەکانیان ژیاون، ئەو هونەرە هاوبەشانە چی بوون کە گەشەو نەشەیان پێداون، بابەتەکەی من مێژووی ئەقڵی ئادەمیزادە نەک لۆرد و گەورە دەسەڵاتداران، ئەمانە بەلای منەوە گرنگ نین، من دەمەوێت هەقیقەتی ئەو هەنگاوانە بزانم، کە مرۆڤ ناونی هەر لەسەردەمەکانی بەربەرییەتەوە تا دەگەنە شارستانییەت .٢٢)

هەربۆیە نوسەری گەورەی ئەمەریکی ویلی دیورانت دەڵێت: (ڤۆلتێر توانی یەکەم فەلسەفە دەربارەی مێژوو بێنێتە بەرهەم، یەکەم تەقەللایەکی رێکوپێک لە شۆپاژۆکردنی هۆکارە سروشتییەکانی پەرەسەندنی ئەقڵی ئەورووپایی، هەربۆیە ڤۆلتێر بناغەی زانستی مێژووی نوێی دامەزاراند.٢٣)

ڤۆلتێر لەبواری داهێنان و مۆدێرنیزەکردنی زانستی مێژوودا، رۆڵێکی ئێجگار پڕ بایەخ و گرنگی هەیە، هەربۆیە ئەو بە مامۆستای یەکەمی زانست مێژووی مۆدێرن دێتە ژماردن.

## ڤۆلتێر و دەسەڵاتی ئایینی و توندڕەوی مەزهەبی

دیارە بۆ ئەوەی بەباشی لەفکر و فەلسەفە ڤۆلتێر تێبگەین بەتایبەت لەمەڕ تێڕوانینی بەرامبەر بە توندڕەو مەزهەبی و جەنگی ئاینی، رەگەزی «کات و شوێن» یارمەتیمان دەدات.

ڤۆلتێر لە کیشوەری ئەورووپاو وڵاتی فەرەنسا دەژیا، لە هەمانکاتیشدا لەسەدەی هەژدەدا، تەواوی کیشوەری ئەورووپا، خۆیان لەناو جەنگێکی مەزهەبی و ئایینی و نەتەوەیدا دەبینیەوە. لەوکاتەدا هزری توندڕەو مەزهەبی، باڵی بەسەر تەواوی فەرەنساو ئەورووپای رۆژئاوادا کشابوو. بەتایبەتی جەنگی « کاتۆلیک و پرۆتستانت» تەواوی ئەورووپای وێرانکردبوو.

ڤۆلتێریش ڕۆژانە تراژیدیاکانی جەنگ و  توندڕەویی مەزهەبی بە چاوی خۆی دەبینی، هەربۆیە ئەم مەسەلەیە تەواو مێشکی داگیرکردبوو، کاری جددی لەپێناو دژایەتیکردنی ئەم جۆرە عەقڵیەتەدا کردووە.

ڤۆلتێر دەڵێت: (یەکەم کاهین، یەکەم فێڵبازو ساختەچی بووە، کە چاوی بەیەکەم گەمژەیەک کەوتووە.). ڤۆلتێر جەنگێکی گەورەی دژ بە پیاوانی ئایینی و هزرە توندڕەوییەکەیان بەرپاکرد.

(گەر پیاوانی ئایینی تەنیا ڕێوڕەسمە ئاینیەکانیان جێبەجێبکردایە لێبوردەبوونایە بەرامبەر بە ئەوانەی لە ڕێبازیان جیان، ئەوا من گوێم بە باوەڕەکە نە دەدا، بەڵام هەڵوێستی و توندڕەوییان کەلە ئینجیلدا شوێنەوارێکی نییە، بووەتە سەرچاوە ئەم ململانێ خوێناویەی ناو مێژووی مەسیحی، ئەو مرۆڤەی کە پێی دەوتم وەک من باوەڕبهێنە ئەگینا خوا سزات دەدات، ئێستا هاتووە بە من دەڵێت، وەک من باوەڕ بهێنە، ئەگینا تیرۆرت دەکەم، ئەو توندڕەوییە ئاوێتەی خورافات و نەزانی بووە، لە هەموو سەدەکاندا بنەمای بەڵا و نەهامەتی بووە.٢٤)

هەربۆیە ئەو دەڵێت: (مێژووی مەسیحیەت، بریتیە لە شانزە سەدە بەربەرییەت.٢٥)

**کەنیسەو هەوڵی کڕینی  ڤۆلتێر**

دیارە پیاوانی ئایین چەندە رقیان لە ڤۆلتێر دەبوویەوە، بەڵام لەهەمانکاتیشدا باش لەپێگەو قەڵەمەکەی ڤۆلتێر تێدەگەیشتن، هەربۆیە هەوڵیاندا لەگەڵیدا سوڵحێک بکەن و دەمی چەوربکەن.

کەنیسە بڕیاریدا کە « کڵاوی کاردینالْ» ی بددەنێ، ئەمەش هەوڵێک بوو بۆئەوەی ڤۆلتێر بکڕن و دەمکووتی بکەن. بەڵام ڤۆلتێر زۆر لە پیاوانی ئایینی زیرەکتربوو، ئەو دەیزانی  پیاوانی ئایینی لەڕێگەی ئەم « کڵاو ە ئایینییەوە» دانەوێت کڵاوی گەمژەیی بکەنە سەر، هەربۆیە ئەم پێشنیارەی ڕەتکردەوەو رازی نەبوو، بەڵکە لەسەر هەڵوێست و بۆچوونەکانی خۆی موکڕتربوو.٢٦

**ڤۆلتێر و شۆرش مەزنی فەرەنسی**

دیارە شۆرشی فەرەنسی هەرلەخۆڕا دروستنە بوو، بەڵکو پێشتر لەرووی فکرییەوە، پاشخانێکی باشی هەبوو. ئەوە بۆچوونە رادیکاڵ و شۆڕشگێرەکانی فەیلەسوف و بیرمەندانی فەرەنسی و ئەوروپی بوو، کە ئاگری شۆرشێکی مەزنی جیهانی بەرپاکرد، ئەگەر بیرمەندانی فەرەنسی پێشتر دەستیان بە رەخنەگرتن لە دەسەڵاتی ئەوکاتی فەرەنسی نەگرتبایە، ئەوا کەس زاتی ئەوەی نەبوو پەلاماری باستیل بدات.

پێش ئەوەی خەڵکی عەوام پەلاماری کۆشکی پادشاکانی فەرەنسای دا، نوخبەی رۆشنبیری فەرەنسی لە رێگای کتێب و وتارە گرینگەکانیانەوە، پەلاماری کۆشک و تەلاریی ئەرستۆکراتی فەرەنسیان دا، بەڵام نابێت ئەوەشـان لەبیربچێت، کە هیچ وەختێک ڤۆلتێر لەگەڵ بیری شۆرشدا نەبووە، بەڵکو ئەو لەگەڵ ریفۆرمی سیاسی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی علمانی و ئازادو لیبراڵدا بووە. رێک وەکو ئەوەی کە ڤۆلتیر زاینیبێتی کە لەپاش شۆرشدا، دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری « رۆبسبیر» و پاشانیش «ناپۆلیۆن» دروست دەبێت.

## ڤۆلتێر و جەنگ

ڤۆلتێر بەیەکێک لە پێشەوا مەزنەکانی بیری «ئاشتیخوازی جیهان» دەژمێرێت. ئەو هەمیشە بە نوسین و کتێبەکانی، دژی بیری «شەڕەنگێزی و میلیتاریزمی» بووە.

ڤۆلتێر دەڵێت: (شەڕ هەوێنی گشت تاوانەکانە، لە گەورەترین خراپەکارییەکانە هەر دەوڵەتە و دەیەوێ بەرگ و سیپاڵێکی رەوایی بکات بە بەرتاوانەکەیدا، کوشتن حەرامەو لەسەردەمی ئاشتیدا هەموو جۆرە کوشتنێک سزا دەدرێ، بەڵام هەر کە فوکرا بە کەڕەناکەدا و شەڕ هەڵگیرسا، ئەوا کوشتنی بەهەزاران رەوایە. ٢٧) ئەو هەمووکاتێک دژی کوشتنی مرۆڤ بووە بە ناڕەوایەتی، هەربۆیە زۆرجار ئەو بە یەکێک لەپێشەواکانی « هومانیزم › دێتە ژماردن .

ڤۆلتر دەڵێت: (هەرلەو کاتەی کە مرۆڤ لەسکی دایکیدایە، تا باسک و مەچەکی پتەوتوند دەبێت، بیست ساڵێکی دەوێت، لە منداڵییەکەیدا زیندەوەرێکە و دوایی دەبێتە گەنجێک و فام دەکاتەوەو ئەقڵی کامڵ دەبێ، بەڵام سێ هەزار ساڵێکی دەوێت تا لەو بونیادەی خۆی شارەزا بێت، بۆ ئەبەدیش تا شتێک لە دەروونی خۆی دەزانێت، کەچی یەک چرکە بەسە بۆ کوشتنی .٢٨)

جەنگ لای ئەو ناشرینترین و قێزەونترن هەڵوێست و کاری مرۆڤە، لەبەرئەوە هەمیشە دژی جەنگی تایەفەگەری و مەزهەبی و تەنانەت نەتەوەیش بووە. لە شوێنێکی تردا دەڵێت: (گەر شەڕێک درێژەی کێشا، ئەوا هیچ رەوایەتی لەو شەڕەدا نامێنێتەوەو هەردوولای جەنگەکە تاوانبارن ٢٩.)

**دوا قسە**

دیارە ڤۆلتێر چ لەڕووی هزری و چ لەرووی عەمەلیشەوە، هەوڵیداوە گۆڕانکاری لەبیرو هزری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی فەرەنسی و ئەوروپیدا بکات. ئەو هەر لە پێناوی بۆچوونەکانیشی ئامادەبوو خۆی بخاتە بەر ئازار جەلادەکانی زیندانەکان، ژیانی غەریبی و دوورە وڵاتی هەڵبژێرێت، لەدورەوە بە چاوێکی رەخنەگرانەوە سەیری وڵاتە جوانەکەی بکات.

دیارە قسەکردن لەبارەی فەیلەسوفێکی مەزنی وەکو ڤۆلتێر زۆریدەوێت، گەر بە پڕکردنەوەی سەدان لاپەڕەش، هێشتا ناتوانین بە تەواوەتی وێنەیەکی پڕاوپڕ بەم فەیلەسوفە مەزنە بدەین، بەڵام هیوادارین کە توانیبێتمان بەچەند دێڕێک، تیشکێک بخەیەنە سەر گرنگترین هزرو کارەکانی ئەم فەیلەسوفە گەورەیەی جیهان.

سەرچاوە:

1. زینه الربیعی. فولتیر. جریده المدی. الجمعه. 2011.03.18

2. محمد زکریا توفیق. فولتیر رائد من رواد فلسفه التنویر فی القرن الپامن عشر. سایتی حوار المتمدن .

٣. Bertrand Russell. Philosophie des Abendlandes.die übertragung

aus dem Englischen von : Elisabeth Fischer –Wernecke und Ruth Gillischewski. Europa Verlag. 10 Auflage. .2001

٤.فلسفه التعبير عند فولتير. ملحق جريده المدى.18.03.2012

٥.زينه الربيعى. فولتير. جريده المدى. الجمعه. 2011.03.18

٦.هەمان سەرچاوە.

٧.فولتير زعيم الانوار. جريده المدى . 18.03.2012

٨.زينه الربيعى. فولتير. جريده المدى. الجمعه. 2011.03.18

٩.محمد زكريا توفيق. فولتير رائد من رواد فلسفه التنوير فى القرن الپامن عشر. سايتى حوار المتمدن .

10.زينه الربيعى. فولتير. جريده المدى. الجمعه. 2011.03.18

11. هەمان سەرچاوە.

12. هەمان سەرچاوە.

13. هاشم صالح. مسيره التنوير الفرنسى من تورغو إلى فولتير. سايتى حوار لامتمدن . 2002.10.19

14. هەمان سەرچاوە.

voltaire Briefwechsel mit Friedrich dem Großen und Katharina .15 II. ausgewält und übersetzt von. Walter Mönch.HansßvonßHugo Verlag Berlin. 1944.S8

١٦. رامين جەهانبەگلو. دەسەڵات و ئازادیی. وەرگێڕانی: عەتا جەماڵی. دەزگای موکریان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە. چاپی یەکەم. 2009. لاپەڕە١١١

١٧.هەمان سەرچاوە.ل١١٤

١٨.هەمان سەرچاوە.ل١١٥

١٩. چەند تێکستێکی وەرگێڕاو. نوسینی: چەند نوسەرێک. وەرگێڕانی، رێبین هەردی. چاپی دووەمم، خانەی وەرگێڕان. سلێمانی. 2011. لاپەرە 69

٢٠.ویل دیورانت. مێژووی فەلسەفە لە ئەفڵاتونەوە بۆ جۆن دیوی. وەرگێرانی:

ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی.  چاپی یەکەم . خانەی وەرگێڕان. سلێمانی. لاپەرە.٢٧٤

٢١. هەمان سەرچاوە.لاپەرە ٢٧٦

٢٢. هەمان سەرچاوەلاپەرە ٢٧٧

٢٣.هەمان سەرچاوە.

٢٤. هەمان سەرچاوە. لاپەرە ٢٩٤

٢٥. چەند تێکستێکی وەرگێڕاو. نوسینی: چەند نوسەرێک. وەرگێرانی، رێبین هەردی. چاپی دووەمم، خانەی وەرگێران. سلێمانی. 2011. لاپەرە 69

٢٦. ویل دیورانت. مژووی فەلسەفە لە ئەفلاتونەوە بۆ جۆن دیوی. وەرگێرانی: ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی.  چاپی یەکەم . خانەی وەرگـڕان. سلێمانی. لاپەرە.٢٧٤

٢٧.هەمان سەرچاوە.لاپەرە ٣٠٣

٢٨.هەمان سەرچاوە.

29.www.bk-luebeck.eu/zitate-voltaire

پەراوێزەکان /

*373)265/Saint Athanase) رابەری کەنیسەی مەسیحیەتی یۆنانی بوو

340)265/Euseb de Cesaree) نووسەر و یەکێک لە گەورەکانی  مەسیحیەتی یۆنانی بوو.

# ڤۆڵتێر
# ئەو فەیلەسوفەی
# کە دین دەکوتێت

وەرگێڕانی ئاکام بەسیم

هەندێك لە نوسەران مێژووی شارستانی، سەدەی هەژدەیەمیان بە ((سەدەی ڤۆڵتێر)) ناوبردووە. هەندێکیش ڤۆڵتێر بە(قسەکەری سەدەی هەژدەم) ناودەبەن. لەسەردەمی ژیانی ئەم نوسەر و شاعیر و فەیلەسوفە، هەروا لە دوای مردنیشیەوە زۆر نازناوی پێبەخشراوە. ڤۆڵتێر نازناوی ((گەوهەری درەوشاوەی فەرەنسا))، ((ئیمپراتۆری ئەدەبیات))، (پەیامهێنی شـۆڕش)، (( دوژمنی ئاینفرۆشان))، ((مەزنترین نامەنوسی مێژوو))یان داوەتە پاڵی. هەروا ڤۆڵتێر وەك یەکێك لە پڕ نوسترین و ماندونەناسترین نوسەرانی تەواوی مێژوو ناوبراوە. لامارتینی شاعیری مەزنی فەرەنسا بەم جۆرە باسی ڤۆڵتێر دەکات: ((ئەگەر پێوەری دادوەری ئێمە سەبارەت بە مرۆڤەکان پڕۆژەکانیان بێت، لەسەر ئەم بنەمایە ڤۆڵتێر مەزنترین نوسەری ئەوروپای نوێیە)). ڤیگۆتۆر هۆگۆی نوسەر هاوزادگەی ڤۆڵتێر لەبارەیەوە بەم جۆرە دەدوێت: (( ڤۆڵتێر دەرخەری تێکڕای تایبەتمەندییەکانی سەدەی هەژدەیەمە)).

نوسەرانی سەربوردەی ڤۆڵتێر دەڵێن، ڤۆڵتێر لەڕووی بێباکی و بوێری و بەرنگاربوونەوەی پیاوانی ڕۆحانی ئایین فڕۆش و تەڵەکەبازانی ئاینزاکان لەسەرانسەر مێژوودا بێ هاوتایە. هیچ بیرمەندێك دیکە وەك ڤۆڵتێر لە دژی پیاوانی ڕۆحانی مەسیحی بەیداخی شۆڕشی هەڵنەکردوە.

زۆرێك لە نوسەرانی ژیاننامەی ڤۆڵتێر، بە نوێنەری مەزن و بێ ڕکەبەری بزوتنەوەی هزری و ڕۆشنگەری سەرانسەری ئەوروپاو بەتایبەتی فەرەنسای دەزانن. ڤۆڵتێر زیاتر لە حەفتا ساڵی تەمەنی خەریکی نوسین بوو، 99 کتێبی هەمەجۆری وەك چیرۆك و شانۆنامەو شیعرو ڕەخنەو مێژوو و فەلسەفە نوسی.

نوسینەکانی ڤۆڵتێر لێوریژن لەهۆشیاری و تەنزی رەخنەگرانەو زیرەکی و ژیری و ئامۆژگاری، لە نوسینەکانی ئەم نوسەرە شۆرشگێڕو نەریتشکێنەدا، ڕوونی دەربڕین و وردبین جوان و گاڵتەجاری و پێکەنینی تاڵی ئازاردەرو فێرکاری عاقڵانە، وەك شەپۆلەکانی دەریا شەپۆل دەدەن. ئاناتۆڵ فرانس لەبارەی شێوازی نوسینی ڤۆڵتێر دەڵێت: ((قەڵەم لەناو پەنجەکانی ڤۆڵتێردا خار دەداو قاقا پێدەکەنێت)). دالامبر ڤۆڵتێر بە پەسنی (وەسف)نەکراو و هەورەبروسکەی شەوانی بێدەنگ و تاریکی سەدەی هەژدەیەم ناودەبات.

ڤۆڵتێر لە ڕووی کاریگەر بەسەر بزوتنەوە هزرییەکانی فەرەنساو ئەوروپاوە بە مەشخەڵی ئاگرین داناوە کە نزیکەی حەفتا ساڵ سوتا تاکو ڕوناکی و ئاگایی و بێداری بڵاوبێتەوە.

گۆتەی شاعیری ناوداری ئەڵمانیش ڤۆڵتێری بە بلیمەت ناوبردوە. بلیمەتێك کە تواناکانی لە دەربڕین و لۆژیك و فەلسەفەدا سەرسامکەرو سیحراوین.

گاریگەری ڤۆڵتێر بەسەر هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی فەرەنساوە، لە هەموو نوسەرانی شۆڕشگێری هاوسەردەمی خۆی زیاتر بووە. ڤۆڵتێر بە ((باوکی شۆڕشی فەرەنسا)) و (( باخەوانی شۆڕش)یش ناوبراوە.

ڤۆڵتێر دوژمنی سەرسەختی ئاین و ئاینزاکان بووە، کە ئەمانە تا دواڕادە سوکایەتیان بە عەقڵ و هەست و پێگەی مرۆڤ کردوە.

ڤۆڵتێر ڕابەران و ڕۆحی و پیاوانی مەزنی کڵێسا بە شەلاتی و دامودەزگا ئاینی و ئاینزاکان بە دوکانی فێڵبازان دەزانی، لەتێکڕای تەمەنی درێژخایەنی خۆیدا لەگەڵ پیاوانی ڕۆحانیدا لەشەرێکی بێ بڕانەوەدا بوو، تاکو دواهەمین ساتەکانی ژیانی خۆی تەنانەت لەسەر پێخەفی مەرگ، بە تەنزە ئازاردەرەکانی ڕەخنەی لەوان دەگرت.

بیرمەندێك کە ئیمپراتۆری بەهێزی پروس و شاژنی ڕوسیای مەزن شانازیان بە هاونشینی ئەوەوە دەکرد، نوسەرێك کە پاشاکانی نەمسا، هەنگاریا، دانیمارك، سوید دۆستایەتیان لەگەڵیدا بە شانازی دەزانی، ڤۆڵتێر دوای لێدەکردن، لە پێشدا

ژیرو دادوەر بن پاشان ئیمپراتۆر یان پادشا. یەکێك لە مەزنترین ئامانجەکانی ڤۆڵتێر لە ژیانیدا، لەدوای سەرەو ژێربوونی دەمودەزگای ئاینی، سەقامگیرکردنی دادوەری کۆمەڵایەتی بوو لە کۆمەڵگەدا.

**بلیمەتێك لە باستیل**

ڤۆڵتێر نزیکەی سێسەد و چەند ساڵێك لەمەوبەر لە ساڵی 1694 لە پاریس لەدایکبووە، لە خێزانێکی بۆرژوا و خوێندەوارو پێگەیشتوو بەروەردە بووە. باوکی (فرانس ئارویە) پارێزەرێکی سەرکەوتوو و زیرەك و خاوەن نوسینگە بووە. دایکی ((ماری دومارد)) ژنێکی خانەدان و هۆشیار و قسەخۆش و جوان و بەکەیف و دەماخ، بەڵام سیلگرتە بوو. ڤۆڵتێر وەك ساوایەکی زۆر کزو لاواز لەدایکبوو، پەرستارەکەی وتبووی ئەم منداڵە بەم زوانە دەمرێ و لە ڕۆژێك زیاتر ناژیت. ڤۆڵتێر دواتر لەبارەی خۆیەوە دەنوسێ، هەر لە سەرەتای ژیانمەوە هەردوو لاقم لە لێواری گۆڕدا بووە. کاتێك ئەم منداڵە کزو لاوازە هەفتەی یەکەمی ژیانی تێپەڕاند، ئەندامانی خێزانەکەی زیندوومانەوەیان بە پەرجوو زانی. هەرچەندە ئەم ساوا کزو لاوازە 84 ساڵ ژیا، بەڵام لە سەرانسەری ماوەی ژیانیدا، هەمیشە نەخۆش و کزو لاوازو ڕەنجکێش بوو، لەگەڵ چەندین نەخۆشی جۆربەجۆردا دەست و پەنجەی نەرم دەکرد. هەندێك لە پزیشکان وتویانە ڤۆڵتێر نەخۆشی سیلی لە دایکییەوە بە میراتی بۆ ماوەتەوەو ئەم نەخۆشییە، تاکو کۆتایی تەمەنی بەرۆکی بەرنەدا. ڤۆڵتێر تاکو کۆتای تەمەنی بەدەست نەخۆشی هەڵئاوسانی سییەکانی و تای جۆربەجۆرەوە ئازاری دەکێشاو هەمیشە هەستی بە سەرما دەکرد.

ڤۆڵتێر وردیلەو ڕوخسارێکی ڕەقەڵەو ناشیرینی هەبوو، پاش دووچار بوونی بە نەخۆشی ئاوەڵە ڕوخساری هێندەی تر ناشیرین بوو. ژیاننامەنوسانی ڤۆڵتێر دەڵێن ڕوخساری لەگەڵ ئەوەی پێکەنینهێن بوو، لەهەمانکاتدا ڕێزدارەنەش بوو. چاوانی درەوشاوەو پرسیارکەر و هۆشیاربوون و لە پێکەنینەکانیدا میهرەبانی،

لەگەڵ بەدفەڕەیدا ئاوێتە بوون، لە نیگادا پرشنگی بلیمەتی و لەسەرخۆیی و لێبووردەیی و تەنزی فەلسەفی بەهەموو لایەکدا بڵاودەبوونەوە.

ڤۆڵتێر لە پاش فێربوونی خوێندن و نوسین، دەستبەجێ دەست دەکات، بە نوسینی شیعر. باوکی لە هۆگری بەتینی کوڕەکەی بۆ شیعر نوسین، لە سەرسامیدا نغرۆ دەبێت، دەڵێت: ئەم کوڕە لە داهاتوودا هیچەکارە و هەژار دەبێت. کوڕەی شاعیر لە تەمەنی نۆ بۆ حەڤدە ساڵی خوێندنی فەرمی لە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی یەسوعییەکانی کە ئاینزایەکی مەسیحییە تەواو دەکات. لەم قوتابخانەیەدا بە منداڵانی گەورەترین ئەرستۆکرات و خانەدانانی فەرەنسا ئاشنا دەبێت و هۆگری بۆ ئەدەب و شانۆ بە تایبەتی شیعر نوسین نیشان دەدات. پاش تەواوکردنی قۆناغی ناوەندی، باوکی داوای لێدەکات لە بەشی یاسا درێژە بە خوێندنی بدات، بەڵام کوڕە بەشی ئەدەبیات هەڵدەبژێرێ و لەگەڵ باوکی تێهەڵدەچێت. لەم سەردەمەدا گەورەترین ئامانجی شاعیری لاو ئەوەیە کە ببێتە ناوێك لەناو ناواندا و شاعیرێکی بەناوبانگ، بەڵام ئەم شاعیرە ناوداره، پێویستە یەکێکیش بێت لەسەرمایەدارانی مەزن. لەم سەردەمەدا ڤۆڵتێر وابیر دەکاتەوە لێهاتووی بەبێ پارە پڕ ئازارەو پارەش بەبێ لێهاتووی بێمانایە. ڤۆڵتێر دەیەوێت ناودارێکی دەوڵەمەند بێت. ئەو پیاوەی کە کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر ڤۆڵتێرەوە بەجێ دەهێڵێت، یەکێك لە مامۆستاکانییەتی و ناوی(( شاتۆنوف))ە، ئەم پیاوە خۆی بە خوداناس، بەڵام بێ دین ناودەبات و بەسەر بیرکردنەوەی شاعیری لاوەوە، کاریگەریەکی هەمیشەی بەجێ دەهێڵێت.

ڤۆڵتێر لە تەمەنی 23 ساڵیدا لە شیعرێکی تەنزئاسادا، جێگری پادشا فەرەنسا بەتوندی دەداتە بەر گاڵتەجاری. پاش بڵاوبوونەوەی ئەم شیعرە، ڤۆڵتێر بە 11 مانگ زیندانی لە بەندینخانەی بەناوبانگی باستیل سزای دەدەن. شاعیر لاو بۆ یەکەمجار چەژەی ئەدەبیاتی خەڵك دەچێژێت.

لەسەردەمی بەندینخانەی باستیل دا، بناغەی یەکەمین شانۆنامەی خۆی بەناوی (ئۆدیپ) دادەرێژێ. هەر لەم کاتەدا ناوی خوازراو و نازناوی(ڤۆڵتێر)،

بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، تاکو کۆتایی تەمەنی هەر بەم ناوەوە واژو دەکات. زۆرێك لە ژیاننامەنوسانی، ئەم ناوە بە نهێنی ئامێز دەزانن. هەندێك دەڵێن (( ڤۆڵتێر)) ناوی زادگەی نوسەرێك بووە، کە ڤۆڵتێر هەر لە مێرد منداڵیەوە شێت و شەیدای نوسینە تەنزئامێزەکانی ئەم نوسەرە بووە. هەندێك دەڵێن ڤۆڵتێر ناوی خۆی لە مۆڵکایەتی خێزانەکەیەوە وەرگرتووە.

کاتێ ڤۆڵتێر تەمەنی دەبێتە 24 ساڵ، یەکەمین شانۆنامەی(ئۆدیپ) لە پاریسدا نمایش دەکرێ. شانۆنامەی ئەم نوسەرە لاوە، پێشوازییەکی بێهاوتای لێدەکرێ و ڕیکۆردی درێژخایەنترین نمایشکردنی شانۆ لە پاریش دەشکێنێت. (ئۆدیپ) 45 شەوی یەك لەدوای یەك نمایش دەکرێ. زیاتر لە 25000 کەس دەیبینن. نەك تەنیا ناوبانگی لە هەموو فەرەنسادا بڵاودەبێتەوە، بەڵکو دەرامەتێکی زۆریشی بۆ بەدەست دەهێنێ. ڤۆڵتێری لاو وەك بەناوبانگترین شانۆنامەنوسی فەرەنسا ناودەبرێت. ڕەخنەگرانی شانۆی فەرەنسا، ڤۆڵتێر لەگەڵ کەڵە پیاوانی وەك(سۆفۆکلیس) و (کرنی) و (راسین) بەراورد دەکەن. پەیامی شانۆنامەکە دەرخەری ستەم پیاوانی ڕۆحانی و تەڵەکەبازیانە. ڤۆڵتێر هەر لەدەسپێکی لاویەتییەوە هونەری خۆی لە دوژمنتاشی دا دەردەخات.

بە زیاتر بڵاوبوونەوەی ناوبانگی ڤۆڵتێر، ئەم نوسەرە زیرەك و هەلقۆزە، لە جاران زیاتر لەگەڵ مەزنترین خانەدان و دەوڵەمەندی پاریس سەرانسەر فەرەنسا نزیك دەبێتەوە و لەگەڵیاندا تێکەڵ دەبێت. وەڵامە خێراو تەنزە ئازاردەرو لێهاتوویيە سەرسامکەرەکەی لە شیعرو نوسین دا، دەکەونە سەرزاری خەڵکی. ڤۆڵتێر پاش ئازادبوونی لە بەندینخانەی باستیل بەشێوەیەکی بەرێزانە بەڵام تەنزئاسا، داوا لە جێگری پادشا دەکات، ئەگەر پایەداری بەرێز بخوازن، دەتوانن پارەی سێ ژەم خواردنی ڕۆژانەی من بژمێرن، بەڵام ڕێگە بدەدەن هەڵبژاردنی شوێنی مانەوەم لە جیاتی زیندانی باستیل خۆم دیاری بکەم.

ڤۆڵتێر بێ ئەوەی نازناوی خانەدان هەبێت، تەنیا لەبەر بلیمەتی ئەدەبی و ناوبانگەکەی، لە کۆڕو کۆبوونەوەی خانەدانانداا پێشوازی لێدەکرا، لەهەموو

شوێنێکدا بەرتری خۆی پێگەی خۆی بەسەر دەوڵەمەندو خانەدانە ناوداڕەکاندا دەسەڵمێنێت. گەنجێك کە نازناوی ڤۆڵتێری بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، لە سایەی عەقڵی درەوشاوەی، گاڵتەی بەناو و ناوبانگی خانەدانان دەکرد.

ئەم لاوە بەناوبانگ و بوێرە، نەك هەر تەنیا گاڵتە بە دەوڵەمەند و خانەدانەکان دەکرد، بەڵکو جێگری پادشا و پیاوانی ڕۆحانی مەزنیش لە چزوی تەنزی ئازاردەری ئەم بەدوور نەبوون. کاتێك جێگری پادشا بەهۆی دروستبوونی قەیرانی دارایيەوە نیوەی ئەسپەکانی کۆشکی بەمەستی کەم کردنەوەی خەرجی دەفرۆشێت، ڤۆڵتێر پێیدەڵێت: باشترین ڕێگەی کەمکردنەوەی خەرجییەکانتان، وەدەرنانی نیوەی ئەو کەرانەیە کە لە دەربارندا.

لە یەکێك لە کۆڕو کۆبوونەوەکانی خانەداندا، یەك لە خانەدانەکان ڕووی دەمی لە ڤۆڵتێر دەکات، دەپرسێ ئەم لاوە کێیە بە دەنگی بەرز قسە دەکات، ڤۆڵتێر لە وەڵامدا دەڵێت: ((پایەبەرز ئەم لاوە کەسێکە ناوی گەورەی بۆ پەسنی کردن هەڵنەگرتووە، بەڵام بەهۆی ئەو نازناوەی کە هەیەتی خەڵکی ڕێزی لێ دەگرن.))

بە فەرمانی هەمان پیاو، چەند کەسێك ڕادەسپێرێن کە ڤۆڵتێر لەبەر بێشەرمەیەکەی تێهەڵدان بکەن، بەڵام گەورەکەیان بە پیاوەکانی دەڵێت زیان بە سەری نەگەیێنن، چونکە لەوانەیە لە داهاتوودا شتێکی سەرنجڕاکێش لەو سەرەوە داچۆرێت. دوای چەند ڕۆژێك ڤۆڵتێر بەسەرو کەلەی بێچراوەوە، لە هۆڵی شانۆدا ڕووبەڕووی هەمان پیاوی خانەدان دەبێتەوە، بۆ (دونگ) یاخو شەڕی ڕووبـەڕوو بانگهێشتی دەکـات، بەڵام ئەو کەسەی کە بووەتە هۆی بریندارباوونی ڤۆڵتێر، لە خزمانی نزیکی سەرۆکی گشتی شارە. لە ئەنجامدا ڤۆڵتێر، بۆ دووەم جار سەر لە بەندینخانەی باستیلەوە دەردەکات، بەڵام پاش دوو هەفتە ئامادەن ئازادی بکەن، تەنیا بەو مەرجەی لە فەرەنسا بچێتە دەرەوە بەرەو بەریتانیا بڕوات. ڤۆڵتێر بەریتانیا لە باستیل بەباشتر دەزانێ و یەکەمین قۆناغی تاراوگەنشینی دەست پێدەکات.

## دوورخستنەوە بۆ بەریتانیا

ڤۆڵتێر لە تەمەنی 32 ساڵیدا دەچێتە بەریتانیا و سێ ساڵ لەم وڵاتەدا دەژی. لەم سەردەمەدا بەریتانیا بە یەکێك لە ئازادترین وڵاتی جیهان دەژمێردرێ. بەریتانیا وڵاتێکە پاشاکەی لە سێدارەداوەو ڕیفۆرمی ئاینی کردووە و ئەنجومەنی میللی یاخود پەرلەمانەکەی چەقی دەسەڵاتی خەڵکییە.

ڤۆڵتێر بە زووی لەوە تێدەگات لە بەریتانیادا بەندینخانەی وەك بەندینخانەی باستیلی تێدا نییە، بەو ئاسانیەش ناتوانرێ نەیارانی ئاین و دەوڵەت بخرێنە ناو بەندینخانەوە. ئەم نوسەرە فەرەنسییە لەڕادەی ئازادی تاك و پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و ئازادیگەلی ئاینی لەم دوورگەیەدا سەرسامیدا دەبێت، چونکە لەسەر زەمینی داگیرکراوی فەرەنساوە ئەوەندە دوور نییە.

ڤۆڵتێر بەریتانیا لەچاو فەرەنسادا لەڕووی شارستانی و مامەڵەکردنی لەگەڵ بیرکردنەوەو پێشکەوتنی زانستی و بەتایبەتی لەڕووی ئازادیخوازییەوە گەلێك بە پێشکەوتوتر دەبینێ و ستایشی دەکات. نوسەرێك کە لە نیشتمانەکەی خۆیدا بە بێ دادگایی دوجار خراوەتە بەندینخانەو لەبەر بیرکردنەوەکانی لە نیشتمانی خۆی دەرکراوە، لەوە تێدەگات ئەگەر نوسەرێکی بەریتانیا بوایە، لەبەر بیرکردنەوەکانی نە زیندانی دەکراو نە لەوڵاتەکەشی دەریان دەکرد.

ڤۆڵتێر کە وەك شاعیرو شانۆنامەنووس و نوسەری شۆڕشگێر ناوبانگی هەیە، بە نوسەران و شاعیران و فەیلەسوفان و دەسەڵاتدارانی گەورەی بەریتانیا ئاشنا دەبێت. بە بەکارهێنانی مێشکی بلیمەتئاسای، فێری زمانی ئینگلیزی دەبێت، لەگەڵ نوسەرانی مەزنی وەك (پۆپ) و(سوییفت) و (تامسن) و (بارکلی) وتوێژ دەکات. کتێبەکانی فرانسیس بیکن و جۆن لۆك و شکسپیرو نیوتن دەخوێنێتەوە. ڤۆڵتێر ڕێزی ڕۆژ بە ڕۆژ لە هەڵکشاندایەو بە دەرباری بەریتانیا دەناسێنرێ.

نوسەر تاراوگەنشین هەڵسەنگاندن و بیرکردنەوەکانی سەبارەت بەخەڵك و وڵاتی بەریتانیا لە 25 نامەدا دەخاتەڕوو. کۆی ئەم نامانە دواتر لە دووتۆی کتێبێکدا بەناونیشانی (نامە فەلسەفییەکان) لە بەریتانیا و فەرەنسادا

بڵاوەبنەوە، بەتایبەتی لە فەرەنسادا هەراوزەنایەکی سەرسامکەر دەنێنەوە.

هەندێك لە نوسەرانی مێژووی فەرەنسا، لەو باوەڕەدان بە بڵاوبوونەوەی (نامە فەلسەفییەکان) لە فەرەنسادا، یەکەمین پزوسکی شۆڕشی فەرەنسا دەدرەوشێتەوەو یەکەمین تۆوی شۆڕش لەم وڵاتـەدا دەوەشێنرێت. ڤۆڵتێر لەم نامەدا ستەمکاری پادشاکانی فەرەنسا دەردەخات و داموودەزگای ئاینی و دەوڵەتی فەرەنسا وەك سەرکوتکەری ئازادییەکانی تاك و تاڵانچی کۆمەڵگە ناودەبات. بەڵام لە بەرانبەردا ستایشی ئازادییەکانی تاك و حکومەتی یاسا و نەرمی دەزگای ئاینی و گرنگیدان بە زانست و زانین ئەم وڵاتە دەکات. ڤۆڵتێر لە (نامە فەلسەفییەکان)دا وێنەیەك بۆ کۆمەڵگەی بەریتانیای دەیەی یەکەمی سەدەی هەژدەیەم دەکێشێت. ڤۆڵتێر لەم نامانەدا لە دیاردەگەلی کۆمەڵایەتی وەك حکومەت، سیاسەت، فەلسەفە، زانست ، ئاین ، ئاینزاکان، هونەر و ئەدەبیات دەدوێت. نیوتن وەك بلیمەتێکی زانست دەناسێنێت، کە سیستەمە زانستییەکەی بە دوورە لە خورافاتی باوی زانستی فەرەنسا. جۆن لۆك بە فەلەسوفێکی بلیمەت دەزانێت کە لە فەلسەفەکەیدا ئازادی تاك پێگەیەکی باڵایی بەدەست هێناوە.

حکومەتی بەریتانیا بە پادشایەتی دەستوری ناودەبات، کە تاکەکانی کۆمەڵگە لەبەرانبەر یاساوە بە یەکسان تەماشا دەکرێن، پادشای وڵات وەك پاشای فەرەنسا خۆپەرست نییە، ڤۆڵتێر بە ئارۆزیانێکی زۆرەوە تەماشای پێکەوژیانی ئاینزاکان و گونجانی ئاینەکان لە کۆمەڵگەی بەریتانیدا دەکات و دەبێژێت زیاتر لە 30 ئاین و ئاینزای جۆربەجۆر لەم وڵاتەدا پێکەوە دەسازێن.

ڤۆڵتێر لە بەرانبەردا، دەمارگیری ئاینی و خورافیات لە فەرەنسادا، بەو پەڕی هێزو توانایەوە دادەتە بەر قامچی سەرزەنشت و ڕەخنە لەخۆپەرستی پیاوانی ڕۆحانی فەرەنسا دەگرێت. پێشکەوتنی زانست و زانین لە بەریتانیا ستایش دەکات و داموودەزگای ئاینی و ئاینزاکانی فەرەنسا، بە بەرپرسی دواکەوتوویی زانستی دادەنێت. ئەم نوسەر کە خۆی شێت و شەیدای زانستە، کتێبەکانی نیوتن دەخوێنێتەوە و بیرکردنەوەکانی تا دواڕادە ستایش دەکات.

هەندێك لە نوسەرانی سەربوردەی ڤۆڵتێر نوسیوویانە، ڤۆڵتێر کاتێ پێی خستە خاکی بەریتانیاوە، لە شاعیرو شانۆنامەنوسێك زیاتر نەبوو، بەڵام دوای بەجێ هێشتنی فەرەنسا دەبێتە فەیلەسوفێکی شۆڕشگێڕ، بەڵام زۆربەی سەربوردە نوسانی ڤۆڵتێر بەم جۆرە بیر ناکەنەوەو دەڵێن: لە ناو ئەودا بەر لە چوونی بۆ بەریتانیا، تواناکانی فەیلەسوفێکی شۆڕشگێر و نوسەرێکی قوڵ بیرکەرەوە بوونی هەبووە، لەسەردەمی ژیانیدا لە بەریتانیا تواناکانی گەشەسەندوتر بوون.

## بڵاوبوونەوەی کتێب و هەڵهاتنی نوسەر

ڤۆڵتێر دوای بەسەربردنی ماوەی سێ ساڵ لە تاراوگەنشینی بەریتانیا، دەگەڕێتەوە فەرەنساو بە هەمان شێوە درێژە بە هەوڵەکانی خۆی لە دونیا نوسین و ڕۆشنبیری دەدات. کتێبی (نامە فەلسەفییەکان) یەکەمجار لە بەریتانیا بڵاودەبێتەوە، بەڵام دەسەڵاتدارانی فەرەنسا ڕێگری لە چاپ و بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە دەکەن. دوای ساڵێك ئەم کتێبە بەبێ مۆڵەتی فەرمی و تەنانەت بێ مۆڵەتی خودی ڤۆڵتێریش لە فەرەنسا چاپ و بڵاودەکرێتەوە، لەبەرئەوەی کتێبی (نامە فەلسەفییەکان) ڕەخنەیەکی توندە لە دامودەزگای ستەمکاری پادشاکانی فەرەنساو لێدانە لە دامـەزراوە ئاینی و خانەدانەکانی فەرەنسا، تورەی توندی دامودەزگاکانی پادشایەتی، دەوڵەمەندان، خانەدانان و بەتایبەتی تورەی دێوانەئاسا ڕابەرانی ئاینی لەدژی ڤۆڵتێر دەوروژێنێت.

بەم هۆیەوە نوسەری کتێبی نامەکان، هیچ ڕێگەیەکی جگە لە جێهێشتنی پاریس و هەڵهاتن لە فەرەنسا بۆ نامێنێتەوە. بەناچاری ڤۆڵتێر بۆ دووەمین جار لەتەمەنی چل ساڵیدا لە نیشتمانی خۆی هەڵدێت و پەنا بۆ یەکێك لەشارە سەرسنورییەکان - دوور لە دەستی دیکتاتۆرانی زەوی و ئاسمان- دەبات.

لەم سەرمەدا ڤۆڵتێر بە ژنێکی دەوڵەمەندو ڕۆشنبیر و هۆگری زانست و فەلسەفە بەناوی (مادام شاتلە) ئاشنا دەبێت. ئەم ژنە وەرگێڕی کتێبە مەزنەکەی نیوتنە بەناوی(بنەما). ( مادام شاتلە) ژنێکی جوان و بیست و هەشت ساڵان

بوو، ماوەی پازدە ساڵ لەگەڵ ڤۆڵتێر پێکەوە دەژین.

هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەم ژنە دەبێتە هۆی ئەوەی ڤۆڵتێر، لەجاران زیاتر هۆگری زانست و بەتایبەتی فیزیا و تاقیکردنەوەی زانستی بێت. هەندێ جار عاشق و مەعشوق بە جۆرێك لە تاقیگەی خۆیاندا لە تاقیکردنەوەدا نغرۆ دەبوون، دونیای دەرەوەی خۆیان لەبیر دەکرد. هەندێك لە ژیاننامەنوسان، مادام شاتلە وەك ناودارترین ژنی ڕۆشنبیرو بیرمەندی سەردەمەکەی خۆی ناو دەبەن.

ڤۆڵتێر لە ماوەی ئەم پازدە ساڵەدا، چەندین بەرهەمی شانۆیی و چیرۆك و مێژووی و فەلسەفی دەنوسێت، کە دەبێتە هۆی ئەوەی ناوبانگی نەك تەنیا لە فەرەنسا، بەڵکو لە هەموو ئەوروپادا بڵاوبێتەوەو ئیمپراتۆران و پادشایانی ئەوروپا شانازی بە دۆستایەتییەوە بکەن.

ڤۆڵتێر لە تەمەنی 51 ساڵیدا دەبێتە ئەندامی ئەکادیمای فەرەنساو ناونیشانی دەرباری پێدەدەن، پاشاش نازناوی خانەدانی پێدەبەخشرێت.

هەر لەم سەردەمەی ژیانیدا لەگەڵ خانم شاتلە، ڤۆڵتێر کتێبی (ئینجیل) بەوردی دەخوێنێتەوە و خەریکی لێکۆڵینەوەو ڕەخنەکردنی وردی دەبێت، بە بوێری و جەسارەتێکی بێ وێنە، کتێبی پیرۆزی مەسیحییەکان وەك کێوێك لە خورافات دەزانێت، کە لاپەڕەکانی پڕن لە چیرۆکی باوەڕپێنەکراو، پێکەنیناوی و تەنانەت دژی ئەخلاق و مرۆڤایەتی.

لە چیرۆك و فێرکارییەکانی ئینجیل دا دژیەکی و پارادۆکس و هەروا هەڵەگەلێکی زۆر دەبینێ، ڕایدەگەیێنێت کتێبی پیرۆزی مەسیحییەکان قسەی دروستکەری جیهان نییە، بەڵکو کۆمەڵێك تەڵەکەبازو درۆزن دایان هێناوە. ڤۆڵتێر ڕایدەگەیێنێت ئاین نەیاری زانست و زانین و دژی عەقڵ و لۆژیکە. هەموو ئاین و ئاینزاکان و بەتایبەتی ئەوانەی کە بە ئاسمانی یان خودای ناوبراون، بە وڕێنەو خەیاڵ و ئەفسانە و بێ بنەما ناودەبات.

ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی ئاین و ئاینزاکان، بە زانست و زانین و عەقڵ و لۆژیك ناودەبات و دەبێژێ، تاکو کۆتای ژیانم، لەگەڵ ئاینفرۆشان و پیاوانی ڕۆحانی تەڵەکەباز لە شەڕێکی بێ بڕانەوەدام. ڤۆڵتێر ئامانجی خۆی بە (لە ڕەگەوە دەرهێنانی مەسیحیەت) ناودەبات.

**ئیمپراتۆر لە پێشوازی بیرمەندا**

خانمی شاتلە ژنێك کە پازدە ساڵ دۆست و مەعشوقەی ڤۆڵتێر بوو، لە ساڵی 1749 دا لە کاتی منداڵبوونیدا کۆچی دوایی دەکات. بەمەش هێدمەیەکی گەورە بە بیرمەندی شۆڕشگێڕ دەکەوێت. ڤۆڵتێر ساڵانێك بوو میوانداری ئیمپراتۆری مەزنی پروسی فرێدریکی قبوڵ نەدەکرد و هاودەمی لەگەڵ مەعشوقەکەیدا لەژیانی ناو دەرباری بەهێزترین ئیمپراتۆری ئەورووپا بە باشتر دەزانی.

فرێدریك چەندین جار بانگهێشتی ڤۆڵتێری کرد بوو، بۆ دەربارەکەی و لە نامە پڕ گوڕوتین و سۆز ئامێزەکانیدا، ڤۆڵتێری بە (پیاوی قەرنەکان) و (هۆشیارترین مرۆڤی هەموو سەردەمەکان) ناوبردبوو. ڤۆڵتێریش بە خاکەڕایەکی زۆر و بێ بەرانبەر، فردریکی بە (سوقرات) و (ئەسکەندەر) و (سلێمانی باکور) ناو دەبرد.

مردنی خانم شاتلە دەبێتە هۆی ئەوەی ڤۆڵتێر میوانداری ئیمپراتۆرە قبوڵ بکات، بەچوونی بۆ دەربارەکەی، مەزنترین پادشای ئەورووپا لە شانازیدا نغرۆ بکات. پەیوەندی نێوان ئیمپراتۆری پروس و فەیلەسوفی فەرەنسی لەسەرەتاوە پەیوەندییەکی گەلێك دلۆڤانئامێز بوو. ئەم دووانە یەکدیان لە ستایشدا نغرۆ دەکرد. ڤۆڵتێر بە دەست و دڵەواڵاکەیەوە نازنای (فەیلەسوف پادشا)ی بە فرێدریك دەبەخشێ و فرێدریکیش بە بەرزترین پێگەو پۆست، پێشوازی لە مەزنترین عەقڵی ئەورووپا دەکات.

ڤۆڵتێر ماوەی سێ ساڵ لە دەسەڵات و ساماندا دەبێتە هاوبەشی بەهێزترین و دەوڵەمەنترین پادشای ئەورووپا، بەڵام بەریەککەوتنەکانی نێوان ڤۆڵتێر و سەرۆکی ئەکادیمای زانستی پروس و کێبەرکێی لەگەڵ سووخۆرێکی گەورەدا (ڤۆڵتێر خۆی

سووخۆر بووە)، دەبێتە هۆی ساردبوونەوەی پەیوەندی نێوان ڤۆڵتێر و پادشا. ڤۆڵتێر کتێبێکی تەنزئامێز لەبارەی سەرۆکی ئەکادیماوە دەنوسێت. تەنزە ئازاردەرەکانی دەبێتە هۆی ئەوەی گڕی توڕەی ئیمپڕاتۆر بە ئاسمان بگات. بیرمەند کە جگەلە مێشکێکی بەتوانای چەکێکی دیکەی نییە، بە فەرمانی هەمان مێشك هەڵهاتن لە دەربار لە مانەوە بەباشتر دەزانێت.

**فەیلەسوفی تاراوگەنشین**

کاتێك ڤۆڵتێر لە دەرباری فرێدریك هەڵدێت، لەبەر ئەوەی فەرەنسییەکی تاراوگەنشینە، ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ فەرەنسا، ئەگەر بیەوێت لە هەر شوێنێکی ژێر دەسەڵاتداریەتی ئیمپڕاتۆری پروسیشدا بژیت، لەڕێگەی سەربازانی ئیمپڕاتۆرەوە دەخرێتە زیندانەوە. بیرمەندێك، کە جگەلە قەڵەم چەکێکی دیکە نییە، لەگەڵ پادشا ستەمکاری فەرەنسا و ئیمپڕاتۆری دەسەڵاتخوازی پروسدا تێهەڵچووە، لە ناکاو بووتە مرۆڤێکی نەك تەنیا بێ نیشتمان، بەڵکو پیاوێکی هەڵهاتوو و تاراوگەنشین.

ڤۆڵتێر شوێنێك هەڵدەبژێرێ کە دەسەڵاتی ئیمپراتۆر و پادشای فەرەنسا بە وێندەر نەگات، ئەم شوێنە ناوی(فەرنی) یەو دەکەوێتە نزیك شاری (ژنێف)ی ئەمڕۆ. لەم سەردەمەدا ڤۆڵتێر تەمەنی لە 60 ساڵ زیاترەو ناوبانگی نەك تەنیا لە ئەوروپا بەڵکو لە نیوەگۆی ڕۆژئاوادا بڵابووتەوە. مانەوەی ڤۆڵتێر لە(فەرنی) دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم شوێنە ببێتە پایتەختی ڕۆشنبیری ئەوروپا. نوسینەکانی ئەم بیرمەندە شۆڕشگێرە لەمەو بەدوا لە جاران زیاتر توندو بڕەر و دڵێرانەتر دەبن. ساڵ لە دوای ساڵ ناوبانگی ئەم بیرمەندە لە دونیای ئەدەب و بیری نوێدا باڵاتر دەبێت.

پادشا و دەسەڵاتدارانی تێکڕای وڵاتان و نوسەر و ناودارانی ئەوروپا سەردانی دەکەن و ڤۆڵتێریش بە ناچارییەوە پێشوازیان لێدەکات. فەیلەسوفی بەناوبانگ نازناوی (خانەخوێی ئەوروپا) لەخۆی دەنێت. ڤۆڵتێر شاکارە بەناوبانگەکەی(کاندید) لەم سەردەمەدا دەنوسێت، هەروا زۆرێك لە نوسینە فەلسەفی و مێژوویەکانی لەم سەردەمەدا دەنوسێت.

ڤۆڵتێر نزیکەی 24 ساڵ لەفەرنی لە دۆخی تاراوگەدا دەژیـت. کاتێك بڕیاردەدات سەردەمی تاراوگەی وەلا بنێت و بگەڕێتەوە بۆ پاریس، نزیکەی 84 ساڵ تەمەنی لە هەوڵ و بەرەنگاری تێپەڕاندوەو تەنیا کەمتر لە چوار مانگ تەمەنی ماوە.

ڤۆڵتێر دوای چوار ساڵ لە مردنی لویی پازدەهەم بۆ هێنانە سەرتەختی دواهەمین شانۆنامەی بەناوی (ئیرن) دەکەوێتەڕێ بۆ پاریس، بە گەیشتنی بۆ پاریس خەڵکی بەجۆرێك پێشوازی لێدەکەن، کە بوکی شارەکانی جیهان و ناوەندی شارستانی ئەوروپا پێشوازییەکی لەم جۆرەی هەرگیز بەخۆیەوە نەبینەوە. دیمەنی پێشوازی خەڵکی پاریس لە ڕۆشنبیرترین عەقڵی فەرەنسا و ئەوروپا، بە یەکێك لە شکۆدارترین دیمەنەکانی سەدەی هەژدەیەمی ئەوروپا پەسنی کراوە.

نوسەرێك دەنوسێت خۆری ئەوروپا کە لە پاریسەوە هەڵهاتبوو، بۆ ئاوابوونی گەڕاوەتەوە بۆ پاریس، لە کاتی ستایشی ئەکادیمای فەرەنساو ڕێزلێنانی ڤۆڵتێر، بەجۆرێك هەراوزەنا بەرپا دەبێت، فەیلەسوفی ڕەقەڵەو بێهێز هاوار دەکات: (بە ڕێزلێنانی لەم جۆرەتان من دەکوژن).

فەیلەسوفی نەخۆش و ڕەنجکێش کە لە هەموو تەمەنیدا شێت و شەیدای(پاریس)بوو، تەنیا سێ مانگ و نیو لەم شارەدا بە زیندووی دەمێنێتەوە. ئەم بیرمەندە مەزنە کە لە هەموو تەمەنیدا چەندین نەخۆشی یەخەیان گرتبوو، لە مانگی مارتی 1778دا – 11 ساڵ پێش شۆرشی مەزنی فەرەنسا- بۆ دواجار چاوانی لێك دەنێت، لەدواهەمین ساتی ژیانیدا کاتێ کەشیش داوای لێدەکات، دوای لێخۆشبوون لە خودا بکات، بە دەست ئاماژە بۆ کەشیش دەکات، لە پێخەفەکەی دوورکەوێتەوەو دەبێژێ:

(( لێگەڕێ بە ئارامی بمرم)).

ڤۆڵتێر لە ڕوانگەی داموەدەزگای ئاینییەوە بە خوداناس دادەنرا، بەڵام بەهۆی قبوڵنەکردنی داواکەی کەشیشەوە، ئەویان بە کافرێك لە قەڵەم دا کە ژیانی

بە کۆتا گەیشتووە. کڵێسا لە بەردەم بەخاکسپاردنی تەرمی ڤۆڵتێردا کۆسپی زۆر دروست دەکات. هاوڕێیانی ڤۆڵتێر بە ناچارییەوە بە شەودا تەرمەکەی لە پاریس دەبنە دەرەوەو بەنهێنی بەخاکی دەسپێرن. نوسەرانی ژیاننامەی ڤۆڵتێر نوسیوویانە، بە ڕاگەیاندنی مردنی ئەم بیرمەندە، نەك تەنیا پاریس و فەرەنسا، بەڵکو هەموو ئەوروپا لە پەژارەی تازەیەباریدا ڕۆچوو. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا، ئێسکوپروسکی ڤۆڵتێر دەهێنرێتەوە، بۆ پاریس. خەڵکی پاریس تەرمێك کە تەنیا مشتێك ئێسکوپروسکە، بەجۆرێك ڕێزی لێدەگرن، کە هەرگیز پێش ڤۆڵتێر کەسێك بەم جۆرە ڕێزی لێنەنراوە، تەنانەت ناودارترین پاشا دەسەڵادارەکانیش. میللەتی مەزن پیاوی مەزن لە ستایشی خۆیدا نغرۆ دەکات.

## تایبەتمەندییەکانی سەردەمی ژیانی ڤۆڵتێر

نزیکەی هەشتا ساڵی ژیانی ڤۆڵتێر لەسەدەی هەژدەیەمدا بووە. سەدەی هەژدەیەم، بە سەدەی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا یان سەدەی (دایکی شۆڕشەکانی جیهان) دادەنرێت. لەم سەدەیەدا ئیمپراتۆرو پادشاکانی وڵاتانی ئەوروپا، بەدەستی پۆڵاین و ستەمکارییەکی تەواوەوە کۆمەڵگەکانی خۆیان بەڕێوەدەبەن. لە فەرەنسادا پاشاکان بەسەر گیان و ماڵی خەڵکەوە دەسەڵاتێکی بێ چەندوچوونیان هەیە و ئیمپراتۆران خۆیان بە (یاسا)و (حکومەت) و خودی(فەرەنسا)ش دادەنـا. دەوڵەمەندانی گەورە و موڵکدارانی ناودارو فەرماندەکانی سوپا، ئەڵقەیان بەستوە بەدەوری دامودەزگای پاشایەتیدا و فەرمانڕوایی زەنگین و خانەدانەکانیان دروست کردوە. گروپێکی بچوك بەشێکی گەورەی سامانی کۆمەڵگەیان خستوەتە ژێر دەستی خۆیان و بەهەموو هێزو توانایانەوە بەرگریان لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەن. دەسەڵاتی هەموو کۆمەڵگە لە خزمەت ئەم گروپە بچوکەدایە. کڵێساش کە لەلایەن خۆیەوە دەسەڵاتێکی گەورەیە، بووەتە دەسەڵاتی زەنگین و خانەدانەکان، لەڕاستیدا خۆیان زەنگین و خانەدانێکن کە پۆشاکی ئاینیان لەبەرکردوە. زەنگین و

پیاوانی ڕۆحانی مەزن(حکومەتی هەڵبژێردە) یان (کۆمەڵگەی ئەرستۆکراتی) یان دروست کـردووە. کۆمەڵگەیەکی لەم جۆرە لەسەربنەمای ستەمکاری زەوی- ئاسمان بەرێوەدەبرا. خەڵکی ڕەمەکی لەکۆیلەیەك زیاتر نەبوون و گەورەترینیان بەرتری ئەوان ئەوەیە پەیڕەوی لە فەرمانی پادشا- خودایی بکەن. نەزانی و هەژاری خورافیات و نادادپەروەری باڵیان کێشاوە.

دەمودەزگای حکومەت کە گەورەترین ڕەگەزی لە خانەدانی پادشا و زەنگین و خاوەن مولکەکان و ڕابەرانی ڕۆحی پێکهاتووە، لەخۆشگوزەرانی و ڕابواردن و ڕواڵەتئاریی و نازپەروەری، زوڵم و ستەم، تەڵەکەبازی و ڕیاکاریدا ڕۆچوون. پادشاکان ناو و نازناو دەفرۆشن و ڕابەرانی ڕۆحیش کۆشکەکانی بەهەشت. پیاوانی دەربارو دەسەڵاتداران ڕۆژگاریان بە ڕابواردن بەسەر دەبەن. ڕابەرانی ڕۆحی، جگە لە کۆکردنەوەی سامان و ڕیاکاری هونەرێکی دیکەیان نییە، گەل لە دەستکورتی و داماوی و هەژاری و نەخۆشیدا ڕۆچووە.

لە کۆمەڵگەی فەرەنسیدا بە پێچەوانە کۆمەڵگەی بەریتانییەوە، ئازادییەکانی تاك و پێکەوەژیانی ئاینزاکان و حکومەتی پەرلەمانی، بچوکترین شوێنەواریان نییە، ڕابەرانی ڕۆحی وەك ڕابەرانی سسیاسی کۆمەڵگە، بەڵام بەشێوازێکی دیکە- بەسەر گیان و ماڵی خەڵکیەوە ستەمکاری دەکەن. بیرتەسکی ئاینی و دەمارگیری ئاینزاکان ستەمکاری دەکەن. ڕابەرانی ڕۆحی نەیارانی بیرکردنەوەی خۆیان، لەژێر ناوی کافر و بێ دین و دژە خودا دەسوتێنن و پارچە پارچەی دەکەن، کەسیش ناتوانێ بەرنگاریان بێتەوە، لەکۆمەڵگەی فەرەنسیدا، دزێوی و جوانییەکان لە تەنیشت یەکدیەوە خۆیان نیشان دەدەن.

فەرەنساو بەتایبەتی پاریس بە پایتەختی فەلسەفە و هونەرو کولتور و شارستانی جیهان دادەنرێت، بەڵام کولتور و شارستانی درەوشاوە لە گەندەڵی و ستەمکاری و خورافایاتدا ڕۆچووە، زانست و فەلسەفەی نوێ لەگەڵ ئاین و ئاینزا کۆنەکاندا بە شەڕهاتووە. لە پەنا ژیانی پڕشکۆ و پڕباق و بڕیقی زەنگین و خانەداناندا، خەڵکی ڕەمەکی لەوپەڕی دەستکورتیدا دەژین. سەردەم لە

ڕاستیدا سەردەمی دژ و ناکۆکییەکان و بەریەککەوتنی دێوەزمەئاسایە، لە سەردەمێکی لەم جۆرەدایە بلیمەتێك لەدایك دەبێت و گەورە دەبێ و قەڵەم دەگرێ بەدەستییەوە.

## تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی ڤۆڵتێر

نوسەرانی مێژووی شارستانی، ڤۆڵتێریان بە یەکێك لە پڕبەرهەمترین و پڕ نوسترین و بێباکترین نوسەرانی جیهان ناوبردوە. ڤۆڵتێر لە بوێری و ڕیسك و جەسارەت و بەرەنگاربوونەوەدا کەم وێنە بووە. خاوەن یادگەیەکی فرە بەهێزو مێشکێکی بلیمەتئاسا بووە، کە بە خێرایەکی سەرسامکەر، زانست و زانین و ئاگایی و فەلسەفە و هەموو فێرکارییەکان بۆ خۆی ڕادەکێشا، لە ڕادەربڕین و نوسیندا ئەوەی بەلایەوە ڕاستی بووە، هەرگیز سڵی لە وتن و نوسینی نەکردوەتەوە. عەقڵێکی پڕ بەرهەم و ڕوون و بەتوانای هەبووە. یەکێك لەسەربوردەنوسانی ڤۆڵتێر دەنوسێت: ((لەنێو مێشکیدا ئاگرێك داگیرسابوو، تاکو دواهەمین ساتی ژیانی لە بڵێسەدا بوو)).

ڤۆڵتێر پیاوێکی میهرەبان و لێبوردە و دەست و دڵ واڵا، بەڵام تا دوا ڕادە دوژمنتاش بوو. هەرچەندە بە هەموو توانایەوە لەگەڵ سیستەمەکانی ستەمکاری و ڕابەرانی ڕۆحی تەڵەکەباز لە شەڕێکی بێکۆتادا بوو، بەڵام خواستی خانەدانی و ئارەزووی بۆ ژیانی پڕ باق و بریق لە ناو ئەودا بەهێز بوو. هەروا هەواداری سەرسەختی سیستەمی پادشایەتی بوو، بەو مەرجەی پادشا فەیلەسوفێکی عەقڵانیش بێت.

لەڕاستیدا ڤۆڵتێر ئاوێنە تەواوەتی سەردەمی پڕ لەدژیەکی و ناکۆکییەکان سەدەی هەژدەیەمی فەرەنسا بوو. دەبووە میوانی ئیمپراتۆر و هاودەمی پادشاکان و ستایشی دەکردن. بە سووخۆری و کۆکردنەوەی چاوچنۆکانەی پارەوە خەریك دەبوو. بە زیرەکییەکی بلیمەت ئاساوە خەریکی کاری بازرگانی و کڕین و فرۆشتنی لێوڕێژ لە قازانج دەبوو، بە سودوەرگرتن لەهێز دەسەڵاتدارانی

کۆمەڵگە، کارەکانی بە خواستی خۆی ئەنجامدەدا، بەپێی نەریتی سەردەمیش مەعشوقەی هەبوو، لەلای خۆشییەوە سەرسەختانە بەرگری لەو کەسانە دەکرد کە ڕووبـەڕووی ڕقی دامودەزگای ستەمکاری حکومەت و دین دەبوونەوە. پیاوێك کە بەتواناترین شانۆنامەنووس و چیرۆکنوس و شاعیر و مێژوونوسی ئەوروپا ناوی دەکرد بوو، لە هەمانکاتدا بە یەکێکیش لە زەنگینە مەزنەکانی ئەم قارەیە دەژمێرا. بلیمەتی ڤۆڵتێر تێکەڵەیەکی سەیر بوو لە بلیمەتی ئەدەبی-ئابووری.

هەروا بە کەشتی سازو کۆتاڵفرۆشی و کرێن فرۆشتنی موڵك و تابلۆ گرانبەهاکان سەرمایەگوزاری دەکرد، لە کۆتای هەر کارێکی ئابووریدا ڕێژەی سەرمایەکی لە جـاران زیاتر دەبـوو. هەندێك لە کڕیارەکانی ئیمپڕاتۆرو پادشا و دەسەڵاتدارانی حکومەتەکانی ئەوروپا بوون. ڤۆڵتێر تەنانەت لە پەروەردەکردنی ئەسپ و کرمی ئاوریشم و بەرهەمهێنانی هەنگوینیشدا شارەزا بوو. بەدەستێکی دەینوسی و بەدەستەکی دیکە پارەی دەژمارد. ڤۆڵتێر تەنانەت بە هاوڕێکانی خۆشی بەسوێکی زۆر قەرزی پێدەدان و دوا دیناری سووەکەیشی لێ وەردەگرتن. کەسیش جەسارەتی ئەوەی نەبوو لەگەڵیدا قەرزکوێر بێت، چونکە دەیزانی لەگەڵ پیاوێك کە خۆشەویستی پادشا و زۆردارانە هێزو توانای بەرەنگاربوونەوەی نییە.

ڤۆڵتێر لە هەستی نیشتمانپەروەری و گەلخوازی و فەرەنسا پەرستی بەهرەیەکی وەهای نەبوو، هـەواداری سەرسەختی حەقیقەت بوو. هەق و هەقیقەتێك کە سنوری وڵاتان ناناسێ. هەرکات پێویست بوایە ستایشی زۆری کۆمەڵگەی بەریتانی دەکرد لەبەر ڕێزی زۆریان بۆ ئازادییەکانی تاك و پێکەوە ژیانی ئاینی، لەبەرانبەریشدا فەرەنساو فەرەنسییەکانی جنێو باران دەکرد.

فەیلەسوفێك کە شەش پادشاو شاژن لە ئەوروپا شانازیان بە هاوڕێیەتی و ناسینیەوە دەکرد، ئازارەکانی خەڵکی ڕەمەکی دڵیان پڕ لە پەژارە دەکرد، بۆ نموونە کاتێك پیاوانی ڕۆحانی، بازرگانێك بە ناوی(کالاس) بە کوشتنی کوڕەکەی

تۆمەتبار دەکەن، لەبەرئەوەی کوڕەکەی ویستویەتی ببێتە کاسۆلیك و باوکی کوشتویەتی.

ڤۆڵتێر بەرگری لەم پیاوە بازرگانە دەکات و پاش سێ ساڵ هەوڵدان، دەیسەلمێنێت کە تۆمەتی ڕۆحانیان بێ بنەمابووە، لە ڕووداوێکی دیکەدا، پیاوانی ڕۆحانی باوك و دایکێك بە تۆمەتی کوشتنی کچەکەیان لەبەر خواستی بۆ بوون کاسۆلیك بە لە سێدارەدان سزا دەدەن. هەوڵەکانی ڤۆڵتێر بۆ سەلماندنی بێتاوانیان نۆ ساڵ درێژە دەکێشێ و لە کۆتایشدا ڤۆڵتێر سەردەکەوێت.

خێرای وەڵامدانەوە نوکتەی بەهێز و تەنزی ئازاردەر و ڕستەی ڕاچڵەکێنەر، دەرخەری تایبەتمەندی یان سروشتی کەسایەتی ڤۆڵتێرن.

ئەم تایبەتمەندیانە دەریدەخات ڤۆڵتێر مێشکێکی بەتوانا و یادگەیەکی بەهێز و توانای بیرکردنەوەی بلیمەتئاسا بووە. بلیمەتی کەسایەتی ڤۆڵتێر بلیمەتییەکی چەند لایەنە بووە لە نووسین و بەڵگەهێنانەوە و شێوازی دەربڕین و کارزانی ئابووری- کۆمەڵایەتی و تواناگەلی گەورەی مێشکی. بلیمەتی ڤۆڵتێر لە ڕاستیدا(بلیمەتی بووە لە هونەری ژیان)دا، بەتایبەتی ژیانی سەدەی هەژدەیەمی فەرەنسا.

**پڕ بەرهەمترین نوسەری سەدە**

کۆبەرهەمەکانی ڤۆڵتێر بە 99 ناونیشان لە فەرەنسادا بڵاوکراونەتەوە. ڕێژەی نوسینەکانی ئەم نوسەرە لە ڕووی چەندییەوە هێندە زۆرن کە نازناوی پڕبەرهەمترین نووسەری سەدەی هەژدەیەمیان پێبەخشیووە. ڤۆڵتێر وەك شانۆنامەنوس، چیرۆکنوس، ڕەخنەگری شانۆ، مێژوونوس، فەیلەسوف، شاعیر و یەکێك لە مەزنترین نامەنوسانی مێژوو ناوبراوە. ڤۆڵتێر لەگەڵ زیاتر لە 1200 کەسایەتیدا نامەگۆڕینەوەی هەبووە، نزیکەی 1700 نامەی لەپاش خۆیەوە بەجێ هێشتووە، ئەم نامە بەزمانی فەرەنسی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، ئیتاڵی، ئیسپانی، لاتینی نوسراون. نامەکانی ڤۆڵتێر لێوڕێژن لە وردبینی و ستاتیکا و گوتەی تەنزئاسا.

زۆربەی نوسین و چیرۆکەکانی ڤۆڵتێر، پاڵەوانەکان مرۆڤ نین، بەڵکو کارکتەرگەلی سەرەکی ئەندێشە و ڕوانینەکانی ڤۆڵتێرن. نائاگای و خورافیات لە فۆرمی تاوانباران، زانست و لۆژیکیش لە فۆرمی قارەمانانی خۆشەویستدا دەردەکەون. ڕووداوی چیرۆکەکانی هەمان بەریەککەوتنی هزرو ئەندێشەکانە. شەڕی هزرە چەوت وەهمییەکانە لەگەڵ ئەندێشەی زانست و لۆژیکدا.

ڤۆڵتێر لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی کە لە بەریتانیا وەك تاراوگەنشینێك دەژیت، شانۆنامەکانی شکسپیر دەخوێنێتەوەو ڕەخنەیان لێ دەگرێت، بە شارەزاترین ناسینەری شکسپیر بە فەرەنسیەکان لە قەڵەمدەدرێ.

ناوبانگی ڤۆڵتێر لە فەرەنسادا بە نوسینی شانۆنامەی (ئۆدیپ) و نمایشکردنی لە تەمەنی 24 ساڵیدا دەست پێدەکات، پاشان شانۆنامەی (هونەریاد) دەنوسێت، لە دوای گەڕانەوەی لە بەریتانیا شانۆنامەی (برۆتۆس) یان مردنی سزار(زائیر) و کتێبی (نامە فەلسەفییەکان) بڵاودەکرێتەوە. بڵاوبوونەوەی نامە فەلسەفییەکان دەبێتە هۆی ئەوەی دیسانەوە لە پاریس هەڵبێت و لەسەر سنور بژیت.

لە شانۆنامەی (محەمەد) گاڵتە بە پێغەمبەری ئیسلام دەکات و دەست دەکات بە هێرش کردنە سەر خورافیاتی ئیسلام، لەڕاستیدا دەمی تیژی شمشێرەکەی بەڕووی مەسیحیەتدا دەکێشێت. دەسەڵاتدارانی فەرەنسا ڕێگری لە درێژەپێدانی نمایشی پەیاهێنی ئیسلام (محەمەد) دەگرن.

ڤۆڵتێر لە یەکێك لە نوسینەکانی بەناوی (دۆرادو)، شارێك کە هەمان ناوی هەیە، لەڕاستیدا شارێکی خەیاڵییە، پیاوانی ڕۆحانی و بەندینخانەی لێ نییە، ئاین و ئاینزاکان لەم شارەدا بوونیان نییە، زانست و لۆژیك جێگەی ئەوانی گرتووەتەوە. هەر لەبەر ئەمە هاوشارییەکانی ئازادن و بە ئارامی دەژین.

یەکێکی دیکە لە بەرهەمەکانی ڤۆڵتێر چیرۆکی(سادق)ە، کە لە ڕاستیدا سەربوردەی نوسەرەکەی یان چیرۆکی ژیانی خودی ڤۆڵتێرە. سادق بیرمەندێکی عاقڵی شاری بابلە، کە پیاوانی ڕۆحانی ئازاری دەدەن. تاوانی ئەم حەکیمە

زانایە ئەوەیە، لە ویستچاکی و دلۆڤانی و خۆشەویستی خودا لەبەرانبەر مرۆڤەوە گومانی هەیە.

هەروا پەیامی چیرۆکی(میکرومگا) ناچیزی و بچوکی مرۆڤ لە جیهانداو بێشەرمی پیاوانی ڕۆحانی لەوتنی بانگەشەگەلی گـەورە، بەڵام بێ بنەما دەردەخـات. لەم چیرۆکەدا ئاسمانگەڕە مەزنەکان لە ئەستێرەی گەڕۆکی زوحەیل و تێکڕای ئەستێرە دوورە دەستەکانی دیکە بۆ زەوی دێن. ئەمانە لە بچوکی و ناچیزی مرۆڤ و بانگەشەی ئاین و ئاینزاکان لە سەرسامیدا ڕۆدەچن، کە بۆهەموو پرسیارە زانستی و فەلسەفییەکان وەڵامیان هەیە.

پاش بومەلەرزەی ترسناکی(لیسبۆن) لە پورتوگال، ڤۆڵتێر شیعرێك درێژ سەبارەت بەم کارەساتە مەرگ هێنەرە دەهۆنێتەوە، بە توندی گاڵتە بەو بیرکردنەوەیە دەکات، کە هەر ڕووداوێك لەسەر زەوی کاری خودایە و بەبێ حیکمەت نییە، بە بەهرەوەرگرتن لەم کارەساتە مرۆییە، ئەندێشەگەلی خورافی و دژە عەقڵی لەناو مەسیحیەتدا بەو پەڕی توانایەوە دەداتە بەر ڕەخنە. دیسانەوە توڕەیی دێوانەئاسای ناوەندە ئاین و ئاینزاکان دەوروژێنێت.

ڤۆڵتێر لە تەمەنی 65 ساڵیدا، شاکاری نوسینەکانی بەرهەم دێنێت. مەزنترین بەرهەمی ئەندێشەی ئەم نوسەرە، ناوی(کاندید) یان ساویلکەیە. ئەم چیرۆکە فەلسەفییە، بۆ زیاتر لە 100 زمان وەرگێڕاوەو لە هەموو جیهاندا بڵاوبووەتەوە. (کاندید) گەنجێکی خۆشباوەڕە کە بە وڵاتانی دونیادا خەریکی گەشت و گەڕانە. ئەم گەنجە سادەیە وەها بیردەکاتەوە ((لەجیهاندا هەموو شتێك بەپێی خواستی ئەوە).

فەلسەفەی چیرۆکەکە بەدەوری ناوەڕۆکی چاکە و چۆنیەتی خراپە لە جیهاندا دەخولێتەوە. ئامانجی نوسەر نیشاندانی دزێوی و بەرەنگاربوونەوەی دزێوییە، چونکە ڕووداوەکان دەیسەلمێنن کە هیچ شتێك بە پێی وست و دڵ لاوەکە نییە. پاش بڵاوبوونەوەی (کاندید)، ڤۆڵتێر وەك مەزنترین و بەناوبانگترین نوسەری ئەوروپا دەناسێنرێ. ناوبانگێك کە کەس تا ئەو کاتە پێی نەگەیشتووە.

ڤۆڵتێر بە یەکێك لە بەئاگاترین و پێگەشتووترین مێژوونوسانی سەدەی هەژدەیەم دەژمێردرێ. یەکێکیشە لەبناغە دارێژەرانی شێوازی مێژوونوسی نوێ، چونکە یەکەمین مێژوونوسە بڵێت لەجیاتی نوسینەوەی چیرۆکی درۆینی شەڕی ئیمپراتۆر و پادشاکان، پێویستە مێژووی ڕەوتی بیرکردنەوەی مرۆڤ یان مێژووی شارستانی مرۆڤ بنوسرێتەوە. ڤۆڵتێر دەڵێ مێژوو دەبێت ئاوێنەی سەراپاگیری کامڵبوون و گۆڕانکاری جۆری مرۆڤ و سەرهەڵدانی هزرە نوێیەکان بێت، لەبوارەکانی سیاسەت، زانست، ئاین و ئاینزاکان، ئەدەبیات و هونەر و کولتوردا.

مێژووی ڕاستەقینە، چیرۆکی شارستانی و کولتوری مرۆڤەکانە. سەربووردەی بزوتنەوەی هزری و نوێخوازی عەقڵە. مێژووی ڕاستەقینە بە واتای فەلسەفەی مێژووە. لە فەلسەفەی مێژوودا سەرەکیترین پرسیارەکان دەخرێنەڕوو و ئەرکی مێژوونوس وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە فەلسەفیانەیە. ئەرکی مێژوونوس باسکردنی ژیانی پادشاکان نییە، بەڵکو مێژوونوسی ڕاستەقینە سەروکاری لەگەڵ سەربوردەی جۆری مرۆڤ هەیە. ڤۆڵتێر دەبێژێ، جیهان شانۆیەکە، مرۆڤەکان وەك کارەکتەرگەلی سەر ئەم تەختەی شانۆیە، مێژووی ئەم جیهانە نمایش دەکەن. مێژوونوس لەڕاستیدا ڕەخنەگری شانۆنامەکە و دادوەری ڕۆڵەکانە. ڤۆڵتێر ئامانجی نوسینی مێژوو بە پەند وەرگرتن و ئاگادارکردنەوەو بێدارکردنەوە دەزانێت.

یەکێکە لە مەزنترین کتێبە مێژووییەکانی ڤۆڵتێر ناوی (ئەخلاق و ڕۆحی میللەتان)ە. ئەم کتێبە 1600 لاپەڕەیەو زیاتر لە 500000 وشە لەخۆدەگرێ. ڤۆڵتێر لەم کتێبەیدا جەخت لەڕۆڵی کەش و هەوا و حکومەت و سیاسەت و ئاین و ئاینزاکان دەکاتەوە، لە فۆرمبەخشین بە مێژووی مرۆڤایەتی. سیستەمی ئابووری شارستانییەکان و شێوازی بازرگانی بە هۆکارگەلێکی مێژوو ساز دەزانێت، لە جیاتی چیرۆکی شەڕو تاڵانکارییەکان، زیاتر بە بەریەککەوتنی ئەندێشەو ئاشنابوونی شارستانییە جۆربەجۆرەکان بەیەکدی دەپەڕژێ، بە پێچەوانەی هەموو مێژوونوسانی ئەورووپییەوە، بە وردی بنجکۆڵی مێژووی

میللەتانی ئاسیا دەکات، ئاینە مەزنەکانی ئەم میللەتانە دەناسێنێ.

کاتێ کتێبی( ئەخلاق و ڕۆحی میللەتان) بڵاودەبێتەوە، کاسەی توڕەی دەوڵەت و دەزگای کڵێسا بە توندی بە کوڵ دێنێت، چونکە ڤۆڵتێر بە پێچەوانەی نەریتی مێژوونوسانەوە، هێندە گرنگی بە ئاینی مەسیحی و یەهودی نەداوە، لە بارەی ئاینەکانی دیکەوە دواوەو باسی مێژووی وڵاتانی وەك چین و هیندستان و ئێران دەکات. لە هەموو ئەمانە خراپتر، ڤۆڵتێر بەهای ئەوروپای بەکەم دەگرێ و گەشەسەندنی ئەوروپای لە چاو گەشەسەندنی ئاسیا بە بچوك دەزانێت، لە هەموو ئەمانەش خراپتر، ڤۆڵتێر کتێبی مەسیحییەتی پرۆتیستۆ کردوە و ڕابەرانی مەسیحی بە بیرتەسك و تاریکبین تۆمەتبار کردووە.

لە سەردەمێکدا کە فەرەنسا پەرستی لەوپەڕی برەوی خۆیدایە، ڤۆڵتێر یەکەمجار خۆی بە مرۆڤ، پاشان خۆی بە فەرەنسی زانیووە. پادشا فەرمان دەکات ڤۆڵتێر تاکو کۆتای تەمەنی نابێت هەرگیز پێ بخاتە خاکی فەرەنساوە.

ئەو کتێبانەی دیکە کە ڤۆڵتێر سەبارەت بە مێژوو نوسیونی ئەمانەن:

مێژووی سەردەمی شارلی دوازدەهــەم، سەردەمی لویی سیازدەهەم، سەردەمی لویی چواردەهەم، مێژووی ڕوسیا، لەهەموو ئەم کتێبانەدا ڤۆڵتێر لێهاتووی خۆی لە پوختنوسی و سادەنوسی و ڕاڤەو لێکدانەوەی ڕووداوەکان نیشانداوە.

ڤۆڵتێر لە نوسینی (فەرهەنگی فەرەنسی)شدا هاوکاری بناغەدارێژەرانی فەرهەنگی فەرەنسی (دیدرۆ) و(دالامبەر)ی کردووە، بە وتارەکانی هاوکاری زۆری کــردون، بۆ خۆشی (فەرهەنگی فەلسەفی) بڵاودەکاتەوە. کتێبی (ڕەگەزەکانی فەلسەفەی نیوتن) بە مەبەستی ئاشناکردنی فەرەنسییەکان بە زانستی نوێ و بە تایبەتی تێگەیشتن لەشێوازی زانستی، بیرۆکەکانی نیوتن بڵاودەکاتەوە. کتێبی( یاسای سروشتی) ڤۆڵتێر پاش بڵاوبوونەوەی لە پاریس، کۆدەکرێتەوەو دەسوتێنرێ. چونکە پیاوانی ڕۆحانی بەرگەی خوێندنەوەو بڵاوبوونەوەی بیرۆکەکانی ئەم کتێبە لە ناو خەڵکیدا ناگرن.

لە فەرەنسای ئێستادا، کتێبە مێژوویی و شانۆی و شیعرە حەماسییەکانی ڤۆڵتێر کەمتر دەخوێنرێنەوە و زیاتر بەهایەکی مێژوویان هەیە، بەڵام چیرۆك و بەرهەمەکانی دیکەی بە بەشێك لە بیرەوەری ئەدەبیاتی فەرەنسا دەژمێرێن و بەردەوام لە چاپ دەدرێنەوە.

## ئەندێشەکانی فەیلەسوفی شۆڕشگێڕ

ڤۆڵتێر خۆی بە خوداناس دەزانی نەك خوداپەرست. ئەو دەیوت: تاقە ڕێگەی ڕاستی پەیبردن بە بوونی خودا پشت بەستنە بە عەقڵ و هەست و لۆژیك و بەڵگە. ڤۆڵتێر لەوباوەڕەدا بوو بۆ سەلماندنی بوونی خودا، پشت بەستن بە سروش و ئیلهامی ئاسمانی و کتێبی پیرۆز و بانگەشەی پەیامبەران گومڕاکەرە، چونکە هەموو ئەمانە لەسەر بنەمای درۆ و دووڕووی و فریوی ئەوانی دیکە بونیادنراون، لە فەلسەفەی ڤۆڵتێردا ئافەرێنەری بەئاگاو بەتوانا، جیهانی ئەفراندوە، بەڵام هەرگیز پێغەمبەرو کتێبی پیرۆزی نەناردوە، لە فەلسەفەیەکی لەم جۆرەدا بۆ پەیبردن بە بوونی خودا نێوەنگر و پێغەمبەر پێویست نییە، بەڵکو بە سەرنجدان لە سیستەمی سروشت و چۆنیەتی خولانەوەی بەشەکانی سروشت یان جیهانی بوون، بوونی هەڵسوڕێنەرو ڕێخەر یان خودا دەسەلمێنرێت.

لە فەلسەفەی خوداناسی ڤۆڵتێردا، سەرەکیترین خاڵ ئەوەیە، خوداوەند لە دوای ئەفراندنی جیهان، کاری خۆی تەواو کردوەو کاری بەسەر جیهانەوە نییە، وازلێهێناوە. ڤۆڵتێر لەسەر بنەمایەکی مەزنی لەم جۆرە بەو ئەنجامە دەگات، ئافەرێنەری جیهان کاری بەسەر چارەنوس و ژیانی مرۆڤەوە نییە، مرۆڤی سەرپشك و ئازادی کردووە. ئەوەی لەبارەی ( وست و دلۆڤانی خودا) وە گوتایانە، یان نوسیویانە لە درۆیەکی گەورە و فریوێکی زەبەلاح زیاتر چیدی کە نییە.

ڤۆڵتێر گشت جیهان بە کاتژمێرێك دەزانێت، کە بە ڕێخستنێکی سەرسامکەر درێـژە بەکاری خۆی دەدات. جیهانی بوون لەڕاستیدا هەمان کاتژمێرەو

خوداش هەمان کاتژمێر ڕێخەرە. کاتژمێر ڕێخەر، کاتژمێرەکەی کوك کردوەو وەگەڕخستوەو کاری بەسەریەوە نییە.

لە سیستەمی فەلسەفی ڤۆڵتێردا، خوداپەرستی و لە خوداترسان و سروش و ئیلهامی ئاسمانی و پیرۆزبوونی کتێبگەلی ئاینی و هەقیقەت بێژی پێغەمبەرانی ئاسمان و ڕۆژی دوایی و گەڕانەوەی ڕۆح بۆ جەستەی مردوان و پەرجووی ئاینی و ویست و دلۆڤانی خودا بوونیان نییە، ڤۆڵتێر بە هەموو توانایەوە گاڵتە بەم ئەندێشانە دەکات و زیاتر لە 70 ساڵی تەمەنی بەرەنگاری ئەم بیرانە دەبێتەوە.

لە فەلسەفەی ڤۆڵتێردا، (مەسیح) بە شێوەیەکی تەواوەتی وەلاخراوەو کتێبە پیرۆزەکان پێکەنیناوی دەردەکەون، ئەندێشەی ژیانی نەمری مرۆڤ و گەڕانەوەی ڕۆح، ڕووبەڕووی گاڵتەجاڕی دەبنەوە. ڕابەڕانی ئاینە پەکتاپەرستەکان و ڕۆحانییەکان بە تەڵەکەبازو درۆزن و دەزگای ئاینی و ئاینزاکان بە دوکانی فریو ناو دەبات.

ئاین و ئاینزای ڤۆڵتێر تەنیا(ئەخلاق)ە ، لە سیستەمێکی ئەخلاقی لەم جۆرەدا پێوەرە مەزنەکانی هەمان حەقیقەتگەلی ئاشکران، کە بۆ تێگەیشتنیان نە پێویستیان بە خوداو نە بە پێغەمبەرانە. ئەم حەقیقەتە ئاشکرایانە تەنیا( دادپەروەری) و (چاکە) و (ڕاستگۆی)ین، لەڕوانگەی ڤۆڵتێرەوە تاقە فەرمانی خوداوەند بۆ مرۆڤ ئەوەیە دەڵێت ((دادپەروەربە)).

ڤۆڵتێر لەنیوەی دووەمی تەمەنیدا، بەرەنگاربوونەوەی ئاگرین و بێکۆتای لەگەڵ دەزگای ئاینی و ئاینزاکاندا توندترو بەرفراوانتر دەکات. کاتێ کلێسای کاسۆلیك ئازارو ئەشکەنجەکانی دژ بە پرۆتستانەکان توندتر دەکات، ڤۆڵتێرێك کە هەمیشە خۆش مەشرەب و قسەخۆش و تەنزنوس بووە، لە ناکاو بەتەواوی توڕە، لە ڕادەبەدەر جدی دەبێت. ڕووی دەمی لە کەڵە پیاوانی سەردەمی خۆی (دیدرۆ- دالامبەر)دەکات و دەنوسێت:

(( وەرن! ئەی دیدرۆی بوێر! دالامبەری بێباك! یەکبگرین. دەمارگیران و تەڵەکەبازان لەناو ببەین. بانگەشەی تەوەزل و ڕوانگەی سەفسەتەبازانی

لاکەوتە و هەڵیت و پەڵیتی لەڕادەبەدەر و درۆکردن لە مێژوودا بکوتین. لێمەگەڕێن بەئاگایان کۆتی بەندی نائاگایان بن. نەوەی داهاتوو لە لۆژیك و ئازادی خۆیاندا قەرزی ئێمەن .))

ڤۆڵتێر دروشمی (ڕسواکان بکوتین) بە گەورەترین دروشمی ژیانی خۆی ڕادەگەیێنێت. ئەم دروشمەی لە کۆتای هەموو نامە و نوسینەکانییەوە دەنوسی.

مەبەست و ئامانجی ڤۆڵتێر لە وشەی (ڕسوا) مەسیحییەتە. هەندێکیش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە مەبەستی ڤۆڵتێر لەوشەی(ڕسوا)، کڵێسای فەرەنسا یان کڵێساکانی مەسیحییەت بـووە، بەڵام نوسینەکانی ڤۆڵتێر بە ئاشکرا دەریدەخەن، ڤۆڵتێر (مەسیحییەت)ی بە ڕسوایی ناوبردووەو ڕەخنەی لە هەموو ئەندێشەو باوەڕەکانی ئەم دەزگا ئاینییە گرتووە، لە زۆرێك لە نوسینەکانی ڤۆڵتێردا کتێبی پیرۆزی مەسیحیەکان (ئینجیل)ی بە کتێبی لێورێژ لە چیرۆکی منداڵانەو ئەفسانەگەلی بێ بنەما ناساندوەو مەسیحیەتیشی بە خورافەیەکی تەواو ناساندوە. ڤۆڵتێر وەك بێباکترین و بەئاگاترین ڕەخنەگری (ئینجیل) ناوبراوە.

ڤۆڵتێر بێ ئـەوەی بە ئاشکرا ناوی جولەکەو یەهودییەکان ببات، لە بەرهەمەکانیدا بێ ڕێـزی زۆری بەرانبەر کـردون و ئەوانی بە بەرپرسی سەرهەڵدانی مەسیح و پەرەسەندنی مەسیحییەت و هەموو کارەساتە مرۆیەکانی سەردەمانی دوای مێژووی شارستانی زانیووە. ڤۆڵتێر بە پێچەوانەی نوسەرانی هاوسەردەمییەوە، جولەکەکانی بە بکوژانی مەسیح و هەرەشە بۆ نەوەکانی مەسیح نەدەزانی. بەڵگەی ڕەقی ئاگرینی ڤۆڵتێر لە دیاردەی جولەکەبوون ئەوەبوو کە بووەتە هۆی پەیدابوونی مەسیحییەت. ڤۆڵتێر لەو باوەڕەدا بوو جولەکەکان بوونەتە هۆی ئەوەی لە مەسیحەوە شەهیدێکی نەمر دروست بکرێت.

لە ژیانی درێژخایەنی ڤۆڵتێردا، بچوکترین نیشانەی سازانی ئەم نوسەرە لەگەڵ پیاوانی ڕۆحانیدا نابینرێت. ئەم بیرمەندە دژە ئاینە لە هەموو تەمەنیدا

بەڕق و کینەیەکی دێوانەئاساوە ڕووبەڕووی ڕۆحانیان دەبوویەوەو توانای لەڕادەبەردەری، کۆڵی قورسی ئەم بەرنگاربوونەوەیە بوو.

ڤۆڵتێر لە هەموو نوسینەکانیدا ڕابەڕانی ڕۆحی بە شەلاتی و درۆزن و خەڵکی فریودەر و کڵاوچی ناودەبرد. ڕیشەی سەرهەڵدانی ئاینە سامییەکان یان ڕۆژهەڵاتی ناوین، هۆکارەکەی بە نائاگای نەزانی خەڵکی ڕەمەکی دەزانی و دەیوت: ((تا ئەو کاتەی گەمژە و تەڵەکەبازان هەبن، ئاینەکانیش دەبن.))

ئەم بیرمەندە دژە ئاینە، لەو باوەڕەدا بوو کە پیاوانی ڕۆحانی دەزگای ئاین و ئاینزاکانیان کردوە بە دوکانێکی گەورە و لەم دوکانەدا خورافیات دەفرۆشن، بە وەرگرتنی پارە لە گوناهان خۆش دەبەن. کۆشکەکانی بەهەشت بە گەمژە پەروەردەکراوەکانی خۆیان دەفرۆشن، لە کۆتایدا نەك بوونەتە خاوەن سامان و زەوی و ماڵ و موڵك، بەڵکو بەهۆی دەسترۆیشتووی زۆریان لەناو خەڵکیدا، بەجۆرێك دەسەڵاتیان بەدەست هێناوە، لەلایەکەوە تاج لەسەری ئیمپراتۆران دەنێن و لەلایەکی دیکەوە تاج لەسەر پادشاکان دادەگرن.

ڤۆڵتێر دەڵێ گەورەترین هێمای سەرکەوتنی پیاوانی ڕۆحانی لەوەدا خۆی شاردوەتەوە کە توانیویانە خەڵکی لە خودا بترسێن و لە ئەنجامی دروستکردنی ترسێکی لەم جۆرە، خەڵکی نەك تەنیا ڕێز لە ڕۆحانیا دەگرێت، بەڵکو بەتوندیش لێیان دەترسن. هەروا دەڵێت ڕابەرانی ڕۆحی بە بڵاوکردنەوەی خورافیات و ڕێگرتن لە ئاگایی و زانین، شارستانی جۆری مرۆڤیان پیس کردووە، لە نامەیەکیدا بۆ فردریکی مەزنی ئیمپراتۆری پروس دەنوسێ:

((بێگومان ئاینی ئێمە، بێماناترین و گاڵتەجارترین و خوێناویترینی هەموو ئاینەکانەو بووەتە هۆی پیس کردنی دونیا.))

ڤۆڵتێر لەو باوەڕدا بوو ئاینە ئاسمانییەکان، عەقڵ و هەست و لۆژیك و تێگەیشتنی مرۆڤیان داوەتە بەر گاڵتەجاری.

ڕابەرانی ئاینی کە بەردەوام ستایشی هەژاری و ڕازیبوون و لەخوداترسان

و سادەی لەژیاندا دەکەن، خۆیان بە کردار دەوڵەمەندانی مەزنن و لەوپەڕی ئارامی و ڕواڵەت ئاراییدا دەژین. لە بەرهەم و ڕەنجی خەڵکی زەحمەتکێش کەڵك ئاوەژوو وەردەگرن و گاڵتەشیان پێ دەکەن.

ئەم نوسەر ئازادە، باوەڕی بە ئازادی ئاینی و ئاینزای لە کۆمەڵگەدا هەبوو، بە هەموو توانایەوە هـەواداری بنەمای پێکەوەژیانی ئاین و ئاینزاکان و لێبوردەی لە بەرانبەر ئەندێشەی ئەوانی دیکەوە بوو. ڤۆڵتێر دەیوت میللەتی فەرەنسا پێویستە میللەتی بەریتانیا بکاتە سەرمەشقی خۆی، توندوتیژی ئاینی و نەگونجانی ئاینزاکان و دەمارگیری و بیرتەسکی لە بیرکردنەوەیدا وەلابنێت، دەستی بە زانست و زانینی سەردەمی خۆی بگات، بە خوێندنەوەی بیرۆکە زانستییەکانی کۆپەرنیك و کەپلەر و گالیلۆ و نیوتنەوە مژول بێت. زانست و زانین شوێنی ئەندێشەگەلی کۆنی ئاینی و بیروباوەڕی بەسەرچووی ئاینی بگرنەوە.

ڤۆڵتێر مەزنترین بانگەشەکەری بەرنگاربوونەوەی دیکتاتۆرانی زەوی- ئاسمان بوو، پێداگری لە ڕەخنەگرتنی ستەمکاری پاشایەتی- ئاینی دەکرد. ڤۆڵتێر بە بڵندگۆی مەزنی سەدەی هەژدەهەم و بانگەشەکەرێکی بێهاوتا دادەنرێت. ئەم نوسەرە پڕ گوڕوتینە لە نوسینەکانیدا دەیگرماند و بە هاواری قەڵەمە بەهێزەکەی دونیای هزری فەرەنساو ئەوروپای بە لەرزە خستبوو.

## چەند ڕەخنەیەك لە ڤۆڵتێر

هەندێك لەڕەخنەگرانی ئەدەبی ئەوروپا دەڵێن هەرچەندە هەموو نیشانەکانی بلیمەتی ئەدەبی لە ڤۆڵتێردا دەرکەوتبوون، بەڵام ناتوانین ڤۆڵتێر لە هیچ کام لە ژانرەکانی جیهانی ئەدەبدا بە بلیمەت دابنێین. چیرۆك و شیعرەکانی ڤۆڵتێر وەك بەرهەمی نوسەران و شاعیرانی بلیمەت قوڵ و مەزن نیین، لە شانۆنامەکانیدا ستاتیکای ئەندێشەو دەروونناسی کارەکتەرەکانی، ناتوانن کێبەرکێ لەگەڵ هزرو ئەندێشەی شانۆنامەنوسانی مەزندا بکان.

فەلسەفەکەشی قۆڵ و نوێخوازانەو ڕەسەن نییە، تەنانەت هەندێك ڕەخنەگر ڤۆڵتێر بە فەیلەسوف نازانن، چونکە سیستەمێکی فەلسەفی نوێی دانەهێناوە.

ڤۆڵتێر حەزی لە ژیانی خانەدانی پڕ باق و بریق بوو، یەکێك بوو لە گەورەترین زەنگینەکانی سەردەمی خۆی. سەرسەختانە هەواداری سیستەمی پادشایەتی دەکرد و لەو باوەڕەدا بوو، ئەگەر پادشا فەیلەسوف و دادپەروەر بێت، دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا بڕەودەسێنێت.

لە تێڕوانینی فەلسەفی ڤۆڵتێردا، پادشا فەیلەسوف پێویستە دەسەڵاتێکی ڕەهای هەبێت و کۆمەڵگە بەدەستی ئاسنین بەرێوەببات، لە سیستەمێکی لەم جۆرەدا خەڵکی ڕەمەکی شوێنێکیان بۆ دانەنراوەو یەکسانی کۆمەڵایەتی بێمانایە. هەرچەندە ئەم خەباتکارە کۆمەڵایەتییە بەرەنگاری دامودەزگای دیکتاتۆری ئیمپڕاتۆر و پادشاکان دەبوویەوە، بەڵام پارەو دیاری لێوەردەگرتن و هاوڕێیەتی دەکردن.

ڤۆڵتێر گەلێك بێ ڕێزی بە خەڵکی ڕەمەکی کردووە و باوەڕیشی بە حکومەتی خەڵکی یان دیموکراسی نەبوو، لەڕوانگەی ڤۆڵتێرەوە خەڵکی ڕەمەکی ناتوانن خۆیان بەرێوەببەن و لەم بارەیەوە دەڵێت: ((خەڵکی هەمیشە تێنەگەیشتوو و کێوین، خەڵکی وەك گای جووتن، پێویستیان بە جڵەو و لێخورین و کەمێك یونجەیە.))

سەرچاوەکان

1-VOLTAIRE: A BIOGRAPHY OF THE MAN AND HIS .CENTURY, J.Orieux, Dubleday and Co. New York,1979

2- THE PORTABLE VOLTAIRE, B.R.Redman, Viking Press, .New York,1968

3- VOLTAIRE: A CRITICAL STUDY OF HIS MAJOR .WORKS, V.W.Topazio,Random House,1967

.VOLTAIRE: Mason, Hutchinson and Co., London,1975 4-
FRENCH AND ENGLISH PHILOSOPHERS, C. W. Collier 5-
.and Son Corp, New York, 1959
COLLIERS ENCYCLOPEDIA, Edited by W. D. Halsey 6-
.Macmillan Co, 1984
ENCYCLOPEDLA BRITANICA, H. H. Benton Publisher, 7-
.1974-1973

# ڤۆڵتێر یەکەم ڕۆژنامەنوسی مێژووی مرۆڤایەتی گفتوگۆ لەگەڵ یەدوڵڵا مەقن

سازدانی: عەزیم
لە فارسیەوە: تریفە حەکیمی

ناوی «فرانسوا ئارویە » کە دواتر نازناوی (ڤۆڵتێر)ی هەڵبژاردوە، لە ٢١ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٦٩٤ی زایینی لە پاریسی وڵاتی فەرەنسا چاوی بە ژیان هەڵێناوە. خوێندنی لە قوتابخانەی «لویی گەورە» تەواو کردووە، لە ساڵی ١٧١٥دا هۆنراوەی لە دژی «فلیپی دووەم»ی بنەماڵەی «ئورلئان» نوسی کە بووە هۆی دوورخرانەوەی لە فەرەنسا، دوای ماوەیەك لێبوردنی بۆ دەرچوو، بەڵام جارێکیتر تاوانبارو زیندانی کرا. کەچی پاش ئازادکردنی لە زیندان، ژیانێکی خۆش و بەختەوەری هەبوو.

ڤۆڵتێر لەساڵی ١٧٢٣دا، دەربارەی « هنری چوار « چەند هۆنراوەیەکی نوسی و بە ناوی « هونەریاد» بڵاوی کردنەوە، لە ساڵی ١٧٢٤ شانۆیەکی لە پاریس پێشکەشکردووە، لە ساڵی ١٧٢٥ بەهۆی هەندێك هۆکار ناچاربوو پاریس بەجێبهێڵێت و روبکاتە بەریتانیا. لەم ماوەیەدا ئاشنایەتی لەگەڵ هەندێك شاعیری بەریتانی پەیداکردو هەندێك نوسینی بە زمانی بەریتانی بڵاوکردەوە.

ڤۆڵتێر لە ساڵی ١٧٢٩دا گەڕایەوە پاریس و تراژیدیای «بروتۆسی» نوسی، لە ساڵی ١٧٤٨ شانۆی «سەمیرئەمیس» ی بۆ رکابەری لەگەڵ «کەرەبیون» پێشکەش کرد، لە ساڵی ١٧٧٦ رەخنەی لە شکسپییر گرت و هۆنراوەکانی «ئیرەن» «ئگاتۆکل»ی نوسیوە. لە توێژینەوەکانی ڤۆڵتێر دەکرێت ناوی «مێژوی روسیا»، «وەشەنامەی فەلسەفی»، «رۆژگاری لویی چواردەی « بێنین.

بەرهەمەکانی بریتین لە «مردنی قەیسەر» کچی ئۆرلیان « ناڤدێر». ڤۆڵتێر لە 20ی مەی ١٧٧٨ی زایینی بە هۆی کارو ماندوبونێکی زۆر، کۆچی دوایی کرد.

**نامیلکەکانی ڤۆڵتێر**

ڤۆڵتێر دوای بومەلەرزەی «لێسبۆن» توشی ڕەشبینی بوو لەسەر بابەتی خواستی خوایی لەگەڵ ڕۆسۆ کەوتە ململانێوە. «ئەخلاق و ڕۆحی نەتەوەیی». یەکێکیتر لە نامیلکەکانی ڤۆڵتێر «شەڕ، زۆڵم و ستەمە» کە لە مێژووی مرۆڤایەتی کراوە، پیشاندەدات.

ڤۆڵتێر لە هۆنراوەیەکی بە ناوی «نامیلکەیەك دەربارەی غیرەت»، کە لە هەمو مرۆڤایەتی ڕووبەڕوو داکۆکی لە غیرەت دەکات و گەشە بە بیروڕاکانیان دەدات.

ڤۆڵتێر یەکێك بوو لە دیارترین ڕۆشنبیرانی سەدەی هەژدە و سەردەمی ڕۆشنگەری، کە لە سەروبەندی شۆڕشی فەرەنسا کۆچی دواییکرد. هەر چەند لە بارەی فەیلەسوف بوون یان نەبوونی ڤۆڵتێرەوە ڕای جیاواز هەیە، تەنانەت لە هەندێك لە کتێبەکانی مێژووی فەلسەفەدا بچوکترین ئاماژە بە ڤۆڵتێر و بەرهەمەکانی نەکراوە و ناوی نەهاتووە، بەڵام بچوکترین گومان لە دەوری ڕۆشنبیری و بە ناوبانگی و بەرهەمەکانی ڤۆڵتێر لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا نییە.

ویل دۆرانت لە کتێبی مێژوی فەلسەفەدا لە بارەی ڤۆڵتێرەوە بەمجۆرە دەدوێت: «ئیتاڵیا سەردەمی ڕێنسانس و ئەڵمانیا سەردەمی چاکسازی و فەرەنساش ڤۆڵتێری هەیە». بەهای بەرهەمەکانی روشنبیری بەناوبانگ کە ڤیکتۆر هۆگۆ بە «دەرخەری تێکڕای تایبەتمەندیەکانی سەدەی هەژدە»ی دەزانێ، لە پێش چاوی دەسەڵاتداران شاراوە نەبوو بەو ڕادەیەی کە لویی شازدە کاتێك خرایە بەندیخانە و بەرهەمەکانی ڤۆڵتێر و ڕۆسۆی خوێندەوە، وتی ئەم دوو کەسە بە کتێبەکانیان فەڕەنسایان لە ناوبرد.

دکتۆر یەدوڵڵا موقن، وەرگێڕی کتێبی «فەلسەفەی ڕۆشنگەری» بە ئاماژە بە کتێبی «قاموسی فەلسەفی» ڤۆڵتێر، بە بەرهەمێکی دەزانێ کە خەڵکی ئاسایی و چینی نزمی کۆمەڵگا تێی گەیشتون. موقن پێیوایە ئەم مەسەلەیە ڕووی جیاوازی ئینسکلۆپیدیای ڤۆڵتێر سەبارەت بە ئینسکلۆپیدیایەکە کە لەلایەن

دیدرۆ و نوسەرانی دیکەی ئینسکلۆپیدیای سەدەی هەژدە ئامادەو لێکدراوەتەوە، هەروەها بە ئاماژە بە زۆری بەرهەمەکانی ڤۆڵتێر، بە گەورەترین نوسەری دەزانێ کە تا ئێستا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەرکەوتووە.

*** سەرەتا بە رای ئێوە ڤۆڵتێر فەیلەسوف بوو، یان تەنیا بە رۆشنبیرێکی سەردەمی رۆشنگەری دەزانی؟**

- دەبێت پێش هەمو شتێك دەربارەی فەیلەسوف بوون یان نەبونی ڤۆڵتێر سەرنج لە خاڵێك بدەین.

ڤۆڵتێر روانگەیەکی نوێی بۆ جیهان نەبوو، کە تێکڕای راستیەکان بە بنەمایەك ببەستێتەوە. واتە ئەگەر فەیلەسوف بە کەسێك بزانین کە جیهان لەسەر بناغەی بنەمایەك، یان چەند بنەمایەك لێکدەداتەوە، بەم مانایە ڤۆڵتێر فەیلەسوف نەبوو، لە راستیدا کەسێك نەبوو کە لە رووی فەلسەفیەوە لە مەسەلە میتافیزیکەکان وردبێتەوە. بەمەش ئەگەر پێناسەمان بۆ فەیلەسوف، بیرمەندێك بێت کە خاوەن سیستەمێکی هزری و فەلسەفییە و پشت ئەستور بێت بە چەند بنەمایەك، ڤۆڵتێر فەیلەسوفێکی بەم چەشنە نەبوو.

بە دەربڕینێکی باشتر، ناتوانین ڤۆڵتێر وەك ئەفلاتون، دیکارت، سپینۆزا، یان کانت بە فەیلەسوف بزانین. بە هەمانشێوە کە دەزانی ئەمان هەر یەکەیان فەیلەسوفێك بوون کە بە دامەزراندنی بنەماو لێکدانەوەی سیستەمێکی فەلسەفی بە دوای دۆزێنەوەی ڕاستیەکان بوون و چی وا دەستییان لە کاروباری جیهان وەرنەدەدا.

سەرەڕای ئەوەی کە لە پڕۆسەی دۆزینەوەی راستی، زۆر لەسەرخۆ و بەوپەڕی ئاسودەییەوە درێژەیان بە کارەکەی خۆیاندا، لە ڕاستیدا ئەم فەیلەسوفانە لە دورەوە کاریگەرییان لەسەر ژیانی کۆمەڵگا هەبوو، زۆر راستەوخۆ گرفتاری ئەم مەسەلەیە نەبوون کە بیانەوێت جیهان بخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە. کەوایە لەم روەوە ڤۆڵتێر بە فەیلەسوفانی وەك دیکارت، سپینۆزا و کانت بەراورد ناکرێت، چونکە ڤۆڵتێر هەوڵیدەدا راستەوخۆ، دەم و دەست و بێ هۆ کاریگەری هەبێت،

هەروەها هەوڵیدەدا چەندی زووە تا دەکرێت، جیهان لەگەڵ ڕوانگەکانی ڕێکبخات. بە دەستەواژەیەکی ڕونتر، ڤۆڵتێر ئەوپەڕی ڕوداوەکانی جیهان نەبوو، بەڵکو کەوتبوە چەقی ڕوداوەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا، بەڵام بە هەمانشێوە باسمان کرد کە فەیلەسوفانی وەك سپینۆزا، کانت و دیکارت، بارودۆخ و ڕوانگەیەکی وایان بۆ مەسەلەکانی دەوروبەریان نەبووە.

لەلایەکی تر کتێبەکانی ڤۆڵتێر، پڕبوون لە گاڵتەجاڕی، تەنزو گاڵتە پێکردنە دژی ڕواڵەتەکانی دەسەڵات، بەڵام تێکهەڵچونێکی وا لەگەڵ هێماکانی دەسەڵات، لەبەرهەمی فەیلەسوفانی وەك کانت و سپینۆزادا نابینی، کتێب و نامەکانی ڤۆڵتێر جبەخانەیەکە بۆ بە گژداچونەوەی نەزانی، خورافات و پێشداوەریەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێ لە یادمان بچێ کە ڤۆڵتێر لەڕوانگەی کانتەوە، فەیلەسوف بووە. ئەم خاڵە لەو ڕووەوە گرنگە کاتێك فەیلەسوفێکی وەك کانت، ڤۆڵتێر بە فەیلەسوف بزانێت، بۆچی نابێت ئێمە بە فەیلەسوفی بزانین.

*** دەکرێ ئەم خاڵە لە کام بەرهەمی کانتدا بدۆزینەوە؟ واتە دەکرێ ناوبردنی ڤۆڵتێر وەك فەیلەسوف بە شێوەیەکی دیاریکراو لە کام بەرهەمی کانتدا دەستمان دەکەوێت؟ ئایا دەتوانین بۆ پشت بەستن بەم مەسەلەیە ئاماژە بە بەرهەمێکی کانت بکەین؟**

- نەخێر، بە ڕێکەوت ئەم بابەتەم لە بەرهەمەکانی کانتدا نەبینیوە، بەڵام لە کتێبێکی لویی برول ئەم بابەتەم خوێندۆتەوە.

لویی برۆل کتێبێکی بە ناوی «فەلسەفەی مۆدێرن لە فەرەنسا» هەیەو لەوێدا ئەم بابەتە دەخاتەروو کە فەیلەسوفێکی گەورەی وەك کانت، ڤۆڵتێر بە فەیلەسوف دەزانێت، بۆ نابێت ئێمە بە فەیلەسوفی بزانین. دیارە دەبێت سەبارەت بە پرسیارەکەی ئێوەش بڵێم کە بۆ قسەکەی ئاماژەی بە هیچ سەرچاوەیەك نەکردووە، بەڵام بەم حاڵە کەسانی وەك لامارتین، ڤیکتۆر هۆگۆ، ئایزیا بەرلین و زۆرێك لە بیرمەندانی جیهان، ڤۆڵتێریان بە بیرمەندێکی گەورە دەزانی، بە لێکدانەوەی ئایزا بەرلین، ڤۆڵتێر ناودارترین کەسی سەدەی هەژدەهەم بووە، بەڵام تەنیا لە کتێبی لویی برۆل ئەو بابەتەم بەرچاو کەوتووە، کە کانت ڤۆڵتێر بە فەیلەسوف دەزانێت.

*** ئەڵبەتە مەبەست لە فەیلەسوف، فەیلەسوفی سیاسییە. وایە؟**

- نەخێر، پێمواية ڤۆڵتێر کەسێك نەبوە وەك جان جاك رۆسۆ بیەوێت سیستەمێکی سیاسیی نوێ بێنێتەکایە. بەم پێیە ناتوانین فەلسەفەی ڤۆڵتێر بە سیستەمێکی فەلسەفی بزانین، بەڵکو فەلسەفەی ڤۆڵتێر لە بەرهەمەکانیدا گەشەی کردووە، بە بڕوای من دەکرێ فەلسەفەی ڤۆڵتێر لە ڕۆمانەکان، تراژیدیاکان و تەنانەت نامەکانی بە باشی ببینرێت، کە وادیارە پەیوەندی بە فەلسەفەوە نییە، دیارە پێویستە ئاگامان لەوە بێت کە نۆژەنکردنەوەی فەلسەفەی ڤۆڵتێر لە ناو ئەو هەموو نامانە، تراژیدی، رۆمان کارێکی ئەوەندەش ئاسان نییە، بیرمان نەچێت کە کتێبەکانی ڤۆڵتێر لە ٥٢ بەرگدا چاپ و بڵاوکراونەتەوە، کە زیاتر لە سەدەیەکی خایاند، کۆ بەرهەمەکانی بریتییە لە نامەکان و نامەنوسین بۆ یەکتری، ١٠٢ بەرگ ، واتە جیا لە٥٢ بەرگە، ١٠٢ بەرگی دیکەش نامەکان و ئاڵوگۆڕی نامەیە لەگەڵ ١٢٠٠ کەس. بەبڕوای من لەم روەوە دەتوانین ڤۆڵتێر بە گەورەترین نوسەرێك بزانین کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دەرکەوتووە.

*** واتە لە روانگەی زۆری نوسین، دەتوانین ڤۆڵتێر بە گەورەترین نوسەری مێژووی مرۆڤایەتی بزانین؟**

- بەڵێ. رەنگە نەتوانین نوسەرێکی دیکە بدۆزینەوە کە لە روی زۆری بەرهەم، لە ئاستی ڤۆڵتێر دابێت. لەوانەیە باشتر وابێ بڵێین ڤۆڵتێر یەکەم و گەورەترین رۆژنامەنوسی مێژوی مرۆڤایەتییە.

* مەبەستتان چییە کە دەڵێن ڤۆڵتێر یەکەم رۆژنامەنوس بووە؟

- لێرەدا مەبەست لە رۆژنامەنوس کەسێکە دەیەوێ زانست بۆ هەموو خەڵکی سڤیل و ئاسایی روون بکاتەوە. بە واتایەکی تر هەوڵیداوە مەسەلە سیاسی و فەلەسەفییە ئاڵۆزەکان بۆ خەڵك تێگەیەنراو بکات، هەروەها ڤۆڵتێر ویستویەتی بە رووی دەسەڵاتدا بوەستێتەوە و تا توانیویەتی هەوڵیداوە بە گژ نەزانی و کۆنەپەرستیدا بچێتەوە و بیری خەڵکی ئاسایی بگۆڕێت، ئێستا ئەگەر قبوڵمان بێت کە رۆژنامەنوس کەسێکە بە کەڵك وەرگرتن لە قەڵەمەکەی زەین روون بکاتەوە،

بەپێی ئەم شرۆڤەیە، دەتوانین ڤۆڵتێر بە یەکەم و گەورەترین رۆژنامەنوسی مێژووی مرۆڤایەتی بزانین. خاڵێکی تر کە نابێت لە بیرمان بچێت ئەوەیە بێرتراند راسڵ لە سەدەی ٢٠دا ویستویەتی هەمان کاربکات، کە ڤۆڵتێر لە سەدەی ١٨دا کردویەتی. لەبەر ئەوەش کاتێك ویلسۆن، سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتەی بەریتانیا سەبارەت بە راسڵ وتبوی: «بێرتراند راسڵ، ڤۆڵتێری بەریتانیایە.» واتە بەهۆی ئەوەی راسڵ بۆ بەدیهێنانی مافی تاکەکان لەگەڵ دەسەڵاتداران کێشمەکێشی بوو. هەندێك ناویان نابو ڤۆڵتێری بەریتانیا.

*** بەڵام راسڵ لە کتێبی «مێژوی فەلسەفەی رۆژاوا»دا هیچ ئاماژەیەك بە ڤۆڵتێر ناکات و تەنانەت لە ژمارەی فەیلەسوفانی ڕۆژئاواش هەژماری ناکات؟**

- دەی دیارە کاتێکیش راسڵ لەوێ ئاماژە بە بەرهەمەکانی کانت و هیگڵ دەکات، لە راستیدا گاڵتەیان پێ دەکات و بڕوای وا بوو کە بە تەنیا خۆی راست دەکات و بەس، بە رێکەوت ڤۆڵتێر ٣ ساڵ دوردەخرێتەوە بۆ بەریتانیا، لە بەریتانیا کۆمەڵێك بیرمەندو بیریاری وەك جۆن لۆك و نیوتن دەناسێ و تەنانەت دەکەوێتە ژێرکاریگەری فەلسەفەی ئەزمونخوازی لۆکەوە. جێگای سەرنجە لە رەوتی بەناوبانگ بوونی فەلسەفەی لۆك و روانگەی نیوتن، زیاتر لەوەی کە لۆك و نیوتن رۆڵیان هەبێت، ڤۆڵتێرو هەوڵەکانی کارتێکەر بووە، لە راستیدا ڤۆڵتێر بوو کە بووە هۆی ناوبانگی نیوتن و جۆن لۆك لە جیهاندا. بەتایبەت سەبارەت بە ناوبانگ بونی راکانی نیوتن لە فیزیاو شەڕ لەگەڵ فیزیای دیکارتی، هەم لە فەرەنساو هەم لە وڵاتانی تری وەك ئەڵمانیا، دەوری بنچینەیی هەبووە.

*** ڤۆڵتێر لە ناو رۆشنبیرانی سەدەی رۆشنگەری چ پێگەیەکی هەبوو؟**

- بڕوانە بە هەمانشێوە کە وتم ڤۆڵتێر سێ ساڵ دورخرابۆوە بۆ بەریتانیا، لەوێ توانی هاموشۆی لۆك و نیوتن بکات و دواتر کەوتە ژیر کاریگەری راکانیانەوە. پاشان ئەویش راکانی خۆی گواستەوە بۆ کۆمەڵگای فەرەنسا، لە راستیدا دەکرێ بوترێ رۆشنگەری بەهۆی ڤۆڵتێرەوە برایە فەرەنسا کە لە بەریتانیا سەریهەڵدا. ڤۆڵتێر لە کتێبی «چەند نامەیەك دەربـارەی بەریتانیا» توانی راو بۆچونی

بیرمەندانی بەریتانی وەك لۆك و نیوتن بۆ فەرەنسا کێش بکات. ئەم کتێبە کە ناوەکەی تری «نامە فەلسەفییەکانە» بەبێ ئیزنی ڤۆڵتێر لە فەرەنسا بڵاوکرایەوەو ڤۆڵتێر بۆ پێشگرتن لە دوبارە گرتنەوەو ناردنی بۆ گرتوخانەی باستیل، هەوڵیدا لە فەرەنسا رابکات.

بەمەش ڤۆڵتێر دامەزرێنەری ڕۆشنگەری نییە، بەڵکو گەشە پێدەری بووە. بەدیوێکی دیکەدا لە روانگەی لێڕوانینی سیستەماتیك، فەیلەسوفانی وەك لۆك و دالامبێر لە سەروی ڤۆڵتێر و لە پێشیەوەن، بەڵام لەم روانگەیەوە کە قەڵەمێکی رەوان و روون و دڵنشینی هەبوو و دەیتوانی فەلسەفە بە ئاسانی بنوسێت و خەڵکیش بیخوێننەوە و تێی بگەن، کەس بە تۆزی پێی ڤۆڵتێر ناگات.

ویل دۆرانت وتویەتی تیراژی هەندێك لە کتێبەکانی ڤۆڵتێر لەوکاتە گەیشتۆتە 300هەزار نوسخە. واتە چاپی بەرهەمەکانی نوسەرێك ئەویش بە تیراژی ٣٠٠ هەزار نوسخە لە سەدەی هەژدە، مەسەلەیەکی کەم نییە، کە بتوانی بەو سادەییە لە بەرچاوی نەگری.

ئەوەندە بەسە ئێوە ئەم ژەمارەیە بە تیراژی کتێبەکانمان لە ئێستادا بەراورد بکەی، لە وڵاتی ئێمەدا کە لە سەدەی ٢١داین تیراژی کتێبەکان شتێك لە سنوررری یەك دوو هەزار نوسخەیە.

*** پەیوەندی ڤۆڵتێر بە رۆشنبیرانی دیکەی سەدەی رۆشنگەری و نوسەرانی ئینسکلۆپیدیا چۆن بووە، هەروەها ڤۆڵتێر دەوری لە دانانی ئینسکلۆپیدیا دا چ بوە؟**

- بە هەمانشێوە کە دەزانی دیدرۆ ئینسکلۆپیدیای دامەزراند، لە راستیدا نوسەرانی ئیسکلۆپیدیاو سەرۆکەکەیان دیدرۆ، هەوڵیدەدا بیری جیهانیان روون بکاتەوە، بە سەرنجدان بەو پێگەیەی ڤۆڵتێر لە ناو رۆشنبیران هەیبو، دالامبێر و دیدرۆ لە دانانی ئینسکلۆپیدیا بانگهێشتی ڤۆڵتێریشیان کرد تا چەند وتارێکیان لە رووی تۆمارکردنی لە ئینسکلۆپیدیایەکەدا و بڵاوکردنەوەی بۆ بنوسێت. ڤۆڵتێریش بانگهێشتنەکەی قبوڵکرد و هەندێك وتاری خۆی لە ئینسکلۆپیدیاکەدا بڵاوکردەوە،

پاشانیش ڤۆڵتێر لە سەر بنەمای ئەو وتارانە و بە لاسایی کردنەوەی ئینسکلۆپیدیای دیدرۆ و دالامبێر، قاموسی فەلسەفی نوسی.

*** مەبەستتان هەمان کتێبی «قاموسی فەلسەفییە» کە ڤۆڵتێر نوسی؟**

- بەڵی لە راستییدا «قاموسی فەلسەفی» هەمان کتێبە کە دوای هاوکاری ڤۆڵتێر بۆ نوسەرانی ئینسکلۆپیدیا دەستی بە نوسین و دانانی کرد.

* چ جیاوازیەك لە نێوان ئینسکلۆپیدیای دالامبێر و دیدرۆ لەلایەك و قاموسی فەلسەفی ڤۆڵتێر لە لاکەی دیکە هەیە؟ بە واتایەکی دیکە سەرەڕای ئینسکلۆپیدیایەك کە پێشتر دیدرۆ نوسیبوی، ڤۆڵتێر هەستی بە چ پێویستیەك دەکرد تا قاموسی فەلسەفی بنوسێت؟

- بڕوانە ئەو بەرهەمەی کە دیدرۆ و نوسەرانی دیکەی ئینسکلۆپیدیا نوسیبویان، خوێنەرەکانی تەنیا گروپێکی دیاریکراوی خەڵکی دەگرتەوە، بەڵام ئینسکلۆپیدیای ڤۆڵتێر بە هۆی شێوازی دەربڕینی سادەی ڤۆڵتێر هەموو خەڵکی ئاسایی دەیانتوانی کەڵکی لێ وەربگرن.

*** واتە ئەو بەرهەمەی کە لە سەرەتادا لەلایەن نوسەرانی ئینسکلۆپیدیا ئامادە و رێکخرا بوو، زیاتر رۆشنبیران کەڵکییان لێ وەردەگرت، بەڵام قاموسی فەلسەفی ڤۆڵتێر لە خۆگری بەشێکی زۆری گۆمەڵگاو بۆ خەڵکیش تێگەیەنراو بوو؟ لەراستیدا ڤۆڵتێر ئینسکلۆپیدیای خۆی بە ئامانجی سود لێ وەرگرتنی چینەکانی خوارتری کۆمەڵگا نوسی؟**

- بەڵی هەروایە. ئامانجی ڤۆڵتێر ئەوەبوو وتارەکانی بۆ خەڵکی ئاسایی و هەموو کۆمەڵگا تێگەیەنراو بێ و تا بەم شێوەیە بتوانێ بنچینەی نەزانی و کۆنەپەرستی لاواز بکات. هەربەوهۆیەوە کە ویل دۆرانت سەبارەت بە بەرهەمەکانی ڤۆڵتێر دەڵێ هەرگیز فەلسەفە بەم رووبی و ناوبانگییە لە بەرهەمی کەسێکی تردا نەمبینیوە، کە لە بەرهەمەکانی ڤۆڵتێردا هەبووە.

خاڵێك کە لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە ڤۆڵتێر بە هەمانشێوە کە وتم فەلسەفەیەکی نوێ و تایبەتی نەهێناوەتە ئاراوەو سیستەمێکی

تایبەتی نییە، هەرچەند هەموو بەرهەمەکانی بە بەرهەمی فەلسەفی ئاخنراون، بەڵام دۆخی ڤۆڵتێر لە مەسەلەی مێژونوسی جیاوازە. ناکرێ لەم بابەتەدا ڤۆڵتێر بە کەم ئەزمون بزانی، بەڵکو لە راستیدا دامەزرێنەری جۆرێك میتۆدی مێژوونوسییە، لە ڕاستیدا ڤۆڵتێر لە بابەت مێژوو نوسی، بە زەبەلاحێکی ئەم مەیدانە دادەنرێت. پێش ڤۆڵتێر مێژوو لە دابەزینی «ئادەم» دەست پێ دەکاو بە نوح، تۆفانی نوح و هەندێك بابەتی لەم شێوەیەی کۆڵیەوە تا بە سەرهەڵدانی مەسیح و بڵاوبونەوەی کریستیانیەت لە ئەوروپا گەیشت، بەڵام ڤۆڵتێر لە بەرامبەر ئەم مێژوو نوسیەی ئایینی، مێژوونوسی سکۆلاری دامەزراند و سەرەتای مێژوونوسی خۆی لە شارستانیەتی چین و هیند دادەنێت. نەتەوەکانی هیند و چین و هتد مێژویەکی کۆنتریان لەچاو نەتەوەکانی تری ئیسرائیل هەیەو مێژوی ئەوروپا لەچاو مێژوی هیند و چین، مێژوەکەی نوێترە. ڤۆڵتێر ئەم مێژوونوسیەی ناو ناوە «فەلسەفەی مێژوو». مەبەست لە بەکاربردنی ئەم چەمکە، ئەوەیە کە پێویستە مێژوونوس بۆ لێڕوانینی مێژوو هەمان ڕێچکە بگرێتە بەر کە نیوتن بۆ پێداچونەوەی سروشت بەکاری هێنابوو، بە واتایەکی تر دەبێ ڤۆڵتێر بە خولقێنەری شێوەیەك لە مێژوونوسی دابنێین کە ئەمڕۆ پێی دەوترێ مێژووی شارستانیەت.

*** ئایا لە بەرهەمەکانی ڤۆڵتێر کتێبێك هەیە کە بە شێوەیەکی دیار باسی ئەم بابەتەی کردبێت؟**

- بەڵی «نامیلکەیەك سەبارەت بە دابونەریت» کتێبێکە، باسی ئەم بابەتە دەکات.

*** لویی شازدە دوای ئەوەی بەختی ئاوەژوبۆوە و لەسەر کورسیەکەی هێنایانەخوارو خرایە بەندیخانەوە، گوایە کتێبەکانی ڕۆسۆ و ڤۆڵتێری خوێندۆتەوە و دەڵێ ئەم دوو کەسە بە کتێبەکانیان فەرەنسایان لە ناوبردووە، تایبەتمەندی بەرهەمەکانی ڤۆڵتێر و ڕۆسۆ چ بۆ کە لویی شازدە بە هۆکاری لە دەستدانی پادشایەتییەکەی دەزانی؟**

- کتێبەکانی ڕۆسۆ لە بەرەوڕووبوونەوەی ڕوانگەی ئەرتەدۆکسی مەسیحی بوو.

لە لایەکی ترەوە ئامانجی ڤۆڵتێر بەگژداچونەوەی نەزانی و دواکەوتویی بوو، هەربۆیە بەردەوام لەگەڵ دەسەڵات کێشمەکێشی بوو، هەروەها ڤۆڵتێر لەگەڵ کەنیسە ئاوقابو بە زۆر بەرهەمی سەبارەت بە کەنیسە نوسی، کەنیسەی بە هۆکاری رۆژڕەشی ئەوروپا دەزانی و بە تایبەتی فەرەنسا. ئەم بابەتانە بووە هۆی ئەوەی کە رای گشتی بۆ دەسەڵاتداران بە تایبەتی کەنیسەو کۆشکی پادشایی هاندان و بە هۆکاری یەکەمی دواکەوتویی بیرو کۆمەڵگەی خۆیان بزانن. بەم پێیە ئەو بیرۆکەیەی ڤۆڵتێر و رۆسۆ کە بڵاوبۆوە، بووە هۆی ئەوەی کە نەریتی مەسیحییەت لاواز ببێت و خەڵك بە شێوەیەکی نوێ سەیری جیهان بکەن.

# دەروازەیەک
# بۆ ئەندێشەکانی ڤۆڵتێر

امیر عباس امیر شکاری
لە فارسیەوە: وریا غەفوری

فڕانسوا ماری ئۆرۆئێ(١) ناسراو بە ڤۆڵتێر(٢) (١٧٧٨/٥/٣٠ - ١٦٩٦/١١/٢١) نوسەر، وتارنوس، بڕوادار بە هەبوونی خودا و بێبڕوا بە ئایین، فەیلەسوف و ڕۆشنبیری فەڕەنسی زیاتر بەهۆی قسەخۆشی، تیژبیری و پارێزگاری لە ئازادییە مەدەنییەکان بە تایبەتیش ئازادیی ئایین و مافی دادگایی کردنی دادپەروەرانە، ناوبانگی دەرکردووە.

ئەو سەرەڕای سانسۆڕی بەربڵاو و زۆڵمی یاسا نادادپەروەرانەکەی فەڕەنسا، پشتیوانێکی ڕاشکاوی چاکسازیی کۆمەڵایەتییە. ڤۆڵتێر فەیلەسوفێکی مشتومڕ و ڕەخنەییە کە زیاتر خەریکی ڕەخنەی توند گرتنە لە دۆگماتیزمی زاڵ بە سەر کڵێسەو دام ودەزگا فەڕەنسییەکانی سەردەمی خۆی.

ڤۆڵتێر لە ژیانی تایبەتیی خۆیدا سەرەڕای کتێب و وتار، خاوەنی گەلێک نامەی تایبەتییە کە کۆی گشتییەکەی زیاترە لە بیست و یەک هەزار نامە. کەسایەتیی ڤۆلتێر لە ڕێگەی ئەو نامانەی کە نوسیویەتی بە شێوەیەکی باشتر شی دەکرێتەوەو دەناسرێت. هەندێک لە لێکۆڵیاران پێیانوایە؛ وزەو کراوەیی بۆ گۆڕان، سەرنج نەدانە سەر بنەما ئەخلاقییەکان و بە بڕیاربوون بۆ گەورەکردنەوە و دووانە ئاخاوتن بۆ هەڵهاتن لە ڕەخنەی دوژمنان، لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەوە. ئەم وتارە دەپەرژێتە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەندێشەی ئەدەبی، ئایینی و سیاسیی ڤۆڵتێر.

**ئەدەبیات**

ڤۆڵتێر لە ساڵەکانی سەرەتای ژیانیەوە لە بواری هۆنینەوەی شێعردا زۆر بلیمەتانە دەرکـەوت، بە جۆرێک کە دیوانی شێعرەکانی، بە یەکەم بەرهەمی چاپکراوی دێتە ئەژمار. خاوەن ڕاکان دوو پەخشانی درێژی ئانریاد(٣) و قەیرەکچی ئۆرلێئان(٤) لە پاڵ شێعرە کورتەکانی دیکەیدا بە گرنگترین بابەتە ئەدەبییەکانی ڤۆڵتێر دەزانن. گەرچی ڕای گشتی زیاتر پێشوازی لە کورتە شێعرەکانی ڤۆڵتێر دەکات.

ئانریاد بە لاسایی کردنەوەی ویرژیل(٥) بە کەڵک وەرگرتن لە دووبەیتیی یەک ئاهەنگ بەشێوازی ئەلێکساندرین(٦)(هەڵبەت چاککراوەکەی) بە ئامانجی شانۆیی، نوسراوە. هەندێک پێیانوایە کە شیعرەکانی ڤۆڵتێر لە بزواندنی هەستەکاندا سەرکەوتوو نەبووە، تێگەیشتن لێیان زۆر دژوار نییە، بۆیەش پێیانوایە ئەم دوو تایبەتمەندییە کاریگەریی نەرێنییان لەسەر شێعرەکانی داناوە. لە لایەکی ترەوە؛ قەیرە بەرهەمێکی کۆمێدییە کە تێکڕا هێرش دەکاتە سەر ئایین و مێژوو.

زۆربەی پەخشان و ڕۆمانەکانی ڤۆڵتێر، ئاوێتەیەکن لەو نامیلکانەی کە بە شێوازێکی مشت و مڕاوی نوسراون. کاندید(٧)، هێرش دەکاتە سەر گەشبینیی ئایینی و فەلسەفی.

مرۆڤ دەتوانێت لە چل دراو(٨) ڕێکارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی سەردەمی ئەو بناسێت و هەندێکی دی لە نوسینەکانی ڕابواردنە بە کتێبی پیرۆز. لەم بەرهەمانەدا شێوازی پشتبەستوو بە تانەو تەشەری ڤۆڵتێر بە بێ هیچ گەورە کردنەوەیەک بە ئاشکرا دیارە. ڤۆڵتێر هەرگیز بۆ ماوەیەکی درێژ لە خاڵێکدا نامێنێتەوە، ئەو دەمێنێتەوە تاوەکو ئەوەی وتویەتی بە گاڵتەی بگرێت، بە شیکردنەوەی قسە نەستەکەکانی، قاقای پێکەنینی بەرز بێتەوە و هەندێکجاریش لە بیچمەکەیاندا زێدەڕۆیی بکات. بەرهەمە بەناو بانگەکەی واتە کاندید باشترین نموونەی ئەم شێوازەیە.

بەرهەمەکانی ڤۆڵتێر بە تایبەتیش نامە تایبەتییەکانی بە شێوەیەکی بەردەوام هەڵگری وشەی ڕیسوایی(٩) و کورتکراوە، یان پێگەیشتووی دەستەواژەی ڕیسوایی پێشێل بکەنە(١٠)؛ گەرچی ئەم دەستەواژەیە زیاتر بە شێوازێکی خراپ لێکدراوەتەوە. گەورەترین بەرهەمی فەلسەفیی ڤۆڵتێر، فەرهەنگی وشە فەلسەفییەکانە(١١) کە گەلێک وتارو بابەتی کورت لەخۆ دەگرێت، لەلایەن خۆیەوە پێشکەشی ئەنسیکلۆپێدیا (١٢) کراوە. لەم نووسینانەدا، داموودەزگا سیاسییەکانی فەڕەنسا، دوژمنەکانی ڤۆڵتێر، کتێبی پیرۆز و کڵێسەی کاسۆلیکی ڕۆمی بە توندی دەدرێنە بەر ڕەخنە.

**دەئیزم(١٣)**

ڤۆڵتێریش وەک زۆربـەی کەسایەتییە گرنگەکانی بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی ئەوروپا بە دەئیست دێتە ئەژمار.

ئەو پێیوانەبوو کە ئیمانی ڕەها بۆ بڕوامەندی بە خوداوەند، پێویستییەک بێت. ڤۆڵتێر ئاوا دەنوسێت: ئیمان چییە؟ بڕوا بەوەیە کە کامیان ئاشکراو ڕوونە؟ نا لە مێشکی مندا بە تەواوی بابەتێکی ڕوون و ڕاشکاوە کە هەستییەکی پێویست، زاتی، تاهەتایی و زیرەک، بوونی هەیە. ئەمە بابەتی ئیمان نییە، بەڵکو بابەتی عەقڵە.(١٤)

بە ئیلهام وەرگرتن لە ئەندێشەکانی نیۆتۆن و بنەماکانی فیزیای نیۆتۆنی، ڤۆڵتێر لەسەر ئەو باوەڕەیە کە سەرپاکی فەلسەفەی نیۆتۆن، بەپێی پێویست بە مەعریفەی بوونێکی باڵا دەگات، کە ئەفرێنەرو بەڕێوەبەری هەموو شتێکە لە ڕووی ئازادییەوە. لەو ڕووەوە کە بەپێی بنەمای فیزیای نیۆتۆنی، بۆشایی لە پانتایی جیهاندا بوونی هەیە. کەواتە ماددە بە کۆتایەو کۆتا پێویستی بە ئەگەرو ئیمکان هەیە. بەم چەشنە، ماددە، ئەگەری بوونی هەیە و لە زاتی خۆیدا پێویستیی بە ئافرێنەرەو خواوەند ڕاکێشەری و جوڵەی وەک خسڵەتی عەرەزی لە ماددەدا دەستەبەر کردووە.

بۆیە ڤۆلتێر داخڵ بە وتەزای سەلماندنی عەقڵیی بوونی ئافرێنەر دەبێت و هۆکارێک لەسەر بنەمای هۆیەکیی ئامانجدار بۆ ئەم سەلماندنە ئاراستە دەکات. ئەم هۆکارە لەسەر ئەو بونیادە دامەزراوە کە جیهان وەک کاتژمێر، پێویستی بە بوونی خۆڵقینەرێکە لە پێگەی دروستکەری کاتژمێردا.(١٥) بەم چەشنە سیستەمی جیهان دەتوانێ مرۆڤ ناچار بکات، تا وەکو بیر لە ئەندازیار و هەندەسەزانێکی هەمیشەیی بکاتەوە.(١٦) هۆکارێکی دی کە دواتر لە سەر دەستی ڤۆڵتێر خۆی وەلا نرا، گەڕانەوە بۆ بورهانی ئیمکان بۆ سەلماندنی بوونی خواوەند وەک زاتێکی «واجب الوجود»ە. واتە چونکە کەرەستە و ماددەکان «مومکین‌الوجود»ن، بۆ ئەوەی نەیەنە پانتایی بوونەوە، پێویستیان بە واجب الوجودێکە کە کەموکورتیی بوونیان قەرەبوو بکاتەوە، لە جیهانی نەبوونەوە بۆ جیهانی بوونیان بهێنێت و بەمشێوەیە کە بوونی زنجیرەی ماددەی مومکین کاتێک ڕوودەدات کە واجب‌الوجودێک بۆ پلەی بوون بەرزیان بکاتەوەو ئەم واجب‌الوجودە خواوەندە.(١٧)

بەم حاڵەشەوە سەرەڕای پاراستنی پێوەندیی خۆ لەگەڵ دەئیزم، لە هەندێک لە بەرهەمەکانیدا لەوانە؛ کاندید، ئیرادەی خوایی، وەک بابەتێکی گاڵتەجاڕانە سەیر دەکات، پرسیارەکەی سێنت ئۆگۆستین (١٨) کە خۆیشی بێ وەڵام وازی لێهێنابوو، دیسان گەڵالە دەکاتەوە: بۆچی شەڕی زۆر لە ئارادایە [ ئاخۆ] هەمووی لە لایەن خواوەندێکەوە بەدی هاتووە کە سەرجەم خواپەرستەکان پێکەوە لەسەر بەناوکردنی بە خێر ڕێککەوتوون؟

لە وەڵامدا ڤۆڵتێر لایوایە وشەی شەڕ و بەختەوەری خۆیان لێڵ و تەمومژاوین و ئەوەی لەوانەیە بۆ کەسێک شەڕ بێت بۆ سەرەجەم سیستەمی جیهان خێرە؛ ئەویش هاوشێوەی نیۆتۆن لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بەردەوامیی ئەو نەوانەی هەمیشە لە نێو چوون و دیسان سەریان هەڵداوەتەوە، بەشێکە لە سیستەمی جیهانی هەستی. لەو ڕووەوە کە خواوەند هۆی یەکەمین و بوونی کۆتاییەو چەمکی هۆیەکی، بێ بوونی هۆکرد بێمانایە کەواتە جیهان دەبێ تا ڕۆژی ئەبەد لە خواوەندەوە سەرچاوە بگرێت؛ هەرچەند لەبەر ئەگەری خۆی و گرێدراویی بە واجب‌الوجودەوە، خاوەنی

بوونێکی جیا لە بوونی خواوەندە، لەبەر ئەوەی کە شەڕ لە جیهان نابێتەوە، زەرور و پێویست و بوونیشی گرێدراوی یەزدانە، بەڵام چونکە خواوەند بەپێی خواست و ئازادی خەلقی نەکردووە، تەنیا لە حاڵەتێکدا هۆکاری شەڕە کە بە خواست و ئێختیار خەلق کرابێت. بەم چەشنە، خواوەند بەدیهێنەری شەڕ نییە.

ڤۆڵتێر بە ئیلهام لە نیۆتۆن لەسەر ئەو باوەڕەیە کە بە ناوکۆی کەموکورتی مەعریفەی مرۆڤەکان سەبارەت بە سروشت ناکرێ بوترێ کە بۆ ئافرێنەر، ئەگەری ڕامان لەسەر ماددەی بەردەوام مومکین نابێت. بۆیە پێچەوانەی کۆمەڵێک لە فەیلەسوفانی یونان کە لایان وابوو نەفس، بریتییە لە نەفسی عەقڵ و نەفسی هەست، ئەندێشەی ڤۆڵتێر لە سەر ئەو بناغە دامەزرابوو کە چونکە نەفسی هەست، جووڵەی ئەندامەکانی مرۆڤە کەواتە نەفسی ڕۆحانی تەنیا جۆرێک فرەوێژییە بۆ پەردەپۆش کردنی نەزانی. لێرەوە ڤۆڵتێر لەسەر بنەمای ئەم خاڵی گواستنەوە، ڕادەگەیەنێت کە مشتومڕ لەسەر شوناسی میتافیزیک و فەلسەفەی یەکەم، بێ دەرەنجامە. واتە حەقیقەتی ئەو زانستە لای هەمووان ڕوونە و ئەوەی دەمێنێتەوە، خەیاڵاتێکە کە هەرگیز دیاریی ناکرێت.تێگەیشتنی مرۆڤ ئاستێکی هەیە کە دەبێ پێی قایل بێت، لەهەر شتێکدا کە ناتوانێ بیری لێبکاتەوە دەست نەداتە خەیاڵکردن. دەبێ هەست و ئەزمون بکرێتە بناغەی زانست و مەعریفە، ئەوەی لە ڕێگەیەوە بەدی دێت بکرێتە تەوەری ڕامان.

بەم چەشنە وێڕای بەرپەرچ دانەوەی توندی ئایینی تاک شێوە، و بێ بڕوا بە تەواوکەر یان هەر شتێک کە بنەڕەتی لەسەر دەقی ئایینیی تایبەت یان تایبەتمەندییەکی جیاوازو یان سوننەتی وەحی دامەزرابێت، ڤۆڵتێر بڕوای بە جێهانێک هەیە کە تەنیاو تەنیا لەسەر عەقل بونیات نراوە، لەڕاستیدا ئەو ئاوێتەی ڤۆڵتێر لە عەقڵ و ڕێزگرتن لە سروشت دەیدا بە دەستەوە، زایەڵەی پانتەئیزمی (٢٠) هاوچەرخە کە بە شێوەیەکی هەردەم زیادکەر سەرتاسەری سەدەکانی ١٧ و ١٨ ڕێزی زۆری لێگیراوەو وەک فۆڕمی ناسراوی دەئیزم یان پانتەئیزمی ڤۆڵتێری(٢١) ئەمڕۆکە بەردەوامیی هەیە.

ڤۆڵتێر بە لە بەرچاوگرتنی بەرهەمە وەرگێڕدراوەکان لە مەڕ کۆنفۆسیانیزم و ڕێبازی یاساگەرایی وێنای چینیی سیاسەت و فەلسەفە کە بەپێی بونیادە عەقڵییەکان بۆ لێکدانەوەی ڕەخنەگەرانەی ئایینیی بە ڕێکخراوبووی ئەورووپی و ئاریستوکراتی میراتییە، دەستەبەر دەکات.

**مەسیحیەت و ژیاری هیندی**

سەرباری ئەوەی کە ڤۆڵتێر بە ئاتێئیست (٢٢) دانراوە دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەو لە چالاکییە ئایینییەکانیشدا بەشداری دەکرد، تەنانەت لە مولکەکەی خۆی لە فرێنی(٢٣) کڵێسەیەکی هەبوو. یەکەم سەرچاوە بۆ سەلماندنی نەبوونی ئینتیمای ڤۆڵتێر بۆ ئاتێئیزم لە بەیتە شێعرێکی خۆیدا بە ئاشکرا دەربڕاوە:

**ئەگەر خوایەک بوونی نییە، پێویستە دابهێنرێت. (٢٤)**

بـەڵام ئـەوەی سەرجەم بەرهەمەکانی ڤۆڵتێر بخوێنێتەوە، لە هەستە ڕاستەقینەکانی دەگات. هەڵبەت ئەمە بەو مانا نییە، کە ڤۆڵتێر لە لایەنگرانی پابەند بە کڵێسەی کاسۆلیکی ڕۆمییە لەو ڕووەوە کە بە کردەوە کێشەی زۆری لەگەڵ دەمارگرژییە ئایینییەکانی ڕۆژدا هەبوو، بە هەر چەشنە هەر وەک گەلێک کەس لەسەر ئەم باوەڕەن، گومانی تێدا نییە، کە ڤۆڵتێر ئاتێئیست نەبووە. (٢٥)

ڤۆڵتێر، سەبارەت بە دەقە ئایینییەکان، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە کتێبی پیرۆز سەرەتا لە ڕوانگەی یاسایی یان ئەخلاقییەوە سەرچاویەکی باوەڕپێکراو نییە، دووەم ئەوەی کە بە گشتی خوازەیەکە کە هێشتا هەندێک وانەی بە کەڵکی تێدایە، سێهەم ئەوەی کە نەک بەخششی خواوەند بەڵکو بەرهەم و دەستکردی مرۆڤە. ئەم باوەڕە ناوبراوانە سەرباری لە خۆگرتنی بەدناویی کڵێسەی کاسۆلیک، کردەوەی ئایینیی ڤۆڵتێر بەرپەرچ نادەنەوە.

ڤۆڵتێر لایوایە کە ژیاری هێندی، باوانی ژیاری ڕۆژئـاوا (مەسیحییەت و یوهودییەت) بووە و هێندییەکان بە یەکەم فەیلەسوف لە قەڵەم دەدات. ئەو لە

دیکشێنێریی فەلسەفیدا، لەژێر سەردێڕی برەهمەنەکان، دەڵێت: ئایا گریمانەی ئەوە نییە کە برەهمەنەکان، وەک یەکەمی یاسادانەرانی سەر زەوی، یەکەمین فەلەسوفەکان و یەکەمین زانا ئایینییەکان بێنە ئەژمار؟ دواتر پێیوایە کە ئایینی هیند و ئەندێشەکانی برەهمەمەنەکان خاوەن سروشتێکی نەرم و نیان و سەرسوڕهێنەرە و میسیۆنە مەسیحییەکان کە هەوڵی ڕەشکردن و سنوردار کردنی ئەم ئایینەیان داوە، دەداتە بەر ڕەخنەی توند:

ئەمە تەنیا بەشێکی بچووکی گەردون ناسیی برەهماییەکانە. ڕێوڕەسمە ئایینی و پەرستگاکانیان دەیسەلمێنێت کە لەنێوان ئەواندا هەموو شت بە شێوازێک نمایشکارانەیە (تمپیلی). برەهمەنەکانی هێشتا کردەوەی چاک بە ژێر هێمای ژنێک دەزانن کە دە دەستی هەیە، لەگەڵ دە تاوانی ئەخلاقیدا کە دێوەزمەکان هێناویانەتە ئاراوە، دەجەنگێت.میسیۆنەرەکانی ئێمە بە هۆی وێنەی ئەهریمەن و دڵنیاکردنەوەی ئێمە لەوەی کە لە هیندستان ئەهریمەن دەپەرەستن، لە وەرگرتنی ئەم وێنایە لە کردەوەی چاک، کەم وکورتیان نەبووە. ئێمە هەرگیز لە نێو ئەو خەڵکەدا نەژیاوین، بەڵام خۆمان بێ پێویستی و ئەوانیشمان بەدناو کردووە.

پێدەچێت بوترێ کە هەوڵ دراوە ڤۆڵتێر وەک ئازارێک بەرانبەر بە گەلێک لە بڕوامەندانی ئایینەکان نیشان بدرێت، هەڵبەت ئەو بە شێوەیەکی جیهانی بەم خسڵەتەوە ناسراوە. ڤۆڵفانگ ئامایْنۆس مۆتێزارت(٢٦) کە یەکێک لە بڕوامەندە مەسیحییەکانە لە ساڵڕۆژی مردنی ڤۆڵتێردا ئاوا بە باوکی دەڵێت» سەرەنجام ڤۆڵتێری مامۆستای خوێڕییەتی بە نوکە شەق نێردرایە سەتڵی زبڵەوە...(٢٧)

### ئازادی یان ئیختیاری مرۆڤ

ڤۆڵتێر لە نامیلکەی سەبارەت بە مێتافیزیک(٢٨) هەستاوە بە پارێزوانی لە ڕاستیی ئازادی، لە فەلسەفەی نیۆتۆندا(٢٩) دەستیداوەتە شیکردنەوەی شوناسی ئێختیاری مرۆڤ و پۆلێنکردنی بۆ دوو جۆر. جۆری یەکەمی ئێختیاری مرۆڤ لەو بەشەی کاروباردایە کە مرۆڤ خاوەن مۆتیڤێکی تایبەتی بۆ ڕێنوێنی ئەم ئێختیارە

بە شێوەی چالاکییەکی تایبەت نییە لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین، کە مرۆڤ خاوەن ئازادیی ڕەها یانیش ئازادیی کەمتەرخەمییە(٣٠). ئەگەر مرۆڤ بەرەو شوێنێک بکەوێتە ڕێگە و جیاوازییەک نەکات لە نێوان وەستان و جوڵاندا و نە مەیلی بە ئەنجامی کارێک بێت و نە ڕقی لە نەکردنی ئەو کارە بێت، ئەوا ئازادیی کەمتەرخەم دێتەوە ئـاراوە. جۆرەکەی دیکەی ئێختیاری مرۆڤ ئازادیی خۆڕسکە(٣١) بە دەربڕینێکی دی مرۆڤ خاوەن هەندێک مۆتیڤە کە دوا دەرەنجامی غەریزەکانی و دیاریکەری دروستبوونی ئیرادەیەتی.

ڤۆڵتێر بۆ شیکردنەوەی ئازادیی خۆڕسک، لەسەر ئەو بڕوایە کە هەرچۆن هەموو شت هۆکارێکی هەیە، ئیرادەی مرۆڤیش خاوەن هۆکارە، هەر بۆیەش مرۆڤ ناتوانێت شتێک جیاوازتر لە دواییـن ئەندێشەیەک کە بە دەستی هێناوە، بخوازێت، هەر لەم ڕووەوەیە کە لە ئەندێشەکانی ڤۆڵتێردا، لۆک توانای هێنانە زمانی ناوی ئازادیی نییە، چونکە لۆک بڕوای وایە کە ئیرادەی ئازاد تەنیا، هێزی ئەنجامدانی کارێکە کە مرۆڤەکان ویستوویانە. هەربۆیە بە تەنیا یەک ئەندێشەی سێبووری هێنەر بوونی هەیە و ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ بەبێ لەبەر چاو گرتنی جۆری سیستەمی فەلسەفییەکەی و جۆری ئەو چارەنوسەی کە دیاریکەری کردەوەکانییەتی، بەردەوام وەها هەڵسوکەوت بکات کە دەڵێی ئازادە.

ڤۆڵتێر لە دیکشێنێری فەلسەفییەکەیدا، بۆ زیاتر شیکردنەوەی ئازادیی خۆڕسک دەڵێت سەرەڕای نەبوونی ئازادیی ئیرادە، کردەوەکانی مرۆڤەکان ئازادە. گەرچی مرۆڤ کاتێک خاوەن ئازادی هەڵسوکەوتە کە ببێتە خاوەن توانای ئەنجامدانی. ڤۆڵتێر لە فەیلەسوفی ناداندا (٣٢) ڕایوایە کە ئیرادەی ئازاد، قسەیەکی بێماناو زیادەیە، لەبەر ئەوەی کە ئیرادەی ئازاد، ئیرادەی بێ مۆتیڤ و لە دەرەوەی سیستەمی سروشتە. بەمجۆرەش لە جیهانی هەستیدا، کارێکی پشت بەستوو بە هەڵکەوت و سودفە، بوونی نییە، سەرپاکی کارەکان لەسەر بنەمای یاسای هۆیەکیی باڵادەستە لە جیهانی پان و بەریندا. سودفە و

هەڵکەوت وشەیەکە کە مرۆڤ بۆ پەردەپۆش کردنی نەزانیی خۆی سەبارەت بە دەربڕینی هۆکردی ناسراوی هەرهۆیەکی نەناسراو، خۆڵقاندویەتی. لەم ڕووەوە جەبری (٣٣) باڵادەست بە سەر ئیرادە لە گوتاری فەلسەفیی ڤۆڵتێردا خۆ دەنوێنێت، بەو واتایە کە مرۆڤ تەنیا توانای کارێکی هەیە کە هێزی بە کردەوەیی کردنی ئەو کارەی بە دەست هێنابێت.

ڤۆڵتێر بە قەبووڵکردنی جەبری باڵادەست بە سەر ئیرادەی مرۆڤ، هاوڕایی خۆی لەگەڵ لۆک لەم بابەتەدا کە پرەنسیپی ئەخلاقیی خووخدەیی بوونی نییە، دەردەبڕێت. گەرچی ئەندێشە یاسای ئەخلاقی وەلا نانێت. ڤۆڵتێر پێیوایە کە خواوەند مرۆڤی وەها درووست کردووە کە بە تێپەڕبوونی کات، لە پێویستیی دادپەروەری تێدەگات. ئەو سەرەڕای بڕوا بە ڕێژەیی بوونی کاتی و شوێنیی بەها ئەخلاقییەکان، لەو ڕووەوە کە خودا مرۆڤەکانی کردووەتە خاوەن هەست و نەستی بێ‌بڕانەوە و دانەری پێوەندی هەمیشەیی، بڕوای بە ڕێسا ئەخلاقییە گشتییەکان هەیە، کە مرۆڤەکانی سەرانسەری جیهان، بڕوایان پێیەتی. دواتر لەم ڕێسایانەوە، هەوڵی هەڵهێنجانی یاسای بونیاتیی کۆمەڵگای مرۆیی وەک؛ پرەنسیپی ئازار نەدانی هاوشێوەکان کە ژمارەیان کەم و سنووردارە، دەدات.

**ئەندێشە سیاسییەکان**

ڤۆڵتێر لەگەڵ خوێندنەوەی ئەندێشەکانی جۆن لۆکیفەیلەسوفی بەریتانی، دوکتۆرینێک دەدۆزێتەوە کە بە شێوەیەکی تەواو دەقادەقی ئایدیالە پشت بەستوو بە پۆزیتیڤیزم و بەرژەوەندگەراکەی خۆی دێتەوە. ئەو ساتەوەختەی لۆک دەگاتە ئەو بڕوایەی کە پەیمانی کۆمەڵایەتی لە پێشتر نییە، لە مافە سروشتییەکانی تاک، وەک پارێزەرێکی لیبراڵیزم دەردەکەوێت، لەگەڵ ئەوەش ئەمە ئەزمونێکی تاقانەیە کە هەڵدەسەنگێنرێت. بەو واتایە کە هەر شتێک کە تێپەڕ دەکرێت، بە تەنیا گریمانەیەکە. پانتایی هەندێک، هاوئاسۆ و دەقاودەقی پانتایی بەرژەوەندی و پانتایی سەلمێنراوە.

ڤۆڵتێر لەم دوکتۆرینەوە دەست دەداتە ئەنجامگیریی پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی ئەخلاق(٣٤) لای خۆی. ئەرکی مرۆڤ، بریتییە لەوەی کە چارەنوسی خۆی بە دەستەوە بگرێت، هەڵ و مەرجی خۆی باشتر بکات، بە سەقام و دڵنیا بێت و بە ناوکۆی زانست، پیشەسازی، هونەر و بە یارمەتی پۆلیسی باشی کۆمەڵگاکان، ڕێگای خۆی بڕازێنێتەوە. بەم شێوەیەش ڕێگای هاوبەش، بەبێ پەیمانێک کە هەموو کەس، ئامانجەکانی خۆی تێدا ببینێتەوە، مومکین نابێت؛ گەرچی سەرەڕای یاساکانی تایبەت بە هەر وڵاتێک، دادپەروەری کە گەرەنتی پەیمانی ناوبراوە، بابەتێکی جیهانییە. سەرجەم مرۆڤەکان دەتوانن، یەکەم بەهۆی ئەوەی کە سەرجەمیان، بوونەوەری کەم تا زۆر عەقڵبڕن، دووەم بەهۆی ئەوەی کە هەموویان دەتوانن تێبگەن ئەوەی کە بۆ کۆمەڵگا بەسودە، بۆ یەک بەیەکی تاکەکانیش سودمەندە، لە پەیمانی ناوبراو، بونیادی ئایدیایەکی لەم چەشنە دابڕێژن. شایستەیی ئەخلاقی، بازرگانیکردن بە چاکەکانەوە بە ناوکۆی هەست و بەرژەوەندی، بە سەر ئیماندا سەپێنراوە. ڤۆڵتێر ڕایوایە کە ڕێسای ئەخلاق، ڕێسای پەروەردەی بنەماکانی پۆلیسی ناوبراو و خوگرتن بە ڕەچاوکردنی بنەما ناوبراوەکانە.

لەلایەکی دیکەوە، ڤۆڵتێر یەک لە پارێزەرە کۆڵنەدەرەکانی ئازادیی سیاسییە. ئەو هەر وەک مۆنتێسکیۆ، هەڵدەستێت بە پارێزگاریکردن لە هەل و مەرجی ئازادیی باو لە بەریتانیای سەردەمی خۆیدا، بەشێوازی لۆک، ڕایوایە کە دەوڵەت دەبێ ڕێز لە مافی مرۆڤەکان بگرێت؛ گەرچی مەبەستی لۆک لە ئازادیی سیاسی، پێش هەموو شتێک، دابینکردنی ئازادیی ئەندێشە، بە واتای دابینکردنی ئازادیی بۆ فەیلەسوفەکان بوو. بەدگومانیی ڤۆڵتێر بە نیسبەت ئایدیالیستەکان و گاڵتەکردن بە بیرۆکەکانی ڕۆسۆ کە لەسەر بنەمانی یەکسانیی مرۆڤەکان بوو، بە شێوەیەک بوو کە وای لە ڤۆڵتێر کرد لە نامە گۆڕینەوەکانی خۆیدا بگاتە ئەوەی کە چینە نەوی و نزمەکان، بۆ هەمیشە نزم و نەوی دەمێننەوە. ئەو ڕایوایە کە حکومەتی پادشایەتی دەتوانێت هەل و مەرجی باشتر بۆ ئازادی و ڕەوا بوون و سیستەمی باشتر بۆ کردەوەی دادگایی دابین بکات، بە مەرجێک کە هێزی کڵێسە تێکبدرێت

و لە باتیی دۆگماتیزم و چەقبەستوویی و کۆنەپارێزی، ڕووناک بیری بێتە ئاراوە. بێگومان هەرگیز ڕای وا نەبوو کە رزگاری، لەسەرهەڵدانی خەڵکی یان شۆڕشگێڕانە کە پشت بە توند و تیژی دەبەستێت، بێتە ئاراوە. بەم شێوەش گەرچی نوسینەکانی ڤۆڵتێر، هۆکارەکانی شۆڕشی سەدەی ١٨ی فەڕەنسای دابین کرد، بەڵام هەستکردن بە لایەنگریی ئەو لە شۆڕشێکی توند و تیژ، یان دروستکردنی زەمینەکانی شتێکی لەم چەشنە، هەڵەیەکی گەورەیە. ئەو هیچ مەیلی لە هاوئاهەنگ کردنی یاسای بنەڕەتی لەگەڵ ئەندێشە لیبڕالییەکان بەو شێوەی مۆنتێسکیۆ بڕوای پێی بوو، نەبوو. تەنانەت دەتوانین بڵێین کە ئەو زیاتر کەیفی بە زیاتربوونی هێزی پادشایەتی لە دەرەوەی کاریگەریی قەشە مەسیحییەکان بوو. لەم ڕووەوە بێ‌بڕوا بوونی ڤۆڵتێر بە دیموکراسی و هەڵسەنگاندنی وەک بڵاوکەرەوەی نەزانیی جەماوەر، بە یەک لە خاڵە گرنگەکانی ئەندێشەی ئەو دێتە ئەژمار.

ڤۆڵتێر لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە تەنیا پاشایەکی ڕوناکبیر یان لایەنگرێکی ڕوناکبیری دەسەڵاتی ڕەها کە خاوەن ڕاوێژکارانی ڕوناکبیری وەک خۆی بێت، دەتوانێت بە شێوەیەک کە بە سودی ژیربێژانەی پادشا بۆ پێشخستنی دەسەڵاتی خۆی و خێری پاشایەتی و دانیشتوانیەتی، ببێتە هۆی گۆڕانکاری.

ڤۆڵتێر بە شێوەیەکی زاتی ڕای وایە کە حکومەتی پادشایەتی، کلیلی پێشکەوتن، گۆڕین و وەرچەرخانە، لە ئەندێشەی ڤۆڵتێردا؛ بۆرژوازیی فەڕەنسا ئێجگار بچوک و بێ هێزو بێ کاریگەر، ئاریستۆکراتیی، مشەخۆرو گەندەڵە و جەماوەریش، نەزان و دواکەوتوون و کلێسەش وەک هێزێکی چەقبەستوو بەهۆی ئەوەی کە بە باجە ئایینییەکەی (٣٥) یان دە یەکەی (عشریە) دەستی داوەتە سازدانی پشتیوانی بۆ شۆڕشگێڕەکان، بە تەنیا تایەکی تەرازووی هاوسەنگییە.

سەرەڕای ئەوەی لەسەرەوە باسکرا، ناکرێ بگەینە تێڕوانینێکی وەها کە ڤۆڵتێر دوژمنی پێشکەوتن و گەشەسەندنە، بەڵکو ئەو لە کاریگەرترین بڵاوکەرەوەکانی پێشکەوتن بووە کە زیاتر لە پێشکەوتنی سیاسی لەسەر بونیادی سیستەمێکی دیموکراتیک، مەبەستی پێشکەوتنی فیکری، زانستی و ئابوری لەسەر بنەمای

ئەندێشە و هزر بووە. لەو ڕووەوە کە ئەو بڕوای وا بووە کە پادشایەکی ڕۆشنبین، باشتر دەتوانێت هۆکارەکانی پێشکەوتنی زانست و ئـەدەب و قەبوڵکردنی ئەندێشەکان دەستەبەر بکات.

ئەو لە هەندێک نامەدا کە بۆ کاترین(٣٦)، فرێدریک(٣٧) و سێزاری پڕۆس نوسیویەتی، جودا بوونەوەی وڵاتانی هاوبەرژەوەندیی پۆڵەندا و لیتوانی لە یەکدی ستایش دەکات، دابینکردنی ئاسایش لە ڕێگەی کەرستەی سەربازییەوە بە باش هەڵدەسەنگێنێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە ڤۆڵتێرهەر بەو جۆرەی کە پێشتر بە شێوەیەکی بەردەوام لە بەرهەمەکانیدا بە تایبەت لە ئەنسکلۆپێدیای فەلسەفیدا دەریبڕیوە بە توندی لە دژی بەکارهێنانی جەنگ و توندو تیژییە وەک کەرستەیەکی چارەسەرکردنی کێشە و ململانێکان.

ئەو لە سەر ئەو بڕوایە کە جەنگ، کردەوەیەکی جەهەندەمییە(٣٨) و بەکارهێنەرانیشی، بکۆژی گاڵتەجاڕن (٣٩)؛ گەرچی لێکۆڵیاران سەرەڕای ئەم بڕوا ئاماژە پێدراوە، نیشانەگەلێکی ئۆرۆسانترالیزمی(٤٠) پشتبەستوو بە ئاپارتایدی ڕەگەزییان لە بەرهەمەکانیدا دۆزیوەتەوە، بەمشێوە کە ڤۆڵتێر ئەفەریقییەکان بە نەویتر و خوارتر لە ئەورووپییەکان دادەنێت و جووە کۆنەکان بە خەڵکانێکی نەزان و بەربەر (وەحشی) لە قەڵەم دەدات. ئەو لە شوێنێکی دیکەدا، سیاسەتەکانی فەڕەنسا لە باکوری ئەمەریکا بەهۆی ئەوەی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی فەڕەنسا دابین ناکات، بە توندی دەداتە بەر ڕەخنە، بە بڕوای ڤۆڵتێر وڵاتی فەڕەنسای نوێ، پارچە زەوی کەم بەفر یان وڵاتێکی خاوەن چەند ئارپان(٤١) بەفرە (٤٢) کە بەرهەمەکانی کەمێک زیاتر لە خورییە و لە بەرانبەر ئیمپراتۆرییەتی بەریتانیا پێویستی بە پشتیوانیی فراوان و بەردەوامی سەربازییە.

لە ڕۆژی ئەمڕۆدا، ڤۆڵتێر بە ناوکۆی بەرهەمە بە ناوبانگەکەی، کاندید(١٧٥٩) یان خۆشبینی(٤٣)، ناوبانگێکی زۆری دەرکردووە کە لەم نوسینەدا فەلسەفەی لایبنێتز دەکاتە گاڵتەجاڕ. کاندیدیش سانسۆڕ کراو ئەو بە نامەیەک کە تێیدا سەرلەنوی مشت و مڕە سەرەکییەکانی ناو دەقەکەی دەسەلماندەوە، بە شێوەیەکی

گاڵتەجاڕانە بانگەشەی ئەوەی کرد کە نوسەری  ئەم کتێبە کەسێک بووە بە ناوی دکتۆر دۆمەد(٤٤).

لەگەڵ ئەمانەش، ڤۆڵتێر لە فەڕەنسا بیرمەندێکی مشتو مڕکاری بەجەرگە کە بە شێوەیەکی بێ سنور لە ڕێگەی مافە مەدەنییەکان (مافی دادگایی کردنی دادپەروەرانە و ئازادیی ئایین)، لە تێکۆشانێکی بێوچاندا بووەو دووڕوویەکان و زۆڵم و زۆرداریی دەسەڵاتی کۆنی(٤٥) داوەتە بە ڕەخنەی توند. ڕێژیمی کۆن، هاوسەنگیی نادادپەروەرانەی دەسەڵات و باجەکان لەنێوان چینی یەکەم (زانا ئایینییەکان)، چینی دووهەم (دەوڵەمەندەکان و خانزادەکان) و چینی سێهەم (جەماوەر و چینی ناوەندی، کە قورسایی باجەکان زیاتر لە سەر شانی ئەمانە بوو) لە خۆوە دەگرێت.

ڤۆڵتێر لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە مەرجی ئازاد بوون ئەوەیە کە مرۆڤ تەنانەت بۆ دەربڕینی ئازادانەی ئەندێشەکانی دژبەرەکەشی، گیانی خۆی ببەخشیت. هەر بۆیەش لە زمانی ئەوەوە وەهای دەگێڕنەوە: من لە دژی قسەکانی ئێوەم، بەڵام تا مردن پارێزگاری لە مافی ئێوە بۆ دەربڕینی ئەندێشەکانتان، دەکەم.(٤٦)

**دوا وتە**

گەرچی گەلێک لە لێکۆڵیاران، پێیانوایە کە ئەندێشەکانی ڤۆڵتێر لە خۆیدا هەڵگری نوێگەرایی لە پانتایی فەلسەفەدا نییە، زیاترڕایان وایە کە لە لۆک و نیۆتۆن کاریگەری وەرگرتووە، بەڵام وا دیارە کە سەرنجدانە سەر ئەندێشەکانی ڤۆڵتێر کە تایبەتمەندیی سەرەکییان دەربڕێنی بیرو ڕاکان لە ڕیگەی دەستەواژەو ڕستەی گاڵتەجاڕانەیە، هەروەها دەوری ئەم ئەندێشانە لە پێکهاتنی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا کە یەکێک لە ڕووداوە کاریگەرەکانی جیهانە، خاوەن گرنگییەکی تایبەت بێت. دژایەتییەکانی لەبەرانبەر کڵێسە، کاریگەرییەکی ئێجگار زۆری لەسەر جەماوەری خەڵک دانا و تێکۆشان لە دژی ئایینی دەسەڵاتداری و کڵێسەیی کردە ئامانجی خۆی. هەندێک لە لێکۆڵیاران ئەوەندە دەچنە پێش کە

گەلێک لە یاسا توندڕەوە دژە ئایینییەکانی سەردەمی فەڕەنسای شۆڕشگێڕ بە بەرهەمی ئەندێشەکانی ڤۆڵتێر و هاوڕاکانی ئەو لە قەڵەم دەدەن.

پەڕاوێزەکان:

1-François-Marie Arouet

2 –Voltaire

3 -Henriade

4 -La PucelledOléans

5 -Virgil

6 -Alexandrine

7 -Candide

8 -LHomme aux quaranteecus

9-linfâme

10-écrasez linfâme

11-Dictionnaire philosophique

12-Encyclopédie

١٣- وشەی DEISM بە واتای بڕوامەندی بە خواوەند بەبێ قەبوڵ کردنی ئایین دێت.

١٤- هەڵبەت هەندێک دەڵێن ئەم ڕستانە هی ڤۆڵتێرن: ئێمە دەتوانین ئەگەر ئێوە بتانەوێت باس لە هەبوونی خواوەند بکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی ناخوازم لە کاتی خەودا بدزرێم و سەرم ببڕن، دان بە خۆمدا دەگرم کە بەر لە هەموو شتێک ئیزنی خزمەتکارەکانم بدەم.

15 -Luniversmembarrasse, et je ne puissonger

Quecettehorlogeexiste et nait point dhorloger

un éternelgéomètre- 16

١٧- هەڵبەت زۆر پێشتر لە ڤۆڵتێر ئەم بورهانە لە لایەن فەیلەسوفانی ئێرانی وەک ئیبنی سینا و فارابی سەبارەت بە بوونی خواوەند، گەڵالە کراو ناکرێ ڤۆڵتێر یان جۆن لۆک بە داهێنەری ئەم ئەدێشە بزانرێت.

18-Augustinus

théistes– 19

٢٠- وشەی pantheism بە واتای بڕوا بوون بە هەمە خواوەندی

21 -Voltairean pantheism

٢٢- وشەی atheism بە واتای نکۆڵی کردن لە خواوەند و هەڵگەڕانەوە لە ئایینە و وشەی atheist بە واتای نکۆڵێ کەری خواوەند و هەڵگەڕاوە لە ئایین دێت (الحاد و ملحد)

[23] -Ferney

[24] -siDieunexistaitpas,ilfaudraitlinventer.

٢٥- گەلێک کەس لەسەر ئەو بڕوایەن کە ڤۆڵتێر بەهۆی ڕەخنەگرتنی زۆر لە کڵێسەی کاسۆلیکی ڕۆمی، ئاتێئیستە، هەندێکیش ڕایان وایە کە شەڕی ڤۆلتێڕ لەگەڵ دەزگای کڵێسەدا شێوازێکی ئەم دونیایی هەیە کە بوونی خواوەند ناگرێتەوە.

[26] -Wolfgang Amadeus Mozart

[27] -The arch-scoundrel Voltaire has finally kicked the bucket.

[28] -Traité de métaphysique

[29] -Philosophy de Newton

[30] -liberty of indifference

[31] -spontanéité

[ ] -La Philosophe ignorant

[33] -déterminisme

[34] -morale

[35] -religious tax

[36] -Catherine(17291796-)

[37] -Friedrich(17121786-)

[38] -infernal enterprise

[39] -ridiculous murderers

[40] –eurocentralism

٤١- ئاڕپان یەکەیەکی درێژییە کە ٥٨.٤٧ مەترە.

[42] -quelquesarpents de neige

[43] -lOptimisme

[44] -DrDeMad

[45] -ancien regime

[46] -I disapprove of what you say, but I will defend to the death your right to say it.

# وتە بەناوبانگەکانی ڤۆڵتێر

- درەنگ باوەڕکردن بنەڕەتی ژیرییە.
- تاکو گەمژە و تەڵەکەبازان هەبن ئاینەکانیش دەبن.
- ئازادی واتە پەیڕەوی نەکردن لە هیچ شتێك، تەنیا یاسا نەبێت.
- ئەگەر خودا نەبێت پێویستە بئافەرێنرێت.
- ئایا سیاسەت تەنیا هونەری ئاگایانەی درۆکردن نییە؟
- ئەو حکومەتە باشترینە کە بێکارەکانی کەمترین بین.
- بیرمەند کەسێکە کە کەسانی دیکە بخاتە ناو بیرکردنەوە.
- خەڵکی بەڕاستی شێتن، بەڵام پیاوانی ڕۆحانی لە هەمووان شێترن.
- مرۆڤ شاکاری سروشتە.
- هیچ میللەتێکی هەڵبژاردەو هیچ ڕەچەڵەکێکی لەپێشتر بوونی نییە.
- ئەگەر قەرزاری شەیتان بوومایە ستایشی قۆچەکانیم دەکرد.
- ئەگەر خودا ئێمەی وەك خۆی دروست کردبێ، تاکو ئێستا وەڵامی دلۆڤانی ئەومان نەداوەتەوە.
- سزار ڕاست دەکات: ((بە پارە دەتوانی سوپا دروست بکەیت و بە سوپاش دەتوانی تاڵانکاری بکەیت.))
- جنێودان لە چاو بەڵگەهێنانەوەدا ئاسانترە.
- پاپا بتێکە هیچ کارێکی لێناوەشێتەوە، بەڵام خەڵکی قاچەکانی ماچ دەکەن.
- هیچ میللەتێك مافی گاڵتەکردنی بە میللەتانی دیکە نییە.

• بۆ گەیشتن بە ئاسودەیی دەبێ جەستە وەرزشکاران و مێشکی زانایانت هەبێت.
• پیاو دواهەمین ئاژەڵی ماڵی کراوە.
• شەڕ گەورەترین تاوانە لە جیهاندا، بەڵام هەڵگیرسێنەرانی بە پاساوی دادپەروەری و ئازادی هەڵیدەگیرسێنن.
• بکوژان سزا دەدەن، بەڵام ئەگەر مرۆکوژی دەنگی تەپڵ و کەڕەنایی لەگەڵدا بێت شانازی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.
• ئەگەر دەتەوێت هەرگیز بیر لە خۆکوژی نەکەیتەوە، هەمیشە سەرقاڵی کارکردن بە.
• خودایە! من لە ئازاری دۆستەکانم بە دوور بگرە، خۆم چارەی دوژمنانم دەکەم.
• یەکەمین ڕۆحانی یەکەمین جامباز بوو، کە ڕووبـەڕووی یەکەمین نائاگایی بوویەوە.
• پایەبەرزی پیرۆز بەناوی (ڕێکەوت)ەوە، لە بارەی هەموو شتێکەوە بڕیار دەدات.
• دەمارگیری پێکهاتەیەکە لە خورافیات و نائاگایی، نەخۆشی هەموو سەردەمەکان بووە.
• مرۆڤەکان یەکدی تاڵان دەکەن و دەکوژن، بەڵام لەهەمانکاتدا خەریکن ستایشی یەکسانی و ئاشتەوایی دەکەن.
• هاوڕێیەتی لەگەڵ پیاوی گەورەدا دیارییەکی بەهەشتییە.
• شیعرێك کە پەیامی حەقیقەتێکی وروژێنەر لەخۆنەگرێ، شیاوی خوێندنەوە نییە.
• ئەوەی بە چاو دەیبینین و بیرکاری دەیسەلمێنێت هەقیقەتە، سەبارەت بە هەموو بابەتەکانی دیکە پێویستە بڵێین(نازانم).
• تەنیا کەسێك سود لەسێداردانی تاوانباران وەردەگرێت ئەویش جەلادە، پێویستە تاوانباران ناچار بکرێن کار بۆ خەڵکی بکەن.
• لەسەردەمی ئاشتیدا دوو بنچینە دەبنە هۆی وێرانبوونی جیهان: یەکەمیان تۆمەتی بێ بنەماو ئەوی دیکەیان دەمارگیرییە، تاکو دواهەمین دەمی ژیانم لەگەڵ هەردووکیان دەجەنگم.
• ڕابەریکردنی خەڵك بە هاوکاری ئەو باوەڕەی کە هەیانە ئاسانترە لە چاندنی بیرێکی نوێ لەناو ئەواندا.

• هەندێك لە مێژوونوسان وەك ئەو ستەمكارانەن كە  مرۆڤەكان دەكەنە قوربانی دیكتاتۆرێك.

• گۆی زەوی وەك هۆڵێكی گـەورەی شانۆیە، كە تێیدا شانۆنامەیەك، بەڵام بەناوگەلی جیاواز نمایش دەكرێت.

• ئاینەكان وەك گەمەی شەترەنج و ماروپەیژە وان، لە ئاسیاوە بۆ ئەوروپا هێنراون.

• فرمێسك خەمێكە لە بێدەنگیدا دەدوێت.

• لە ڕۆمای كۆنەوە تاكو ئێستا، میللەتێك ناناسم لە سایەی سەركەوتنی شەڕەوە بە مەزن گەیشت بێت.

• مێژووی مرۆڤایەتی چیرۆكی تاوانباران و بەدبەختانە.

• میتافیزیك گفتۆگۆیەكە لە نێوان دوو كەسدا، كە یەكێكیان نازانێت چی دەڵێت و ئەوی دیكەشیان سەر لە قسەكانی بەرانبەرەكەی دەرناكات.

• دەڵێن خودا هەمیشە پشتیوانی سوپای بەهێزترەكانە.

• مامۆستا بە خوێندكارانی دەڵێت خودا هەیە، بەڵام نیوتن بوونی خودا بۆ بیرمەندان دەسەڵمێنێت.

• فەیلەسوف پێویستە هەمیشە دوو سێ پەناگای هەبێت، بۆ ئەوەی لە شەڕی سەگەكان پارێزراو بێت.

• ئەی خودایە! ئەو كەسەی كە خۆی بە عاقڵ دەزانێ ئاخۆ چەندە نەزان بێت؟

• عاشقی حەقیقەت بە و لە تاوان خۆش بە.

• تەنیا شەلاتییەكان دڵنیان... گومانكردن دۆخێكی خۆش نییە، بەڵام دڵنیابوونیش دۆخێكی بێمانایە.

• ئەوەی كە پێی وتراوە (ئیمپراتۆری پیرۆزی ڕۆم)، نە ئیمپراتۆر بووە و نە پیرۆز و  نە ڕۆمای.

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | رێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | رێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی‌فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن-شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |